حامید گەوهەری

# کوردی ئێزدی لە مێژووی کوردستان دا

هەولێر: ٢٠١٦

ناوی کتێب : کوردی ئێزدی لە مێژوو کوردستان دا
نوسینی : حامید گەوهەری
تایپ: حامید گەوهەری
هەڵەگر: کەمال گروێسی
مۆنتاژ : هەژار گەوهەری
وێنەی سەربەرگ: دەزگای ڕێژیار: ساسان ڕەئووف
چاپی یەکەم: هەولێر
ژمارەی سپاردن

# پێڕست

| | |
|---|---|
| پێشەکی | 5 |
| کورتەیەک لە مێژووی کوردی ئێزدی | 11 |
| ئایینی کوردی ئێزدی | 16 |
| کتێبی پیرۆزی ئاینیی ئێزدیی | 38 |
| دوو کتێبی پیرۆزی جیلوە و مەسحەفا ڕەش | 49 |
| جەژن و بۆنەکانی کوردی ئێزدی | 65 |
| جوغرافیا و ڕێژەی کوردی ئێزدی | 75 |
| پەرستگەی لالەش | 79 |
| حکومەتی هەرێمی کوردستانو چالاکیی خوێندنو ڕۆشنبیری لەناو کوردی ئێزدی دا | 86 |
| پێوەندی ئاینی ئێزدی لەگەڵ ئاینەکانی تر | 93 |
| هەوڵ بۆ نەهێشتنی کوردی ئێزدی | 99 |
| بەشداریی کوردی ئێزدی لە شۆڕش و بزوتنەوەکانی کوردستان دا | 120 |
| شەنگال و حەفتاوچوارەمین فەرمانی پاکتاوکردنی کوردی ئێزدی | 124 |
| کوردی ئێزدی ، کانتۆن و حشدی شەعبی | 144 |
| پاشبەند | 157 |
| سەرچاوەکان | 204 |
| بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر | 206 |

# پێشەکی

باسکردن لە کوردی ئێزدیی ئاماژەکردنە بۆ کۆمەڵێک کورد کە پەیڕەویی لە ئایین و داب و نەریتی ئێزدایەتی دەکەن و وەک خۆیان دەڵێن: **(هەموو ئێزدییەکان کوردن، بەڵام هەموو کوردەکان ئێزدی نین.)** کوردی ئێزدیی بەدرێژایی مێژووی ژیانیان، بە دوو تاوانی نەتەوەیی و ئایینیی کەوتوونەتە بەر هەڕەشە و پەلاماری نەیاران و داگیرکەرانی کوردستان و کچ و ژنیان ئەتک کراوە، ماڵ و گوند و شاریان وێران کراوە و لە بێدەنگییەکی سامناکدا پاکتاوی نەتەوەیی و ئایینی کراون و بۆ ئەو مەبەستەش تا ئێستا ٧٤ فەرمانی قەڵاچۆکردنیان بەسەردا سەپاوە.

پەلاماری دڕندانەی ئەم جارەی دەوڵەتی ئیسلامی "داعش" بۆسەر کوردە ئێزدییەکان لە قەزای شەنگال و داگیرکردنی ئەو شارە و گوندەکانی دەوروبەری و چیای شەنگال لە ٢٠١٤/٨/٣ دا کە کارەساتێکی مەزنی مرۆیی لێکەوتەوە، حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و بەگشتی هەموو گەلی کورد و مرۆڤدۆستانی جیهانی هەژاند و کاتێکیش ڕۆژی ٢٠١٥/١١/١٣ شەنگال بە بەشداریی ٧٥٠٠ پێشمەرگە بە فەرمانداریی ڕاستەوخۆی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە داعش پاککرایەوە، چاوی میدیا و کامێراکانی جیهان کەوتە سەر برا کوردە ڕەسەنە ئێزدییەکانمان و دەرگای هاوکاریی مرۆیی و پەنادان و لە ئامێز گرتنیان کرایەوە.

دوای داگیرکردنی شەنگال و گوندەکانی دەوروبەری لەلایەن داعشەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەجی ١٧ کەمپی لە پارێزگای دهۆک، دوو کەمپی لە پارێزگای هەولێر و دوو کەمپیشی لە پارێزگای سلێمانی بۆ ئاوارەکانی شەنگال و ژمارەیەک لە خەڵکی بەعشیق و بەحزان دانا کە ئەوانیش کەوتبوونە بەر پەلاماری داعش. حکومەت بە تێبینییەوە بەشێک لە کەمپەکانی لەو جێیانە دانا کە پێشتر حکومەتی بەعسی عێراق لەنێوان سالانی ١٩٧٥- ١٩٨٧دا گوندەکانی وێران کردبوون و لەو کۆمەڵگایانەدا بە زۆرەملی نیشتەجێی کردبوون. لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجێلا

مێرکێل ڕاوێژکاری ئەڵمانیا دەرگای وڵاتەکەی بۆ کوردە ئێزدییەکان و ئەو کۆمەڵە کورد و عەرەبانەی سوریا والا کرد کە بەر پەلاماری داعش کەوتبوون.

ئەو کارەساتەی بەسەر کوردە ئێزدییەکاندا هات، هەموو میدیاکانی باشوری کوردستان و دەیان قەڵەم بەدەستی کوردی هاندا کە هەرکامەیان بە گوێرەی دەرەتان و توانای خۆیان، وتاری جۆراوجۆر لەسەر کوردی ئێزدیی بڵاوبکەنەوە. منیش لەگەڵ دەربڕینی خەم و پەژارەم بۆ برا ئێزدییەکانمان و دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کوردستان کە بەر پەلاماری داعش کەوتوون، لەسەر پێشنیازی برای ئازیزم ڕێزدار تەها بەرواریی بەرپرسی نوسینگەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیارمدا بەنوسینی ئەم کتێبە مێژووییەی بەردەستتان سۆزی خۆم بۆ خوشک و برا ڕەسەنە ئیزیدییەکانم بخەمە بەر دیدی خوێنەران و لێکۆڵەرانی کورد و لایەنێکی کەمی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆم سەبارەت بە نەتەوەکەم بەجێ بگەیەنم.

پێویستە بڵێم بۆ نوسینی ئەم کتێبەم، جگەلە کەڵکوەرگرتن لە کۆمەڵێک بەڵگەنامە و کتێب کە لە دەقی کتێبەکەدا بەرچاوتان دەکەوێت، کەڵکم لە زانیاریی ئەم زانایانەی خوارەوەی ئاینی ئێزدییش وەرگرتووە، لەگەڵ سوپاسی بێپایانم بۆیان، هیوادارم لێکۆڵینەوەکەم جێگەی سود بێت و گۆشەیەکیش لە کتێبخانەی کوردی پڕبکاتەوە و هەروەها سوپاسی برایانەم ئاراستەی کاک کەمال گروێسی، هەژار گەوهەری و مامۆستا شەمۆ قاسم دینانی دەکەم کە ئەرکی بژار و دیزانی کتێبەکەیان بۆ کردوم:

- **دوکتۆر مەمۆ پیر فەرمان پیر عوسمان**: پیری گەورەی ئێزدیان دوکتۆرا لە ئەدبیاتی زمانی ئینگلیزی لە برلینی ڕۆژئاوا. لە سەردەمی حکومەتی گواستنەوەی "کاتی" ئەیاد عەلاویدا بۆ ماوەی ساڵێک ٢٠٠٤-٢٠٠٥ وەزیری کۆمەڵگای مەدەنی عێراق بووە، چوار ساڵ لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی

کوردستان بووە و ئێستا بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیات و ماموستای زمان و ئەدەبیاتی زمانی ئینگلیزییە لە زانکۆی دهۆک.

- **شێخ شامۆ شێخۆ**: شێخی ئاینی ئێزدیە، دەرچووی بەشی ئەعدادی لە زانکۆی سەلاحەدین، ئەندامی خولی هەشتەمی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی دەستەی مادەی ١٤٠ی پەرلەمان و سەرۆکی دەستەی باڵای بنکەی لالەش لە کوردستان.

- **خرتۆ حاجی سمایل "بابە شێخ"**: شارەزای ئاینیی ئێزدییە. باوک و باپیر و مامی بابە شێخ و مەرجعی ئاینی ئیزیدییەکانی کوردستان و جیهان بوون. خۆشی گەورە پیاوی ئایینی ئێزدییەکان و مەرجعی ئاینییە و بە هەڵبژاردن کراوە بە بابە شێخ. ئەرکی پێشگرتنە لە ئاژاوە و لێکدابڕان لەنێو ئێزدییەکان و ئامۆژگاریی کردنە کە ئێزدییەکان ڕێز لە خۆیان و خەڵکی تر بگرن. هەڵبژاردەی ئەنجومەنی باڵای ئاینیی ئێزدییەکانە بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی کوردی ئێزدیی.

- **حازم تەحسین بەگ**: دیپلۆم لە بەشی کشتوکاڵ، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زانکۆی سەلاحەدین یاسای خوێندوە، لە ٢٠٠٩- ٢٠١٣دا ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە. ئەندامی دەستەی باڵای ئەنجومەنی کوردی ئێزدییە لە کوردستان و جێگری میر تەحسین بەگ میری گەورەی ئێزدیەکانی جیهانە.

- **حەسەن سلێمان " بابە چاوێش"**: سەرپەرشتکاری خزمەت کردنی لالەش و ئەندامی دەستەی باڵای ئەنجومەنی کوردی ئێزدیی و خۆبەختکەری پەرستگەی لالەشە.

- **دوکتۆر سەعید خودێدا**: دوکتورا لە مێژووی هاوچەرخ، چوار کتێبی مێژوویی بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ڕوسی بڵاوکردوەتەوە و ئێستا ماموستایە لە کۆلیجی زانستی مرۆڤایەتی زانکۆی دهۆک و هاوکات بەڕێوەبەری تۆماری گشتی زانکۆی دهۆکە.

- **کۆڤـان ڕیسـان حەسـەن "کۆڤـان خـانکێ"**: ماجستەرە لە زمـان و ئەدبیاتی کوردی و شارەزا لە مێژوو و ئاینی ئێزدییەکان.

- **ئەندازیاری میکانیک عیزەدین سەلیم باقەسری**: شارەزا لە مێژوو و ئاینی ئێزدییەکان.

- **پێشـمەرگە نەجـیم ئەلیـاس عەبـدی**: بەرپرسـی پێشـمەرگە خۆبەخشەکانی پارێزگاریی کردن لە پەرستگەی لالەش.

- **کەریـم سلێمان حـاجی "کەریـم سلێمان"**: دەرچووی بەشـی یاسـا و سیاسەت لە زانکۆی دهۆک. شارەزای مێژوو، ئایین، کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردی ئێزدیی.

- **شـەمۆ قاسم دینـانی**: سـاڵی ١٩٥٤ لە دهـۆک "سمێڵ" لەدایک بووە، بکالریۆسی مێژووی لە زانکۆی موسڵ هەیە. دوو کتێبی لەسەر ئێزدییەکان بڵاوکردوەتەوە، سەرپەرستی پسپۆریی ئێزدییەکانە لە بەڕێوەبەرایەتی گشـتی دهـۆک و ئەنـدامی دەسـتەی بـاڵای بـنکەی لالەشـە لە دهـۆک و سەرنوسـەی گۆڤـاری لالەش و ڕۆژنـامەی دەنگـی لالەشـە لە کوردسـتان و شارەزایە لە مێژوو، ئایین و داب و نەریتی کوردی ئێزدیی.

- **سەعید جردۆ مەتۆ**: بکالریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی و مامۆستای پەیمانگا لە شەنگال، شارەزا لە ژیان، سیاسەت، کەلتوری کوردی ئێزدیی.

- **دوکتـۆر موئیـد بەرەکـات حەسـەن**: دوکتـۆرا لە بەشـی دەوڵەت و سیاسـەت، مامۆسـتا لە زانکـۆ دهـۆک، شـارەزا لە ژیـان و ئـاینی کـوردی ئێزدیی.

- **دوکتۆر سلێمان فانۆ حەجی**: ساڵی ٢٩٧٣ لە گوندی تربکا لە ناحیەی سـنونێ لەدایـک بـووە سـاڵی ١٩٩٧- ١٩٩٨ لە زانکـۆی موسـڵ بروانـامەی پزیشـکی بەیـتەری بەدەسـتهێناوە. نـاوبراو جـگەلە کـارکردنی لە بـواری پزیشکی بەیتەریدا سەرۆکی لقی بنکەی لالەشە لە ناحیەی سنونێ.

- **خـدر کەلـو دوملـی**: ماجستەر لە بەشـی ئاشتیو ململانێ لە زانکـۆی هاوبەشـی دهـۆک و نیویـۆرک، بەڕێـوەبەری ڕاگەیانـدنی زانکـۆی دهـۆک و

ڕاهێنەر و ڕاوێژکارە لە بواری کەمینەکان و میدیا لە کوردستان و عێراقدا، شارەزا لە مێژوو و بەسەرهاتی کوردی ئێزدیی.

**- شـێخ عەلـۆ خەلەف:** زانـای ئـایینی ئێزدیـی، زانـا لە مێـژوو و کۆمەڵایەتی کوردی ئێزدی و کوردی موسڵمان و ئاینەکانی تر. شارەزا لە بەرخۆدانی پێشمەرگەکانی ناوچەی ئێزدییەکان.

**- نەمر کەچۆ هەسام "حاکم نەمر":** خاوەن بروانامە لە بەشی یاسا لە بەغدا، جێگری داواکاری گشتی و سەردەمێکیش حاکم بووە. وەزیری هەرێم بووە لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و ئەندامی دەستەی دەستوریی هەرێمە بۆ دارشتنەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان.

**- ڤیان دەخیل:** ماجستەر لە تاقیگە و بەرگریی پزیشکی، کەسایەتی چالاک لە بواری داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان و کوردی ئێزدیی لە عێراق. ئەندامی پەرلەمانی عێراق. ئەم خانمە ئێزدییە، کاتی داگیرکردنی شەنگال لەلایەن داعشەوە، بە وتەکانی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دنیای سەبارەت بە کارەساتی شەنگال هەژاند.

**ئەرشەد حەمەد:** ساڵی ١٩٨٣ لە کۆمەڵگای شاریا لەدایک بووە، ساڵی ٢٠١٠ ماجستەری لەسەر مێژووی ئایینی ئێزدی لە زانکۆی دهۆک وەرگرتووە. ئێستا مامۆستای زانکۆی دهۆکە لە بەشی مێژوو. لە هەمانکاتدا ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوەیە لە بنکەی لالەش.

**عەلی جۆقی عەیدۆ:** ساڵی ١٩٨٤ لە کۆمەڵگای شاریا لەدایک بووە و بنەماڵەکەی خەڵکی گوندیی وێرانکراوی سینان بووە. ساڵی ٢٠١١ کوردستانی بەجێهێشتوە و چووەتە بریتانیا و لە بەشی ئەدەبیاتی کوردی ئێزدیدا ماجستەری وەرگرتووە و لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠١٣ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و ئێستا لە بەشی مێژووی کوردی دا مامۆستای زانکۆی دهۆکە. هاوکات ئەندامە لە لیژنەی لێکۆڵینەوەدا لە بنکەی لالەش.

**دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا:** ساڵی ١٩٦٦ لە هەولێر لە دایکبووە. ساڵی ١٩٩٤ دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی چووە بۆ دەرەوەی وڵات و لە

بەشی مێژوودا لە فەرەنسا دوکتۆرای وەرگرتووە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و پۆستی جێگری سەرۆکی ئەکادمیای کوردی لە هەولێر وەرگرتووە و تا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا پترلە ٤٠ کتێب و نامیلکەی لەسەر مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی نوسیوە و کتێبی پیرۆزی ئێزدییەکانی لە فەرەنسییەوە کردوە بە کوردیی و دووجار لە ساڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠١٢ بڵاویکردوەتەوە و لەودا گەلێک بەڵگەی گرنگی داوەتە دەست خوێنەرانی کورد.

**چنار شەمۆ قاسم:** ساڵی ١٩٩١ لە کۆمەڵگای خانکێ لەدایک بووە، خاوەنی دیپلۆمی کامپیۆتەر و مامۆستای کامپیوتەرە لە بەشی لاتیندا و ئەندامی ئۆفیسی بەشی ئافرەتانی لالەشە و لەو بەشەدا بە کردەوە بۆ مافی ئافرەتان و بەتایبەتی ئافرەتانی ئێزدی خەبات دەکات.

حامید گەوهەری

# کورتەیەک لە مێژووی کوردی ئێزدی

کوردی ئێزدیی "ئێزدی" بەو کوردانە دەگوترێت کە پەیڕەوەی لە ئاینی ئێزدی "ئەز- دایی" دەکەن. چونکە جگەلە نەتەوەی کورد هیچ نەتەوەیەکی تر لە دنیادا هەڵگری ئاینی ئێزدی نییە، باسکردن لە مێژووی کوردی ئێزدیی، باسکردنە لە مێژووی نەتەوەی کورد کە کوردی ڕەسەنن و بە ڕای بەشێک لە لێکۆڵەران، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ مادەکان و ئارییەکان و هەندێکیش دەڵێن کوردەکان پاشماوەی سۆمەرەکانن. لەو بارەیەوە دوکتۆر مەمۆ پیر فەرمان پیر عوسمان پیری گەورەی ئێزدییەکان دەڵێت:

**- (مێژووی ئێزدییەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین، کاتێک فەلسەفەی هیندیی هات بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دوو هەزار پێش زاییندا ئایینی کورد وەک فەلسەفەی میترائیەکان بوو، میترائییەکان خاوەنی خودای خۆیان بوون و پەیڕەوی دیالێکتی سەربازی و پیاوانە بوون و ئەو ئایینە تا ڕۆما چوو و نزیکەی ٣٠٠ ساڵ حوکمی کرد و دواتر جیابوونەوە دروست بوو ٥٥٠ ساڵ پێش زایین ئایینی زەردەشتی دروست بوو لەنێوان خودای خێر "ئەهورامازدا" و خودای شەڕ "ئەهریمەن". ئەوە دینێکی سیاسیی بوو زەردەشت دین و سیاسەتی تێکەڵاو کرد.)**

بەشێک لە زانایانی ئێزدی، کوردی ئێزدی بە پاشماوەی ئارییەکان دەناسن، بەڵام من ڕاموایە کوردەکان لە هیچکام لەو نەتەوانە نین، بەڵکوو بەرلە هاتنی مادە ئارییەکان و سۆمەرەکان بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوان لەو هەرێمەدا نیشتەجێ بوون، نەک کۆمەڵێک بووبن و دواتر هاتبن و زمان، کەلتور و داب و نەریتی خۆیان بەسەر دانیشتوانی هەرێمەکەدا سەپاندبێت و لە بواری فەلسەفیشەوە ئەمەیان پەسەندترە کە کوردەکان بەرلە هاتنی سۆمەرەکان و ئارییەکان، لەو هەرێمە بوون کە ئەمڕۆ کوردستانی ناوە[1].

ئەگەر ئەو تیۆرییە بسەلمێنین کە کوردەکان پاشماوەی مادەکانن، ئەوە دەبێ بڵێین، مێژووی ژیانی کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ سێ تا شەش هەزار

ساڵ بەرلە زایین، واتا ئەوەی زانایانی ئایینی ئێزدی ئاماژەی بۆ دەکەن. لە بەردەوامیی ئەو مێژوویەدا، وڵاتی کوردان هەر جارەی لەژێردەستی ئیمپڕاتۆرێکدا بووە. سۆمەرەکان لە نزیک کەنداو، بابل لە بەشی ناوەندی فورات و دیجلە، ئاشور لە نەینەوا و پارسەکان. لە هەزارەی دووەمی بەرلە زایین، چەند پاشایەک کە ناوی سانسکریتیان هەبوو لە "بەین النهرێن" حوکمیان بەدەست بووە کە ئەویش ئاماژەیەکە بە بوونی هیند و ئەوروپایی لە هەرێمەکەدا و بەو واتایەیە کە مادەکان لە ڕەگەزی هیند و ئەوروپایین.

ساڵی ٧٠٠ پ ز مادەکان بە سەرۆکایەتی "کەی ئەخشارشی مەدی"(٢) کوڕی فرائورتش Phraortes "خشتەرِیتە کە خاوەن حکومەت و دەسەڵات بوون، بەهۆی کوروشی پارسی "ئاستیاگس"، جێنشین یان بە وتەی هێرودۆت، کوڕی کەی ئەخشارش لە دەوروبەری ساڵی ٥٥٠ پ ز لە حکومەت کەوتن. بەو گۆڕانە دەوڵەتی هەخامەنشی جێی دەوڵەتی مادی گرتەوە. ساڵی ٥٤٧ پ ز، کوروش "کروئسوس" پاشای لودیە "لیدی" هێنا ژێر فەرمان و بوو بە فەرمانڕەوای هەرێمەکانی ناوەند و ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووک، پاشان هێرشیکردە سەر بابل، سەرەتا سوریا و دواتر لە ساڵی ٥٣٩دا بابلیشی گرت. ئیمپڕاتۆری هەخامەنشی کە پایتەختەکەی لە پیرسپۆلیس لە نزیک شیرازی ئەمڕۆ بوو، تا ساڵی ٣٣١ پ ز دەوامی کرد.

لەو ساڵەدا، دارای سێیەم لە شەڕی گەورەی هەولێر "ئاربلا" Arbela دا بەدەست ئەسکەندەری مەزن شکا. لە ڕاستیدا ئەم شەڕە لە نزیک گوندی کریستیان نشینی "کەرەم لەیس" ڕوویدا کە لە موسڵ و شەنگار نزیکترە تا هەولێر. بەم جۆرە کوردستان بوو بە بەشێک لەو ئیمپراتۆرانەی کە دوای ئیمپراتۆریی هەخامەنشی بەدەسەڵات گەیشتن وەک: سلوکییەکان ٣٣١-١٢٩ پ ز، ئەشکانییەکان ٢٧٤ پ ز تا ٢٢٦ ز، ساسانییەکان ٢٢٦ ز تا ٦٣٩ی زایینی و حوکمدارییەتی عەرەبەکان لە ٦٣٦ تا ١٥٢٦ زایینی. سەرئەنجام لە سەدەی شانزدەیەم و بە دوای شەڕی چالدران لەنێوان ئیمپڕاتۆرەکانی عوسمانی و سەفەری سنوری نێوان ئیمپڕاتۆرییەکانی عوسمانی و سەفەوی

تا ڕادەیەک جێی گرتو لە ساڵی ١٥١٤وە سێ بەش لە چواری بەشی خاک و نەتەوەی کورد کەوتە ژێردەسەڵاتی عوسمانییەکان و یەک بەش لە چوار بەشی خاک و نەتەوەی کوردیش چووە ژێردەستی ئێران.

سەرەڕای سیاسەتی ناوەندگەرای عوسمانییەکان و سەفەوییەکان، لە کۆتایی سەدەی ١٨ و سەدەی نۆزدەیەمی زایندا، چەند میرنشینی کوردیی بەشێوەی خودموختار لە: بۆتان، هەکاری، بادینان، سۆران، بابەن لە عوسمانیدا و موکری و ئەردەڵان لە ئێران هەبوون. ئەو میرنشینانە خاوەنی دەزگای بەڕێوەبەریی حکومەت و هێزی پارێزەری نیشتمانی بوون بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان، بەڵام نەیانتوانی یەک بگرن و لەسەر دەسەڵاتێکی هاوبەشی نەتەوەیی پێک بێن و دەوڵەتی کوردیی دامەزرێنن. سەرئەنجام دەوڵەتانی تورک و ئێران بە کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندی حکومەتەکانیان، لەنێوان ساڵانی ١٨٣٧- ١٨٥٢، کۆتاییان بە میرنشینەکانی کورد هێنا.

گرنگترین بزوتنەوەی کورد بۆ ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ "عوبەیدوڵای نەهریی" لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا بوو. شێخ کە ڕێبەرێکی ئایینی و کەسایەتییەکی ناسراوی سیاسی کورد بوو، ساڵی ١٨٨٠ بە هاوکاریی "بەحری بەگ بەدرخان" توانی سەرۆک خێڵەکانی زەرزا، گەورک، مامەش، پیران و مەنگوڕ لە یەکتر نزیک بکاتەوە و بە دروشمی ئازادکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، ناوچەکانی ماکۆ، خۆی، سەلماس، ورمێ، شنۆ، مهاباد و مەراغە ڕزگار بکات. لەشکری شێخ گەیشتە تەورێز، کەچی لەوێ دەوڵەتی ئێران شکاندی و ناچاری کرد بەرەو سنوری تورکیا پاشەکشە بکات کە لە لایەن تورکەکانەوە دەستگیر کرا. تورکەکان سەرەتا شێخ عوبەیدوڵایان لە ئیستەنبوڵ دەستبەسەر کرد و دواتر گواستیانە بۆ مەکە و ساڵی ١٨٨٢ شێخ لەوێ کۆچی دوایی کرد.

یەكەم داخوازیی چاكسازیی بۆ مافی نەتەوەی كورد، لە بەهاری ساڵی ١٩٠٧دا لەلایەن شێخ عەبدولسەلام بارزانیی دووەم و سەرۆک هۆز و گەورەكانی كورد لە ماڵی شێخ نورمحەمەد بریفكانی پێشەوای تەكیەی قادری لە "بریفكان" نوسرا و لە ئەستەمبوڵ ئاراستەی بابی گەورەیان كرد كە داخوازەكەیان قبوڵ نەكرا. سەرۆک عەشیرەتەكان خۆیان لێ كشاندەوە و عوسمانییەكانیش، شێخ عەبدولسەلام و سێ هەڤاڵی ئەویان گرت و ڕۆژی ١٩١٤/١٢/١٤ لە موسڵ لە سێدارەیان دان.

لە ڕەوتی جەنگی یەكەمی جیهان، لە مانگی مای ساڵی ١٩١٦دا، ئەو بەشەی كوردستان كە لە ژێردەستی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بوو، بە پێشنیازی دوو نوێنەری بریتانیا و فەرەنسا بە ناوەكانی "مارک سایكس" و "فەرەنسوا ژۆرژ پیكۆ"(٣)، كرا بە سێ بەش. بەشی گەورەی خاک و نەتەوەی كوردیان لەگەڵ توركیا هێشتەوە و دوو بەشەكەیتریان بەبێ ڕەزامەندیی كورد، بەسەر دوو دەوڵەتی هێشتا پێكنەهاتووی عێراق و سوریادا بەشكرد و بەم دابەشكردنە، كورد و كوردستان كرا بە چوار بەش.

هێشتا دابەشكردنەكە بواری كرداریی پێنەدرابوو كە سێ دەوڵەتی ئینگلیز، فەڕەنسا و توركیا لە ساڵی ١٩٢٠دا ڕێككەوتنێكی تریان لەژێر ناوی پەیمانی سێڤەر(٤) واژۆ كرد. لەو ڕێككەوتنەدا گوترابوو ئەگەر كوردەكان بتوانن ولاتی خۆیان بەڕێوەبەرن، ئەوە دوای ساڵێک پارێزگاكانی موسڵ و ئامەد كە باشوری كوردستان و بەشی زۆری باكوری كوردستانی دەگرتەوە، سەربەخۆ دەكەن. ئەوە هەلێكی باشبوو بۆ نەتەوەی كورد، بەڵام دوای بەدەسەڵات گەیشتنی مستەفا كەمال، بە پشتگیریی كوردەكان و دامەزراندنی دەوڵەتی كۆماری توركیا لە ساڵی ١٩٢٢، ئەو ڕێككەوتنەیان بە پەیمانێكی تر كە لۆزان"(٥)ی ناو بوو، پوچەڵكردەوە و بەوەش غەدرێكی مێژوویی لە كورد كرا.

١- ئەگەر بەرمیلێک ڕەنگ لە گۆلێک ئاو بکەیت، دەبینیت ئاوەکە ڕەنگی ڕەنگەکە دەگۆڕێت، نەک ڕەنگەکە ئاوی گۆلەکە.

٢- Cyaxares ئەو ناوەیان بە کەیا کسارس و سپاگزاریش وەرگێڕاوەتەوە. کەی بەرناو بووە و واتای گەورە، مەزن و شەریفی داوە. وەک کەی خەسرەو، کەی کوروش و کەی کاوس. ئەو بەرناوە وەک "کا"ی ئێستا لە زمانی کوردیدا یەک دەگرێتەوە وەک: کا ڕزگار، کا شەریف. بڕوانە لاپەڕەی ٢٣ی کتێبی کورد تورک عەرەب نوسینی سیسیل جۆن ئیدمۆندس و وەرگێڕانی نوسەر.

٣- ڕێککەوتنی سایکس- پیکۆ پەیمانێکی نهێنی بوو لەنێوان بریتانیا و فەرەنسادا کە بە هاودەنگیی لەگەڵ ڕوسیا بۆ دابەشکردنی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە مانگی مای ساڵی ١٩١٦ واژۆ کرا. لە ئاکامی ئەو ڕێککەوتنەدا، عێراق، سوریا، لوبنان، فەلەستین و ئەو بەشەی کوردستان کە لەژێر دەستی ئیمپڕاتۆریی عوسمانیدا بوو، بەشکرا و بەو پەیمانە کوردستان لە دوو بەشەوە بوو بە چوار بەش. ئەو پەیمانە لە دوو ناوی مارک سایکسی بریتانیایی و فەرەنسوا ژرژ پیکۆ پێشکەش کەری ڕێککەوتنەکە وەرگیراوە

٤- دوای دابەشکردنی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی، نوێنەری دەوڵەتانی فەرەنسا، ئینگلیز، ئیتالیا، ژاپۆن و هاوپەیمانان جەنگی یەکەمی جیهان ڕۆژی ١٩٢٠/٨/١٠ لە شاری سێڤەری فەرەنسا کۆبوونەوە و ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرا. شەریف پاشا لە باکوری کوردستان بە نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەی کرد. بەو پەیمانە کە دواتر بە پەیمانی سێڤەر ناسرا، بریتانیا دەیویست باکوری کوردستان لە تورکیا جیابکاتەوە و ئەو بەشە لەگەڵ ویلایەتی "پارێزگا" موسڵ، بکات بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد و خۆشی سەرپەرشتی بکات.

٥- پەیمانی لۆزان ڕۆژی ١٩٢٣/٧/٢٤ لە کۆنگرەیەکدا لە شاری لۆزان لە وڵاتی سویس واژۆکرا، مەبەست لەو کۆنگرەیە باسکردن بوو لە کێشەکانی نێوان تورکیا و یۆنان و پێکهاتنێکی نوێی ئاشتی لەگەڵ مستەفا کەمال، بۆ ئەوەی پەیمانی لۆزان شوێنی پەیمانی سێڤەر بگرێتەوە. لەم کۆنگرەیەدا گەلێک بابەتی تایبەت بە کێشە ناوچەیی و سیاسییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ و سیستەمی تەنکرە دەریاییەکان و کێشەی سیستەمی ئیمتیازی بێگانە و کێشە ئابووری و داراییەکانی وەک قەرزی گشتی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی و پاراستنی بەرژەوەندی ئابووریی دەوڵەتە دەرەکییەکان خرانە بەرباس و سەرئەنجام لە کۆنگرەی لۆزاندا، هاوپەیمانان بە قازانجی مستەفا کەمال، لە پەیمانی سێڤەر و مافی نەتەوەی کورد پاشگەز بوونەوە و کێشەی کوردیان قوڵتر کردەوە.

# ئاینی کوردی ئێزدی

ئایینی ئێزدی، ئاینێکی دێرینی یەکتاپەرستیی، سەربەخۆ و تایبەت بە نەتەوەی کورد و کوردستانە و لە دەسەڵاتدارییەتی میرانی "ئادیان"وە سەرچاوەی وەرگرتووە(١). مێژووی سەرهەڵدانی ئەو ئاینە بەپێی بەڵگەنامەکان و وتەی زانایانی ئێزدی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیبراهیم خەلیل و نزیکەی شەش تا سێ هەزار ساڵ بەرلە زایین. بەو گوتنە، ئاینی ئێزدی هاوکاتە لەگەڵ نیشتەجێ بوونی ئارییەکان لەم هەرێمەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە بە کوردستان دەناسرێت و لەگەڵ ئەو مێژوویەی کوردان یەکدەگرێتەوە کە لەبەشی پێشودا ئامازەم بۆ کرد.

وشەی ئێزدی وشەیەکی زۆر کۆنە و بە هەزاران ساڵە بەشێوەی "ئێ، زی، دی" لەسەر سواڵەت "سێرامیک" نوسراوە و بە وتەی ئاسەوارناسان وشەکە لە گیانی پاک، خۆشەویستی دڵ و ڕێگەی ڕاستەوە سەرچاوە دەگرێت. لە سەردەمی شەمسانییەکاندا کە خۆرپەرستان ناوی "ئێزدا"یان لەسەر پەرستگەیەکیان دانا و ڕێوڕەسمی دینی خۆیان تێدا بەڕێوەبرد، وشەی "ئێزدا" بەناوی خودای بەرز و هێژا و مەزن دێت. مەزدەیەسناش کە دیانەتێکی کۆنی ئارییە بە خودایان گوتووە "یەزدان"، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە "ئێزدی" پاشماوەی ئەو دینە دێرینانەن و دەڵێن: خودا "ئێزی" و لە باوەڕیاندا ئێزی ناوێکە لە ناوی خودا، ئەوەی مەلائیکە و کائیناتی دروستکرد و مرۆڤ و بوونەوەری لەسەر زەوی پەیدا کرد کە ئەوانەش لە تێکستەکانی دینی ئێمەدا بە ڕوون و ئاشکرا هاتووە: ناوی "ئێزی" یەکێکە لە ناوەکانی خودا و "ئێزدی" ئەو کەسانەن کە خودا دەپەرستن و دەڵێن:

سڵتان ئێزی بخۆ پەدشایە
هەزار و ئێک ناڤ ل خۆ دانایە
ناڤی مەزن هەر خودایە(٢)



لەو بارەیەوە ئەندازیار عیزەدین سەلیم باقەسری دەڵێت:

- (مێژوودا ئەسڵی ئاینی ئێزدییەکان بۆ ڕۆژپەرستی دەگەڕێتەوە کە ئاینی موزدەیەسنا و میدییەکانی کۆن بوون. موزدەیەسنا "یاسای حەق" ناوی پێشوتری یاسا بووە، سەرەتا لەوەوە هاتووە و دواتر بەرەبەرە گەشەی کردوە و بەرەو خۆرپەرستی میترایی چووە و پێیان گوتووە قەومەکانی شەمسانی. دوای شەمسانی بەرەو یەزان پەرەستی چوون. ئەوانە بەرلە زەردەشت هەبوون. زەردەشتییەکان لەسەردەمی موزدە یەسنا دا جیابوونەوەیان تێکەوتووە و چونکە زۆربەیان فارس و لە دەوروبەری دەریای خەزەر بوون، بەرامبەرییان لەگەڵ موزدەیەسنا کرد. موزدە یەسناکان کوردەکان بوون و هیچ کامەیان نەیانتوانیوە خۆیان لەژێر فیکر و ئایدیۆلۆژی میترایی ڕزگار بکەن و چونکە مێهرپەرستی "پەرستنی ڕۆژ" لەلای خەڵکی ئەوکاتە زۆر بەهێز بووە لەژێر کاریگەریی ئادیۆلۆژی میترائیزمدا بوون. پاشان لە دەورانی میترایی دا سەردەمی خوداپەرستی سەریهەڵدا و ئیبراهیم خەلیل وەک یەکەم پێغەمبەر داوای خوداپەرستی کرد. لە سەردەمی یەکتا پەرستی دا شێخ ئادی هات بۆ لالەش و دواتر بۆ پاراستنی باوکی چوو بۆ بەعل بەگ لە نزیک شام کە ئێستا سەربە لوبنانە. شێخ ئادی لە سەردەمی عەباسییەکاندا هات بۆ بەغدا و لەوێوە بۆ هەولێر و موسڵ و سەرئەنجام بۆ لای قەومەکانی لە لالەش.)

سەبارەت بە فەلسەفەی خوداناسی لە ئاینی ئێزدیدا ئەندازیار عیزەدین سەلیم باقەسری لە کتێبێکدا کە لەژێر ناوی "مەرگە" بڵاوی کردوەتەوە، دەڵێت: (خودا بە واتای "خو- دا" دێت و لەنێو ئێمەدا بە واتای خۆی خۆی

دروستکردوە، خودا یەکە و وەحدە قەهارە، بێ شەریکە، بێ هەڤاڵە. ئێمە بە خودا دەڵێن ئێزی بە واتای ئەز دایی "من داومە" خۆی پادشایە و هەزار و یەک ناوی لەسەر خۆی داناوە و ناوی مەزن هەر خودایە و یەک لە ناوەکانی ئێزییە.) لە درێژەی وتەکانیدا عیزەدین سەلیم دەڵێت: (خودای ئێمە جیاوازیی لەگەڵ خودا موسڵمانەکان و ئەوانی تردا نییە، لە ئیسلام و مەسیحیەت و جولەکەدا خودا سیاسییە و لەلای ئێمە ئایدیۆلۆژیە و بە ڕای من ئیسلام بۆ عەرەبەکان بزافێکی سیاسی و ئابوورییە بۆ دەسەلات. مێژووی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئێزدایەتی فیکری و ئایدیۆلۆژییە. ئێزدایەتی مێژووی ڕاستەقینەی فیکری و ڕۆحی کوردانە و هیچ ئێزدییەک نییە کە کورد نەبێ، چونکە زمان و بیروباوەڕ و کەلتوری ئێزدییەکان بە تەواوی کوردییە. جگەلەوە هیچ ئێزدییەک نییە کە لە دەرەوەی خاکی کوردستان بێت وەک خاک و ئەوانەی لە دەرەوەی خاکی کوردستانن بۆ نمونە لە ڕوسیا و شوێنی تر، هەموویان کۆچەرن و لە ترسی فەرمانەکان و قەتڵی عام و ژینۆساید کردنیان، خاکەکەیان بەجێهێشتوە.)

ئایینی ئێزدی بەسەر سێ چینی پیر، شێخ و مریدا بەشکراوە. ژمارەی پیرەکان ٤٠ چینی "چقی" پیرن[٣]. شێخەکان ژمارەیان نادیارە، بەڵام ئەوانیش لەنێو خۆیاندا بەسەر سێ چینی "شەمسانی"، "ئادانی" و "قاتانی"دا بەشبوون و بە هەموو نەوەکانی ئەو سێ چینە دەڵێن شێخ. مریدەکان هەموو کۆمەڵگای ئاینی ئێزدی پێک دەهێنن. هەرکام لەو سێ چینانە لە بەڕێوەبردنی ئایینەکەیاندا بەرپرسایەتی جیاوازیان لەگەڵ یەکتر هەیە.

لەنێو پیرەکاندا میر هەیە، میر لە بەرزترین بنەماڵەی ئێزدییەکان و خاوەنی بەرزترین دەسەلاتی دینی و دنیاییە و پشتاوپشت بە میرات ماوەتەوە. میر تەحسین بەگ، میری ئێستای ئێزدییەکانی کوردستان و جیهان و حازم میر تەحسین بەگ جێگری میر تەحسین بەگە[٤].

هەریەک لە بنەماڵەی شێخەکانی "شەمسانی"، "ئادانی" و "قاتانی" خاوەن ئەرکێکی تایبەت بەخۆیانن. "بابە شێخ" لە پلەی یەکەمدا بە دوای میردا دێت و لە بنەماڵەی شەمسانییەکانە و لەنێو چینی شەمسانیدا هەڵدەبژێردرێت و بەرپرسی هەموو کاروباری دینی ئێزدییەکانە. خرتۆ حاجی ئیسماعیل، "بابە شێخ"ی ئێستای هەموو ئێزدییەکانی جیهانە و تەنانەت لە بواری ئایینیدا، میریش پرسی پێدەکات. بابە شێخ نابێ ریشی بتاشێ و مەی خواردنەوە بۆی حەرامە[٥] و ئەگەر بمرێت یان میر لای بدات کە بە دەگمەن هەڵدەکەوێت، بابە شێخێکی نوێ لە بنەماڵەکەی هەڵدەبژێرنەوە. جگەلە پیر، شێخ و مرید، ئاینی ئێزدی لەو چەند پلەیەی خوارەوەش پێکهاتووە:

- **فەقیر:** فەقیر لە بنەماڵەی شێخەکانی "ئادانی"یە. بەو کەسە دەگوترێت کە خێر و خۆشی ئەم دنیایەی بە خێر و خۆشی ئەو دنیا گۆڕیوەتەوە. بە وتەیەکیتر فەقیر تەرکە دنیا، پیاوچاک، ڕوح سوکو ڕەفتار پاکە و نابێ ڕووبەڕووی لێدانەکەی فەقیر بوەستێتەوە. ئەگەر فەقیرێک کە خاوەنی بەرگی تایبەتی "خەرقە"ی لەبەردابێت.

- **قەوال:** قەوال لە چینی مریدە و پلەی ئایینی هەیە. شەرەفی هەڵگرتنی هێمای "تاوسە"[٦] و گێڕانی بەناو گوندەکانی ئێزدی و کۆکردنەوەی خێرات و سەدەقەی هەیە. لە جەژن و بۆنە ئایینەکاندا، قەوال سرودەکانی ئاینی ئێزدی دەخوێنێت و دەف و شەباب لێدەدات. لەو بارەیەدا، کۆڤان ڕیسان حەسەن لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(قەوال کە مریدە و پلەیەکی ئایینی هەیە، تاوس بە گوندەکاندا دەگێڕێ، ڕێوڕەسمی ئایینی ئێزدییەکانیان پێشاندەدات، هەندێکیش بە خۆبەخش دەچن بۆ یارمەتی کۆکردنەوە. پارە کۆکراوەکان دەچێتە سندوقی میر و سەرفی بەڕێوبردنی کاروباری ئێزدییەکان دەکرێت. ساڵی وا هەیە دوو جار لە بەهاران و پاییزاندا تاوس دەگێڕن.)** لەو بارەیەوە حازم میر تەحسین بەگ جێگری میر تەحسین بەگی میری ئێزدیان دەڵێت: **(تا چەند ساڵ**

لەمەوبەر هێمای تاوس تا تەورێز دەچوو، بەڵام ئێستا لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، دەترسن بیبەن. تاوس لە بەهاران و پاییزاندا بە گوندەکان نێو شاری ئێزدییەکاندا دەگێڕن و بەرپرسی ئەو گێڕانەش "قەوالە"یە.)

- دەروێش: بوون بە دەروێش لە ئاینی ئێزدیدا بە خواستی کەسەکانە. ئەو کەسانە خۆیان زیاتر بە عیبادەتەوە دەبەستنەوە و هەموو کەسێک دەتوانێ دەروێش بێت و ئەوان خۆیان تەبەروح دەکەن بۆ خوداپەرستی. بەبێ جیاوازیی لە هەموو چینەکانێ ئێزدییدا دەروێش هەیە.

هەروەکوو گوتم ئێزدییەکان یەکتاپەرستن. دوکتۆر سەعید خودێدا فەلسەفەی دینی ئێزدییەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ قۆناخی خوداوەندی "خودای ڕۆژ" و دەڵێت: (ئەوان گەیشتونەتە قەناعەتێک کە ئەو کەسەی هەموو خوداکانی داناوە، دەبێت کەسێک بێت کە ئەویش خودایە.) بە وتەی پیر حەسەن سلێمان "بابە چاویش" مجێور و سەرپەرشتکاری خزمەتکردنی بنکەی لالەش: (خودا حەوت مەلائیکەی دروستکردوە بە ناوەکانی ئیزرائیل، جبرائیل، دەردائیل، میکائیل، شەمنائیل، عەزازیل و عەزافیل.) ناوبراو لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (ئیزرائیل یان باشترە بڵێن تاوس مەلیک نوێنەرایەتی خودا لەسەر زەوی دەکات.) سەبارەت بەو حەوت مەلائیکانە، شێخ شامۆ شێخۆ، شێخ عەلۆ شێخ خەلەف، سەعید جردۆ مەتۆ و شێخەکانی تری ئاینی ئێزدیی کە من بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ لایان بووم، دەڵێن:

- (خودا بەرلە دروستکردنی دنیا حەوت مەلائیکەی هەبووە. دوای چەندان هەزار ساڵ ئادەم هات. چل هەزار ساڵ بەرلە هاتنی ئادەم، خودا بە مەلائیکەکانی گوتبوو سەری خۆتان بۆ کەس مەچەمێننەوە، کە ئادەم هات ٧٠٠ ساڵ بەبێ ڕۆح مایەوە، دواتر ڕۆژی چوارشەممەیەک خودا فەرمووی: بچن ڕۆح وەبەر ئادەم بنێن و سەری بۆ بچەمێننەوە "سوجدەی بۆ بەرن". لەو حەوت مەلائیکانە شەشیان سەریان بۆ چەماندەوە، بەڵام عەزائیل سەری نەچەماندەوە. خودا لێی پرسی: بۆچی سەرت نە چەماندەوە؟ عەزرائیل لە وەڵامیدا گوتی: چل هەزار ساڵ بەرلە ئێستا

فەرمانت بە ئێمە دا کە سەر بۆ کەس نەچەمێنین، ئادەم کەسە و لە قوڕە و من لە نوری تۆم، نابێ سەری بۆ بچەمێنمەوە، چونکە ئەگەر سەرم بۆ چەماندەوە، شەریکم بۆ تۆ داناوە کە من شەریک بۆ تۆ دانانێم. خودا پرسی: ئەی ئەوانی تر بۆچی سەریان بۆ نەوی کرد؟ عەزرائیل وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەوان وەسیەتی ئێوەیان لەبیر کردوە و من لەبیرم نەکردوە و سەری بۆ دانانوێنم. لەوێوە خودا عەزرائیلی کرد بە سەرۆکی مەلائیکەکان.)

لەو ڕوانگەیەوە کۆڤان خانکێ سەبارەت بەناوی خودا لە ئاینی ئێزدییدا دەڵێت: (ناوی ئێزدی لە ناوی ئەزدا بە واتای خوداوە هاتووە و زیاتر لە بیروباوەڕی هەموو دینەکان، تەعبیر لەو وشەیە دەکات. بۆ نمونە ئەگەر بڵێن ئەڵڵا، ئەڵڵا لە زمانی عەرەبیدا واتای بڵند دەدات و ئەو وشەیە بە دروستی تەعبیر لە خودا ناکات، بەڵام لە زمانی کوردیی ئاییینی ئێزدییدا خودا بە واتای "خۆ، دا" دێت کە واتای "خۆی، خۆی" دروستکرد، "ئەز، دا" بە واتای ئەوەی منی دروستکردوە و ناوی ئێزدییەکان لەو وشەیەی ئەز داوە هاتووە.)

پیر و شێخانی ئێزدی دەڵێن: دینی ئێزدی زیاتر بەستراوەیی بە سروشتەوە هەیە و بە سروشتەوە گرێدراوە و تەنانەت کاتی دوعاکردن بە ڕۆژ، بەیانییان و ئێواران ڕوو لە خۆر دەکەن واتا ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و خۆر ڕێزێکی تایبەتی لە ئاییینی ئێزدییەکاندا هەیە و ئەوانە تەنانەت مردوەکانیشیان بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە قەبر دەنێن.

سەبارەت بە سەرهەڵدانی دینی ئێزدی، شێخ عەلۆ شێخ خەلەف لە وتوویژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(دینی ئێزدی لە ئیبراهیم خەلیل پێغەمبەر[٧] یەکەم پێغەمبەری خودا وەرگیراوە.** ئیبراهیم خەلیل سەرەتا



**ڕۆژی بە خودا ناسیوە و ٤٠ ساڵ سەری بۆ ڕۆژ چەماندوەتەوە، پاشان ڕای بۆلای مانگ چووە و گوتویەتی نا ئەوە خودایە، کە مانگیش چووەو ئەستێرە دەرکەوتون، ئیمانی بە ئەستێرە هێناوەو سەرئەنجام بەو ڕایە گەیشتووە کە ئەوانە زۆرن و ناتوانن خودا بن و گوتویەتی ئەوەی ڕۆژ، مانگ و ئەستێرەی دروستکردوە دەبێ "ئەز دای"ی واتا خودا بێت).** شێخ عەلۆ لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: **(ئیبراهیم خەلیل ١٩٠٠ ساڵ بەرلە موسا بووە، موسا ١١٤٠ ساڵ بەرلە عیسا و ئەمڕۆ ٢٠١٥ ساڵە عیسا نەماوە، یانی پێنج هەزار ساڵە ئێزدییەکان خودا دەناسن.)**

لە جێیەکی تردا، دوکتۆر مەمۆ پیر فەرمان پیر عوسمان کە پیری هەر چل پلە یان چینی ئاینی ئێزدییە و بە پیری گەورەی ئێزدییەکان دەناسرێت و لە تۆرەمەی پیر حەسەن مەمانە لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لە زانکۆی دهۆک ڕۆژی ٢٠١٥/١١/١٦ پێیگوتم: **(مێژووی ئاینی ئێزدییەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین، کاتێک فەلسەفەی هیندیی هات بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دوو هەزار ساڵ پێش زاییندا ئایینی کورد وەک فەلسەفەی میترایی بوو، میتراییەکان خاوەنی خودای خۆیان بوون و پەیڕەویان لە دیالێکتی سەربازیی و پیاوانە دەکرد.)**

هەروەها سەعید جردۆ ڕیشەی ئێزدییەکان دەباتەوە سەر ئایینی میترایی و دەڵێت ٢٠٠٠ ساڵ بەرلە زایین، ڕۆژپەرست بوون و پێوەندیان

لەگەڵ هیند و ئەوروپاییەکانەوە هەبووە و لە نێوان ئۆرال و دەریای ڕەش ژیاون. لێکۆڵەری فەرەنسی Michel Chevalier ڕای وایە کە ئاینی ئێزدی لە سەدەکانی سێزدەیەم و چواردەیەمدا ئاینی نەتەوەیی کوردستان بووە و لەناو هۆزە گەورە و شەڕکەرەکانی کوردی بۆهتانی سەرووی دیجلە و شەنگالدا نیشتەجێ بوون و دواتر بەرەو باکور بۆ ناوچەکانی گۆلی وان و ناوچەو شاری خۆی هەڵکشاون(٨). هەرچی ئەکایمیی "ن. مار" لای وایە کە ئاینی ئێزدی پاشماوەی ئایینێکی بتپەرستی کوردی بەرلە سەردەمی ئیسلامە(٩).

هەندێکی تر دەڵێن ئێزدییەکان سەربە ئایینی زەردەشتن و هەندێکی تر پێوەندیی نێوان میرێکی ئێزدی بە دووەم پاشای ساسانییەکان "شاپووری یەکەم ٢٤٣- ٢٧٣" گرێدەدەن(١٠). لەو پێوەندییەدا دوکتۆر مەمۆ فەرمان عوسمان دەڵێت: (ئایینی ئێزدی تا ڕۆما چوو و نزیکەی ٣٠٠ ساڵ لەوێ حوکمی کرد و دواتر لەناویدا جیابوونەوە دروست بوو. ٥٥٠ ساڵ پێش زایین ئایینی زەردەشتی لەنێوان خودای خێر "ئەهورامەزدا" و خودای شەڕ "ئەهریمەن" دروست بوو کە ئەوە دینێکی سیاسیی بوو و زەردەشت دین و سیاسەتی تێکەڵاوی یەکتر کرد.) هەروەها ناوبراو لە



کتێبی "دراسات فی ماهیه و فلسفه الدیانه الایزیدیه"دا باس لە هاتنی تەسەوف بۆ نێو ئاینی ئێزدی دەکات و دەڵێت: (لە ئاینی ئێزدا خودا خێر و شەڕی بەدەستە و ناکرێ خودا بوونەوەرێک بخوڵقێنێت خۆشی بە دژی بوستێت.) هەندێک سەرچاوەی تر، ڕایان وایە ئێزدیزم کارکتەری سانسکریتی، ئیسلامیی، کریستیانییو یەهودیەتی بەسەرەوە. ل.کراژیوسکی

L . Krajewski لە وتارێکیدا کە لەژێر ناوی "ئاینی شەیتان" ڕۆژی ١٩٣٢/١١/١٥ لە گۆڤاری مێرکوردێ فرانس Mercurede France دەڵێت:

- (ئێزدییەکان هەرگیز نوێژ ناکەن، مەگەر بۆ خۆر. لەوکاتەدا کە بەیانییان خۆر دێتەدەر، ئێزدییەکان دەبێ سێ جار لە بەرامبەریدا سوجدە بدەن و بڵێن: ڕۆژ بە ڕووی مندا دەرهاتووە. ئای چارەڕەش هەستە و واجبی دینیی خۆت بەجێ بێنە! خودا یەکە و شێخ ئادی خۆشەویستی خودایە. سڵاو لە شێخ ئادی! و ئەو قوبەیەی کە ئەو لە ژێریتی، شاهیدی دەدات کە ڕەگەزی ئێزدی لە ئامێزی شێخ ئادی دا سەری بەرز کردوەتەوە. دواتر ئەو جێیە ماچ دەکەن کە یەکەم تیشکی خۆری لێکەوتووە و بەردێک بۆ دیاریی کردنی شوێنی پیرۆزی شێخ ئادی لە زەوی دەنێن و سێ جار بە دەوری بەردەکەدا دەسوڕێنەوە. لەکاتی بەجێهێنانی ئەو ڕێوڕەسمەدا نابێ هیچ کەسێک لە پەیڕەوانی دێن و ئایینەکانی تر بیانبینێت، یان کەسێک لە پەیڕەوانی دین و ئایینی تر ئەو ببینن[١١].)

سەبارەت بە بنەچەی ئێزدییەکان زۆر بیروڕای جیاواز هەیە، بەڵام زانایانی ئێزدی دەڵێن لە سەردەمی کشتوکاڵدا کە مرۆڤ ناچار بە نیشتەجێبوون بووە، فەلسەفە سەریهەڵداوە و کوردەکان دیانەتی میترایيان وەرگرتووە[١٢].

سەبارەت بە زەردەشتی بوونی ئێزدییەکان وەک زانایانی ئێزدی دەڵێن، زەردەشتییەکان، ئێزدییەکان و ئیسلام بە تێکڕا خۆرپەرست بوون، بەڵام کە ئیسلام بۆ ناوچەکە هات، خۆرپەرستەکان بەسەر سێ ئاینی ئێزدی، زەردەشتی و موسڵماندا بەشبوون. لەو بارەیەوە دوکتۆر مەمۆ پیر فەرمان پیر عوسمان دەڵێت: (لەسەرەتادا کوردەکان دیانەتی میترایيان وەرگرت. لە دوو هەزار ساڵ پێش زاییندا هەندێک جەژنمان هەیە کە زەردەشتییەکان نەفی ئەو جەژنانەیان کرد، فارسەکان زیاتر لەگەڵ زەردەشتییەکان کەوتن، بەڵام کوردەکان بەکەمی. لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی ساسانیەکاندا لە ساڵی ٦٤٢ زاینی لەلایەن ئیسلامییەکانەوە شکان، ئیسلام

، ئێـزدی و زەردەشـتی لێـک جیـابوونەوە تـا ئەوکـاتە کوردەکـان خـاوەنی ئایینی میترایی بوون کە ئایینی کوردان بوو. بەڵام کە ئیسلام هات، گوتیان ئەوە ئێزدی و ئەوەش ئیسلامە یان زەردەشتییە. فارسەکانیش میرایی بوون و هەموو بەتێکرا خۆرمان دەپەرست.) هەرلەو بارەیەوە ئێزدییەکان دەڵێن: (سوڵتان ئێزی خۆی پادشایە، هەزار و یەک ناوی لەسەر خۆی دانایە و ناوی مەزن هەر خودایە.)

کـازیوە سـاڵح لە وتارێکیـدا لەژێـر سـەردێڕی "جینۆسـایدی سـایکۆلۆژیی ئێزدییەکـان لـە لایەن کـوردەوە." ئامـاژە بـۆ وشـەی ئێـزدی لـە سـەردەمی سۆمەرەکاندا دەکات و دەنوسێت: (لە یەکێک لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا سـەبارەت بە زمـانی سـۆمەری و کلـدانی و ئاشـوری لـە سـەر یەکێـک لـە لەوحەکانیـان وشـەی ئێـزدی بە پیتـی بزمـاری و لـە سـەردەمی سـۆمەریدا نووسراوە کە کۆنترین شارستانیەتی مرۆڤایەتیەیە. ئەم تەختەیە لە لایەن دکتۆر خەلیل جوندیەوە (١٩٩٨) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی "نحو معرفـة حقیقة الدیانة الایزیدیة" بڵاوبووەتەوە.)(پاشبەندی ١)

لەنـاو لێکـۆڵینەوە مێژووییەکانـدا جـگەلە لە ئـاینی ئێـزدی لە وشـەی ئێزدیش دواون. بەتـایبەتی لـە سـەرچاوە ڕۆژئاواییەکانـدا زۆر وشـەی ئێـزدی دانـراوە، هەنـدیک لـە فارسـەکان وشـەی ئێـزدی بـە "فریشـتە" لێکـدەدەنەوە. بڕێـک "لەسـەردەمی پەهلەویدا" بە واتەی "لەخـوا چوو"یـان لێکداوەتەوە و هەنـــدێکی تـــر لـە ســـانکرێتییەوە وەک واتـەی "شایســـتەی خزمەتکـــاری خوایی"یـان لێکـداوەتەوە. لای ن. مـار وشـەی "ئێزیـدی" لـە وشـەی ئێـزدی پارسییەوە هـاتووە کە واتـای "خـوا" دەگەیەنـێ. پرۆفیسۆر Henri Karman لای وایە وشـەی ئێـزدی تەنیـا واتەی "فریشـتە پەرسـتان" لێکـدەدرێتەوە، نەوەک شەیتانپەرسـتان هەروەکـو ئەوەی لای موسـڵمانەکانەوە هـاتووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە وشەی ئێزدی لە وشەی "ئێزی"یەوە وەرگیراوە و واتەی خوا یان خواوەند دەگەیەنێت.

ئەو بەڵگەیە پێشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ئاینی ئێزدی بەرلە ئاینی زەردەشتی هەبووە. ئاینی زەردەشتی لە سەردەمی داریوشی هەخامەنشیدا کراوە بە دینی ڕەسمی ئێران، بەو جۆرە، دوای هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆسەر ئیمپراتۆریی ئێران لە دەوروبەری ٣٣٠ پ زدا، پێکهاتەی پێشوی ئێران واتا ئاینی میترانی هەڵوەشاوە و کۆتایی پێهاتووە(١٣).

لە کتێبی پیرۆزی ئێزدییەکان، نوسینی ئەنستاس ماری کەرمەلی کە دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا لە زمانی فەرەنسییەوە کردویەتە کوردی، زۆربەی سەرچاوەکان سەرهەڵدانی ئایینی ئێزدی دەبەنەوە بۆ سەردەمی شێخ ئادی کوڕی موسافیر لەنێوان ١٠٧٥-١١٦٠ و دەنوسن: (بەرلەو مێژووە ئایینی ئێزدیی زۆر هەژارە و وردەکارییەکی لە سەرچاوەی تر لەبەردەست نییە کە ئایا ئێزدییەکان بەرلە سەدەی دوازدەیەمدا بوون، بەڵام لە سەردەمی شێخ ئادی کوڕی موسافیر و بەتایبەتی دوای شێخ حەسەن ئایینی ئێزدی لەناو سەرچاوەکاندا وەک ئاینێکی سەربەخۆ ئاماژەی بۆ کراوە.)



سەرچاوە ئیسلامییەکان دەڵێن شێخ ئادی سۆفییەکی گەورە بووە و هەر چوارگۆشەی دنیا گەڕاوە و هاوسەردەم و ناسیاوی شێخ عەبدلقادری گەیلانی، سۆهرەوەردی و حەلوانی بووە. هەندێک لە سەرچاوەکان شێخ ئادی بە عەرەب و خەڵکی بەعلەبەگ دادەنێن کە گوایە لە لوبنانەوە هاتووەتە لالەش و لای کوردە ئێزدییەکان گیرساوەتەوە. کۆڤان خانکێ پەرستگەی لالەش بە سەنتەری ژیانی مرۆڤایەتی دادەنێ و لەو بارەیەوە

دەڵێت: (بە زانستی ئێزدییەکان لالەش هەوێنی زەویی و سەنتەری ژیانە و لەوێوە کاتێک تەقینەوە بووە، جگەلە خودا هەموو ئەستێرەکان و دنیا دروست بووە و دوای لالەش ژیان لەسەر زەوی پەیدا بووە[١٤].)

سیوفی جێگری کونسوڵی فەرەنسا لە موسڵ بە پشتبەستن بەنوسینەکانی "ابن خلکان" دەربارەی تایفەی عەدری کە باسی ژیانی شێخ ئادی دەکات، نوسیویەتی شێخ ئادی کوڕی موسافیر کوڕی ئیسماعیل کوڕی موسافیری کوڕی مەروانی کوڕی هەکاری، ساڵی مردنی بە ساڵی ٥٥٧ "بەگوێرەی نوسینی تر ٥٥٥" دادەنێت و پاشان بەگوێرەی مێژووی ئەبولبەرەکاتی کوڕی ئەلموستەوفی خاوەنی کتێبی "مێژووی ئەربیل" کە موزەفەرەدینی سینۆری ئەربیلی گوتوویەتی: من منداڵ بووم بینیومە شێخ ئادی کوڕی موسافیر پیرە پیاوێکی ڕەنگ گەنمی بووە و بالآیەکی مامناوەندیی هەبووە[١٥]. نوسەرێکی دی بەناوی "فرانسوا نوو" لە وتاری سەرنجێک دەربارەی مێژوو و ژیانی شێخ ئادی سەرۆکی ئێزدییەکان[١٦] باس لە ژیاننامەی شێخ ئادی دەکات و دەڵێت لە "بەیت فار" لە نزیک بەعلەبەگ لەدایک بووە و لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا لەنێوان ٥٥٥ یان ٥٥٧ی کۆچی ١١٦٠- ١١٦٢ی زایینی لە هەکاری لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ مردوە و لەناو حوجرەکەیدا نێژراوە. نوسەری ئەم وتارە بەگوێرەی سەرچاوە ئاسورییەکان بەو ڕاستییە دەگات کە شێخ ئادی ڕەبەن نەبووە و سێ لە کوڕەکانی شێخ ئادی لەلایەن بار هێبرایۆس ناویان هاتووە. بە گوێرەی سەرچاوەی ئاسورییەکان دێری کریستیانەکان لە سەدەی دوازدەیەمدا سێ گوند، "ئاش"، مێگەلە مەڕ، بزن، حوشتر و مانگای خۆی هەبووە. باوک و دایکی شێخ ئادی شوانی مێگەلەکانی کەنیسە بوون. باوکی ئادی کوردێکی Tairhite[١٧] بووە و هاوینان مێگەلی دێڕەکەی بردوەتە زۆزان و لە زستانانیش بۆ ناوچەی موسڵ. شێخ ئادی لە دێری کریستیانەکان گەورە بووە و زمانی ئاسوری و عەرەبی فێربووە و هەموو کاروباری دێری بەڕێوەبردوە و ساڵانەش لەگەڵ قەشەکانی دێر سەردانی قودسی کردوە.

لە وەڵامی ئەو بۆچوونانەدا نوسەری فەرەنسی خۆی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: (لە ڕاستیدا ئەوەی هەندێک لە سەرچاوەکان شێخ ئادی کوڕی موسافیر بە عەرەب و خەڵکی بەعلەبەگ دادەنێن، لەوەدا بەهەڵە چوون، چونکە دوو شێخ ئادی هەبووە. ئەوەی شێخی ئێزدییەکان ناوی شێخ ئادی ئەبولموسافیر کوڕی بەرەکات بووە و لە چیاکانی هەکاری لە کوردستان لەدایک بووە(١٨).)

لە وەڵامی ئەو بۆچوونەی ئەنستاس ماریدا کە ئاینی ئێزدی بەرلە سەردەمی شێخ ئادی کوڕی موسافیر لەنێوان ١٠٧٥- ١١٦٠ زۆر هەژارە و وردەکارییەکی لە سەرچاوەی تر لەبەردەست نییە، دوکتۆر سەعید خودێدا لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم: (بێگومان بەرلەو مێژووییە، ئێزدییەکان هەندێک تێکستیان بە شێوەی مشور و نوسراوە هەبووە. عومەر کوڕی خەتاب دووەم خەلیفەی ئیسلام، ساڵی ٦٤ زایینی لەشکرێکی بە فەرمانەدەیی "عوتبە بنو فەرقەت" لە موسڵەوە نارده سەر ئێزدییەکان و قەڵا و ناوەندەکانی ئێزدییەکانیان لە



لالەش و باعەدرێ لەنێوان شێخان و دهۆک وێرانکرد و زیانێکی زۆریان بە ئێزدییەکان گەیاند. ٤٠٠- ٤٥٠ کچ و ژنی ئێزدی لە موسڵمانەکان مارە کرد. هەروەها لە سەردەمی عەباسییەکان، لە ٧٦٦ی زاینیدا ئەمیرێکی ئێزدی هەبوو بەناوی "گوهدز داسنی" کە ناوچەی بادینانی لەژێر کونترۆڵدا بوو. خەلیفە "ئەبوو جەعفەر مەنسور" لەو ساڵەدا وەزیرێکی خۆی بەناوی "خالید کوڕی بەرمەک" نارد کوردستان داگیر بکات و ئەویش ئاسەوار و پاشماوەکانی ئێزیەییەکانی نەهێشت. جەعفەر کوڕی میر حوسێن داسنی لە

عەشیرەتی دوملی کە پلەی پیری لەنێو ئێزدییەکاندا هەبوو، دەسەڵاتەکەی لە ئاکرێوە تا زاخۆ بوو، بەڵام ناوەندەکەی لە مەهەت لە نزیک شێخان بوو. لە سەردەمی عەباسییەکاندا سیاسەتەتێکی زۆر خراپ دژی ئێزدییەکان بەڕێوەچوو. لە سەردەمی موعتەسەم ٨٣٣- ٨٤٢ی زایینی هێرش کرایەوە سەر جەعفەر داسنی. سەرەتا ئێزدییەکان سەرکەوتن و موعتەسەمیان شکاند، بەڵام ئەوان دواتر کەسێکیان بە ناوی ئیتاخ کە بە ڕەگەز تورک بوو. بە لەشکرێکی زۆرەوە نارده سەر میر جەعفەر و ئەم جارەیان ئێزدییەکان شکان. ئیتاخ ناوچەی ئێزدییەکانی تالان کرد و میر جەعفەر بەناچار خۆی دەرمانداو کرد.)

هەرلەو بارەیەدا شێخ عەلۆ شێخ خەلەف پێی گوتم: (دوو جار ئێزدییەکان وەبەر پەلاماری گەورە کەوتوون یەکەمیان ساڵی ٣٣٠ بەرلە زایین کە ئەسکەندەری مەکدونی نزیکەی حەوت هەزار نوسراوەی ئێزدییەکانی کە لەسەر چەرمی بەرخ، ئاسک و بزن نوسرابوون. سوتاند. ئەو چەرمانە هی سەردەمی ئیبراهیم خەلیل بوون. جاری دووەم ئێزدییەکان کۆبوونەوە و کتێبیان نوسیەوە و لە ٤٤٥ی کۆچی دا بەدرەدین کوڕی عیمادەدینی زەنگی هات بۆ موسڵ[19] و گەلی لالەشی داگیر کرد، شێخ



حەسەنی کوڕی شێخ ئادی لە سێدارەدا و هەموو کتێبەکانی ئێمەی سوتاند و بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە لالەش مایەوە و ئەوێی کرد بە شوێنی پەروەردە کردنی فەقێ بۆ دینی ئیسلام. ئێزدییەکان ناچار بوون دینی خۆیان لە مێشکیاندا ڕابگرن و بە زمان، بیگوازنەوە بۆ نەوەکانیان.)

جگەلەوانە، لە هەندێک سەرچاوەی ئیسلامییدا، ئێزدییەکان بە شەیتان پەرست دەناسێنن و هەندێکی تریان بە یەزیدیی و لایەنگری یەزیدی کوڕی

معاویە و هەندێکی‌تر بە کاکەیی‌و شەبەک، بەڵام مێژوو نوسان، مێژوو زانان و زانایانی ئاینی ئێزدی دژی ئەو بۆچوونانە دەوەستن و ئەو گوتنانە دژبە ئایینەکەیان لە قەڵەم دەدەن. لەو بارەیەوە، دوکتۆر مەمۆ پیر فەرمان پیر عوسمان، پیری ئێستای ٤٠ پیرەکەی ئێزدییەکان لە وتوویژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٥/١١/١٦ لە زانکۆی دهۆک پێی گوتم: (دیالێکتی ئێزدییەکان وەحدانیەتە و دەڵێن خێر و شەڕ لای خودایە. ئایینەکانی ئیسلام، مەسیحی و جولەکە چاکەکان بۆ خودا دەهێڵنەوە و خراپەکان بۆ شەیتان، ئێمە ئێزدییەکان دەڵێن ناکرێ خودا بوونەوەرێکی دژبە خۆی دروست بکات و ئەو بۆچوونە بە تەواوی هەڵەیە.)

هەرلەو بارەیەوە شێخ شامۆ شێخۆ سەرۆکی دەستەی باڵای بنکەی لالەش و شێخیئێزدییەکان دەڵێت: (لە فەلسەفەی ئێزدییەکاندا شەیتان بوونی نییە و ئەوان دەڵێن چاکە و خراپە بەدەست خودایە و خودا تاوس مەلیکی پێبەخشیون و دژبەرەکانی ئایینی ئێزدیی ناوی یەزید و شەیتان پەرستیان بە ئێزدییەکانەوە لکاندوە.) سەبارەت بە یەزیدی کوڕی معاویە، ناوبراو دەڵێت: (شیعەکان یەزیدی کوڕی معاویەیان بە ئێزدییەکانەوە لکاندوە کە دەستیان زیاتر واڵا بێت لە کوشتی ئێزدییەکاندا، ئەگەرنا هێچ پێوەندییەک لەنێوان ئێمە ئێزدییەکان و یەزیدی کوڕی معاویەوە نەبووە.) هەروەها "بابە چاویش" سەرپەرشتکار و خزمەتکاری پەرستگەی لالەش کە خۆی یەکێکە لە پیرانی ئێزدی، دەڵێت: (ئیسلامییەکان ناوی تاوس مەلیکیان کردوە بە شەیتان کە ئەوە ڕاست نییە کە ئەوان تاوس مەلیک بە شەیتان بناسێنن. بە دینی ئێمە شەیتان وجودی نییە، چونکە چاکە و خراپە بەدەست خودایە و ئەوە ڕاست نییە کە چاکە بۆ خودا و خراپە بۆ شەیتان دادەنێن.)

دوکتۆر سلێمان فانۆ و سەعید جەردۆ مەتۆ دەڵێن: (ڕۆحی تاوس مەلیک زیندووە و جیاوازیی لە نێوان خودا و تاوس مەلیکدا نییە و لە ڕاستیدا خودا و تاوس مەلیک و ئێزی یەکەن.) هەرلەو بارەیەوە دوکتۆر موئید بەرەکات حەسەن دەڵێت: (ئێمە دەڵێن تاوس مەلیک لەلایەن خوداوە خەڵات کراوە و

ئیسلامییەکان دەڵێن نەعلەت کراوە. ئێمە دەڵێن گەورەی مەلایەتەکانە و موسڵمانەکان دەڵێن شەیتانە، کە ئەوە غەڵەتە چونکە عەزرائیل بۆخۆی تاوس مەلیکە.)

دوکتۆر سەعید خودێدا لەو باوەڕەدایە کە هەموو ئایینەکان پێوەندییان پێکەوە هەیە و ئەو پێوەندیانەش بۆ ناوچەکەیان دەگەڕێتەوە و دەڵێت (ئێمەی ئێزدی چونکە تێکستی دینیمان هەیە و دەڵێین سوڵتان ئێزی خۆی پادشایە، هیچ پێوەندیمان بە یەزیدی کوڕی معاویەوە نیە و ئەویان بۆ کوشتنی ئێزدییەکان، بە ئەوانەوە لکاندوە.)

نوسەرێکی نەناسراو لە کتێبێکیدا لەژێر ناوی "دەربارەی کوردە ئێزدیەکان- کۆنترین دەستنوس" لەسەر کورد کە "پۆل پێردریزی" پێشەکی بۆ نوسیوە و دوکتۆر هەڵکەوت حەکیم وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، دەڵێت: (لەناو ئێزدییەکاندا ژمارەیەکی زۆر لە شەمسی هەیە، واتە ڕۆژپەرستن و لە هەمانکاتیشدا مەسیح پەرەستن، چونکە شەمسیەکان مەسیحییەکانیان خۆشدەوێت و باج بە تورک دەدەن کە وەکو تورک تەماشا نەکرێن. ئێزدییەکان و شەمسییەکان دوو کۆمەڵەی زۆر هاوڕێن. لە پەرستگەی ئێزدییەکاندا کە سەعات و نێوێک لە فوراتەوە دوورە، بە چاوی خۆم لە "ڕوم کەلی" لەسەر دیواری ڕاستی فورات کە ناوەندی قەزای ولایەتی ئورفایە، بینیم سەرۆکێک ناوبەناو ڕۆژی دەپەرست، کاتێ هەڵدەهات یان ئەو وەختەی کە ئاوا دەبوو، هەروا کاتی دەرکەوتنی دوا ڕووناکیی، پێی گوتم کە هەموو ڕۆژهەڵات وایە، کەچی وانییە. کاتێ پێمگوت ئەوە ناهەقییە بەرامبەر بە کردگار کە وەک خوڵق کراوێک دەیپەرستی، وەڵامی دامەوە کە هیچی نەدیوە لە ڕۆژ زیاتر هیچی تری نەدیوە ئەوەندە لە ئێزد بچێ و تێیگەیاندم کە لەناو ڕۆژدا تەماشای مەسیح دەکات. وەرگێڕ بۆخۆی دەڵێت ئەم دێڕە نەختێ ئالۆزە، ئایا مەبەستی لە ئێزد خودایە یان مەسیح یان شێخ ئادی، یان مێشکی ئەو

**گەورەیەی شەمسیەکان کە مسیۆنەر باسی دەکات هەر سێکیان بووە و لە مسیۆنەر تەنیا خوا مەسیح؟[٢٠])**

ئێزدییەکان خاوەن کتێبێکی پیرۆزن کە لە بەشی دواییدا ئاماژەی بۆ دەکەم. ئەنستاس ماری کەرمەلی تێکستی دوو کتێبی وەک کتێبی پیرۆزی ئێزدییان بڵاوکردوەتەوە. ئەوەی شایانی گوتنە، ئاینی ئێزدیی وەک مێژووی ژیانی نەتەوەی کورد و دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مێژوویەکی ناڕوون و غەور گرتووە. داگیرکەرانی کوردستان هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەوڵی پتر شێواندنی دەدەن. لەبەر ئەوە مرۆڤ ناتوانێ وەک مێژووی ئەوروپییەکان، بە ڕوونی لەسەر مێژووی کورد بدوێت. سەبارەت بە شێخ ئادی کوڕی موسافیریش قسە زۆرە، لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بۆ ئەو بۆچوونانە کرد. بەڵام با بزانین زانایانی ئێزدیی لەو بارەیەوە چ دەڵێن. بابە چاویش دەڵێت:



**- (کاتێک کێشە و ناخۆشیی کەوتە ناو دینی ئێزدییەکان و ئەوان لە دینی خۆیان دوورکەوتنەوە و ژیانی ئاسایی کەوتە ناویان، شێخ ئادی وەک دەروێش هات بۆ لالەش و ئاوەدانی کردەوە و لە ساڵی ١١٦١دا و زیاتر لە ٤٠ ساڵ لێرە مایەوە و هەر لێرەش وەفاتی کرد. شێخ ئادی یاسای ئاینی ئێزدییەکانی نوێ کردەوە و چینی شێخایەتی بە ئاینی ئێزدییەکانەوە زیاد کرد.)**

دوکتۆر سلێمان فانۆ حەج: **(دەڵێت ئاییني ئێزدییەکان دیانەتێکی داخراوە و کەس ناتوانێ بێتە ناوی.)**

شێخ شامۆ شێخۆ دەڵێت: **(ئێزدییەکان سێ قۆناخیان بڕیوە: قۆناخی سروشتی، قۆناخی خودا ناسی و قۆناخی شێخ ئادی. لە قۆناخی سروشتیدا**

خـودای جیاوازیـان هەبـووە و یەکەم جـار ئیمانیـان بە سروشـت هێنـاوە. قۆناخی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیبراهیم خەلیل، کە پێغەمبەرێک بوو بە بابی پێغەمبەرەکان دەناسرێت و پەرستگەکەی لە ئورفایە. قۆناخی سـێیەم لە سـەردەمی شـێخ ئـادییەوە دەسـت پێکـدەکات کە هەنـدێک بیروبـاوەڕی نـوێی خستە نێو ئـایینی ئێزدییەکـان. شێخ ئـادی دەروێشکی قەلەندەر بوو، باوەری بە تەسەوف و عیرفان هەبوو، کەسێکی لێهاتوو بوو، بنەچەکەی لە هەکاری بوو، بنەماڵەکەی چووبوون بۆ بەیت ئەلفەعر "کونە مشک" لە نزیک شام.)

شـێخ عەلـۆ شـێخ خەلەف دەڵێـت: (یەکەم پیـری ئێـزدی لەسـەردەمی ئیبراهیم خەلیلدا مەلیک سالم بوو و دواتر ژمارەی پیرەکـان زیـادی کـرد و ئێستا زۆرن، بەڵام شێخ ئادی یەکەم شێخمان بووە. بەرلە شێخ ئادی پیر و مرید هەبوون، شێخ ئادی لەگەڵ شەش کەس بەم ناوانە: شێخ شەمس، شێخ فەخر، شێخ سەجادین، شێخ ئەبوبەکر، پیر هەسن مەمـان، شـێخ حەسـەنی کوردی شێخ ئادی لیژنەیەکی پێکهێنا و شێخ ئادی سەرۆکی لیژنەکە بووە و پێیـان دەگـوترا مەحـفەل. لەو مەحـفەلەدا شـێخ ئـادی فەلسـەفەی دینـی ئێزدایەتی دانا. ئەو مەحفەلە شێخی خستە نێو ئاینی ئێزدییەکان، ئەوانی دابەشـکرد بەسـەر سـێ چینـدا، چینـی شەمسـانی، چینـی ئـادانی و چینـی قاتانین.)

هەرلەو بـارەیەوە شـەمۆ قاسـم سـەبارەت بە مەلیـک سـالم دەڵێـت: (بە باوەڕی ئێمە ئێزدییەکان ئەوە سەلمێندراوە کە پەرتوکی پیـرۆزی ئێزدیـان "موژدەیٚ ڕۆژ" مزگینـی ڕۆژ، لە سـەردەمی هـاتنی مەلیـک سـالم واتـا ١٥٠٠ ساڵ بەرلە زایین هەبـوو کە خـواد کەڕامەت و هێـزی داوەتە مەلیـک سـالم وەک دەروێشکی لە خودا ترس و لەسەر شێوازی مەلیک تاوس هاتووەتە سەر دنیا بۆ ڕاگەیاندنی ئاینی ئێزدی لەناو نەتەوەی کورددا و بیروباوەڕی ئەم ئاینە بە زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە و دواتـر نـاوی گۆڕاوە بـۆ مەسـحەفا ڕەش.)

شێخ ئادی بە دامەزراندنی لیژنەیەک کە مەحفەلیان پێگوتووە چاکسازیی لە ئایینی ئێزدییەکاندا کردوە و چینی شێخی هێناوەتە نێو ئایینی ئێزدییەکانەوە. بەرلە شێخ ئادی، ئێزدییەکان تەنیا پیر و مریدیان هەبووە. کەریم سلێمان حەجی دەڵێت: (**شێخ ئادی کوڕی موسافیر کوڕی ئەحمەد، کوڕی سمایل لە هەکاریی لەدایک بووە، کاتی هێرشی سەفەوییەکان ناچار بووە بچێت بۆ شام و لە بەیت فار بمێنێتەوە. شێخ ئادی یەکەم کوڕی موسافیر ساڵی ١١٢٦ هاتووە بۆ لالەش، ناوبراو هاوسەرگیریی نەکردوە و دەروێش بوو. شێخ ئادی دووەم برازای شێخ ئادی یەکەم و کوڕی سەخرە. شێخ ئادی یەکەم چاکسازیی لە دینی ئێزدی دا کرد و شێخ حەسەنیش دەوری زۆری هەبوو و هەوڵی**



**پاراستنی ئاینی ئێزدیی داوە. گەورەیی پیرەکان و شێخەکانی ئێزدی دەگەڕێتەوە بۆ شێخ هەسن، کوڕی شیخ ئادی دووەم.**)

---

١- شەمۆ قاسم لە وتارێکیدا کە بەرلە بڵاوکردنەوەی، ئاراستەی کردم، دەنوسێت: میرنشینی "ئادیان" یەکێکە لە میرنشینە کوردە ناودارەکان و لە سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی دوازدەیەمی زاینیدا لە ناوچەی چیای هەکاری و داسن دامەزراوە. مێژوونووسان وای مەزندە دەکەن کە هاتنی شێخ ئادی کوڕی موسافر بۆ ئەو ناوچەیە "لە سەردەمی خەلیفە مەئموون"ی عەباسیدا سەرەتای دامەزراندنی میرنشینێک بووە لە لالەش بە ناوی میرنشینی ئادیان، کە مێژوونوسە عەرەبەکان ناویان ناوە "میرنشینی عەدەوی" وەک ئاماژەیەک بۆ شێخ ئادی "عەدی" کوڕی موسافر، بەڵام سەرچاوە ئەوروپی، فارسی و تورکییەکان بە ناوی "ئادیان" ئاماژەی بۆ دەکەن وەک ئاماژەیەک بۆ

ئـادی کـوڕی موسـافری هەکـاری یـان بـۆ نـاوچەی "ئادیـابین" کە هەمـان نـاوچەی بادینـانە. تیـرەی ئادیانییەکـان بە گەورە پیـاوانی بنەمـاڵەی ئـادی، یـان خزمـانی دەگەڕێنـنەوە و ئەوان بـوون کە میرنشـینێکیان بـۆ کـوردی نـاوچەی هەکـاری دامەزرانـد و بەهـۆی پشتگیرییان بە شوێنکەوە، گەلێک ئەوەی هەیانبوو دەیانکردە قوربـانی میرنشینەکەیان و باوەڕی پتەویـان بەو میرنشـینە هەبـوو و کەس نەیتوانی شان لە شانیان بدات و سەرکردایەتی تا ماوەیەکی درێژ بە دەستی ئەوانەوە مایەوە. ئەو میرنشـینەش تەنیـا میرنشـینە لە کوردسـتاندا کە تـا ئەمـڕۆ مـاوەتەوە و بەردەوامیـی هەیە. هـۆی مانەوەی ئەم میرنشینە ئەو باوەڕە ئاینییە دێرینانەی وەک مەزدەکی، داسنی و میترایـی کە بڕوایـان پییان هەیە. هەروەها میرانی ئادیانی هەڵوێستگەلی مەردانەیان لە بەرگریکردن لە میرنشینەکەیان و بەرگرتن لە پێشڕەویی خاچپەڵگراندا هەبووە و بگرە خاچپەڵگرەکان خۆیان لەمان و لە ڕووبەڕوو بوونەوەیان دەپاراست و ترسیان لێیان هەبوو. زنجیرەی میرانـی ئادیـانی بە یەکێک لەو میرنشـینە کوردانە دژمێردرێت کە لە سەردەمی بەهێزیـی ململانـی سیاسییەکان لە ناوچەکەدا دامەزراون، لەو سـەردەمەدا هەر میرنشـینێک هەوڵـی داوە میرنشـینەکەی تـر وەلا بنێـت و لەسـەر حیسـابی ئەو دەسەڵاتی خۆی فرەوان بکا. بۆ ڕوونکردنەوەی زنجیرەی میرانی ئادیانی ئەم هیڵکارییە دەخەینەڕوو.

شێخ ئیسماعیل کوڕی شەرەفەدین هەکار:

موسافر: شێخ ئادی "ساڵی ٥٥٧ ک کراسی گۆڕیوە.

شێخ سەخر: شێخ ئەبوبەرەکات "سەخر" هەسنی داسنی "ساڵی ٥٩٤ ک کراسی گۆڕیوە.

شێخ فەخرەدین ئادی "ساڵی ٦١٥ک مردووە" :

شێخ شەمسەدین حەسەن "٦٤٤ک مردووە" :

شێخ شەرەفەدین بابی "مهمەد" "٦٥٨ ک مردووە" :

شێخ زەینەدین یوسف

شێخ عیزەدین ئالی

ئادی کوڕی موسافر:

ئادی کوڕی موسافر کوڕی ئیسماعیل کوڕی موسا کوڕی ئیسماعیلی هەکارییە و دایکی ناوی "ئێزدا" بووە و بە ڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئیبـراهیم خەلیل، پیـاوێکی دنیانەویست بـووە و جەمسـەری شـێخانی ئەو سـەردەمە و بەرەکەتـی کـاتی خـۆی بـووە و خـاوەنی پەڕجـوو بـووە و هـاوڕییەتیی شـێخ عەقیلی مەنبەجی و شێخ حەممادی دەبباسی کردوە و ٩٠ ساڵ ژیاوە و...تد.

٢- کتێبـــی "پەروەردا ئێزدیـــاتی" پـــۆلی دوازدەی ئامـــادەیی، لاپەڕەی ٨، بڵاوکـــراوەی وەزارەتـــی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣- ناوی ئەم ٤٠ پیرانەی ئێزدی بەم جۆرەیە: پیر هەسن "حەسـەن" مەمـان "میـری چل میـر"، پیـر مەهمەد "محەمەد" ڕەشـان، پیـر جەروان، پیـر هاجیـال، پیـر مەمـێ شـڤان، پیـر ئێسـیبیا، پیـر ئافـات، پیر هەسنالکا، پیر دەلی، پیر حەجی مەهمەد، پیر چاک، پیر ئالوبەکر، پیر ئۆمەرخالا، پیر مەهمەدی ڕەبەن، پیـر داود، پیـر مەنـد، پیـر قەرەچەری، پیـر قەلەنـدەر، پیـر مەروان، پیـر بازیـد، پیـر بـووب، پیـر خۆشـاڤا، پیـر لبنـا، پیـر بەیبـوون، پیـر ئاخـا، پیـر ئێـزد، پیـر حەجـی عەلـی، پیـر خەتـی مسـی، پیر هەمالی، پیر مەحمود، پیر بۆز، پیر مووس، پیر دربێس، پیر بوال، پیر هەمەدی بابێ، پیـر حەسـەن، پیر ڕەشێ حەیران، پیر مەیسور، پیر شالیار، پیر مەنسور.

تێبینــی ١: جـگـەلـەو پیـرانـە، زۆر پیـری تـریش هـەن کـە سـەر بـەو نـاوانـە و کـوڕ و نـەوەی ئـەوانـەی سەروون.

تێبینی ٢: زەردەشتییەکان پیر شالیار بە پیر بابەی خۆیان دەزانن.

تێبینــی ٣: کەریـم سـلێمان دەڵێـت: **(هـەر میرێـک شـێخ و پیرێکــی هـەیە، ئـەرکــی دینــی خۆیــان بـەڕێوەدەبـەن، شێخ و پیر ئـەرکی دینی بـەڕێوە دەبـەن. شـێخەکانیش لـەنێوان خۆیـان و پیرەکـانیش لـەنێوان خۆیاندا شێخ و پیریان هـەیە. گەورەیی پیرەکان و شێخەکان دەگەڕێتەوە بـۆ شـێخ هـەسن، کوڕی شیخ ئادی دووەم.)**

٤- هـەمـوو ئێزدییەکـان پێویستـە گـوێڕایەڵی فتـوا و فـەرمـانـەکـانی میـر بـن. میـر دەسـەڵاتی هـەیە، ئێزدییەکان بەهۆی یاخی بوون یان کرداری خراپ سزا بدات. میر میراتگری شـەرعی ئـەو ئێزدیـانـەیە کە میراتگری لـە خێزاندا نـەبێت. میر دەبـێ دەستپاک و دادپەروەر بێت و لـەو سـەدەقە و بـاجـەی بـۆی دێـنن، یـارمـەتی بـە ئێـزدییە هـەژارەکـان دەکـات. ئـەو ئـەرکـە تـەنیـا بـۆ میـر نیـیە، بـەڵکـو هـەمـوو بنـەماڵـەکەی دەگرێتەوە. بە مردن و لـەناوچوونی میر جێگرەکەی جێی ئـەو دەگرێتـەوە.

٥- شێخ شامۆ شێخۆ دەڵێت: (خواردنەوەی کەمی ئەلکهۆل بۆ ئێزدییەکان حەرام نییە.)

٦- ئێزدییەکــان دەڵــێن: تــاوس یەکەم بــوونـەوەرە کـە خــودا خـەڵقــی کــردوە. تــاوس مـەلیــک نـوینـەرایـەتی "تـەمسیل" نـوری خـودا دەکـات. دەڵـێن ئاییـنەکـانی تـریش پێشتر هێمایـان هـەبـووە، بـۆ نمونـە ٥٠٠ ساڵ بـەرلـە زایین یۆنـانییەکان خـاوەنی هێمای قاز بوون، سـەقر هێمـای میسرییەکان بـووە. دەڵێن تاوس هێمای خودایە و ٦٠٠ ساڵ بـەرلـە زایین لـە ئێران پارەی ئاسنیان دۆزیـوەتـەوە کـە لایـەکـی تاوس و لایەکەی تری نرخی پارەکە بوو. دەڵێن وێنـەی تاوس مـەلیک سێ شتیان پێ دەڵێت:

١- نـاوی تـاوس مـەلیک، سەرۆکی شەش مـەلائیکـەی تر لـە نوری خودا پـەیدا بووە. تـاوس مـەلیک لـەو شــەش مـەلائیکـانـە زووتـر هـاتوەتـە دنیـا. مـەلائیکـەکـان وەک مۆمێـک ڕوناکیـان لـە یـەکتـر وەرگرتـوە و سەرچاوەیان نوری خودایە. زۆربـەی ئێزدییەکان ڕایان وایـە نـاوی تـاوس مـەلیک نـاوێکـە لـە نـاوی خـودا و تـەنـانـەت خۆی خودایە.

٢- ئـەوان هێمــای تـاوسـیان لـە برۆنـز دروسـتکردوە. قـەواڵ "پیــاوی ئــاییـنی" ســاڵانـە دوو جــار لـە بـەهــاران و پاییزانـدا هێمـای تـاوس بـە گونـدەکانی ئێزدیـی نشینـدا دەگێڕن و یـارمـەتی کـۆدەکـەنـەوە. پێشـتر حـەوت دانـە هێمایـان هـەبـوو، بـەڵام ئێستا دوو لـەو هێمایـانـە لـە لالـەش مـاون. یـەکـدانـەیان بـۆ شەنگال و ئـەویتریان بۆ کۆمەڵگای مەرگە لـە نزیک شێخان و دهۆک و سیمێل.

٣- ئێزدییەکان بە بۆنەی تاوس مەلیکەوە ڕێز لە باڵندەی تاوس دەگرن.

٧- تارح دەیـەمین نـەوەی نوح ئیبراهیمی بـەدنیا هێنـاوە و دوو بـرای بـە نـاوەکـانی نـاحور و هـارون هـەبـووە. خـودا بـە ئیبراهیمــی گـوت لـە شــارەکەی بـڕوات و پـەیـامی بـۆ نــارد کـە نـەوەکانـت وەک ئـەستێرەکان بێ ژمارە دەبن. ناوی ئیبراهیم لـە کتێبی پیرۆزی جولـەکـەکانـدا- کتێبـی عیبـری- هـاتووە. نـاوی ئـەو لـە ٩٩ سـاڵیدا لـە کتێبـی پیـرۆزدا لـە ئـەبـرامـەوە گـۆڕاوە بـۆ ئیبراهـام لـەبـەر ئـەوە لـە بـەشـی یەکەمدا بە ئەبرام و لـە بەشی دووەمدا بـە ئیبراهام نوسراوە. ئیبراهیم سـەرچاوەی هـەمـوو دینـەکـانی یەهودیەت، مەسیحیەت و ئیسلامە. مەسیحییەکان بە لایەنـی ئیسحاق و موسڵمانەکان بـە لایـەنـی ئیسماعیل کوڕی یەکەمـی ئیبـراهیم دینـی ئیبراهیمیـان وەرگرتـووە و لـەو ڕوانگـەیەوە، بـەو سـێ دینـە دەڵێن: دینـەکانی ئیبراهیم و چیرۆکی ئیبراهیم لـە قورئاندا ئاماژەیان بۆ کراوە.

8- Michel Chevalier, Les montagnards Chretiends du Hakkari et kurdistan septentrional, Ed. publication du I,Universite de Paris Sorbonne, Paris, 1985, P. 84.

٩- ا. م. مینتیشاشڤلیلی، کورد: کورتەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی، ئابووریی، رۆشنبیریی و گوزەران، وەرگێڕانی لە رووسییەوە: د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، سلێمانی، لاپەرەی ٧٥.

10- Planhol, Xvier de, Minorites en Islam. Geographie Politique et sociale, Ed. Flammarion, paris, 1997, p.

١١- واسیلی نیکیتین، کورد و کوردستان، وەرگێڕانی بۆ زمانی فارسی، محەمەد قازی، لاپەرەی ٤٨٥.

١٢- ئاینی میترایی دینی رۆژپەرستانە و بەرلە ئاینی زەردەشت هەبووە و لەژێر ناوی ئاینی رازۆری دا لە ئیمپراتۆریی رۆم "رۆما"، بەسەر بەشێک لە ئەوروپا، باکوری ئەفریقا و بریتانیادا بڵاوبووەتەوە. لە سەدەی چوارەمی زاینی و وەرگرتنی ئاینی مەسیحیەتدا لەلایەن کۆنستانتین ئیمپراتۆریی رۆم، ئەو ئاینە بەرەو لاوازی و نەمان چووە.

١٣- شاپوری دووەمی ساسانی بۆ دڵنیابوونی پادشای ئەرمەنستان کە زیانی پێ ناگەیەنێت، بە میترا سوێندی خوارد.

١٤- پەیدابوونی مرۆڤ دیاردەیەکی تەواو نوێی جیهانە و تەمەنی دەگەرێتەوە بۆ چەندان ملیار ساڵ. رای هەرە روونی زانایان ئەوەیە کە جیهان لە وردە ماک "مادە"ی لە ژمارە نەهاتوو پێکهاتووە و بەتینی هێجگار زۆری گەرما تەقیوەتەوە. شوێنەواری ئەو تەقینەوەیە تا ئەمرۆش هەستی پێدەکرێت. کاتی ئەو تەقینەوەیەیان دەگەرانەوە بۆ نزیکەی دوو میلیار ساڵ لەمەوبەر، بەڵام لێکۆڵەوە وردەکان، مێژووی ئەو تەقینەوەیان گواستەوە بۆ سەردەمێکی دوورتر. مێژوویەک کە ئەمرۆ هەموو لایەکمان لەسەری کۆکین، پازدە میلیار ساڵە. بۆ زانیاریی زیاتر بروانە مێژووی بەرلە شارستانییەت لە کتێبی مێژووی شارستانییەت، نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت کە نوسەر وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٣دا چاپ و بڵاویکردوەتەوە.

15- Nicolas Siouffi "Notice sur Le Cheikh , Adi et La Secte des Yezidis" Journal Asia tiqure, VI11 Serie, vil 5, p.85.

16- Francois Nau "Note sure la data et la vvie de chcikh, Adi, chef des Yezidis". In Revue I, Orient Chretien. X1X/2, 1914.

١٧- بە رای بار هێبراسۆس کوردەکانی tairhite هەربە بتپەرستیی و لەسەر ئاینی زەردەشتی ماونەتەوە. ئەو کوردانە نزیکەی ٦٠٠ رەشماڵ و پترلە هەزار سەر مەریان هەبووە.

١٨- الامیر شرف خان البدلیسی، شرفنامة، ترجمة: محمد جمیل الملا الرۆژبیانی، الثانیة، کردستان ٢٠٠١، ص ٥٣.

١٩- بەدرەدین مەسیحی بوو، عیمادەدین منداڵی نەبوو، ئەو بەدرەدینی هێنایە لای خۆی و کردی بە کوری خۆی.

٢٠- دەربارەی کوردە ئێزدیەکان-کۆنترین دەستنوس"بە زمانێکی ئەوروپی لەسەر کورد" بڵاوکردنەوەی بۆ یەکەم جار لەگەڵ پێشەکی "پۆل پێردریزی"، وەرگێڕانی دوکتۆر هەڵکەوت حەکیم، لاپەرەی ٧٠، هەولێر ٢٠١٣.

# کتێبی پیرۆزی ئاینیی ئێزدیی

ئێزدییەکان وەک خۆیان دەڵێن کتێبێکی پیرۆزی ئاینییان هەیە بە ناوی موژدەیٚ رۆژ "مزگێنی رۆژ" کە دواتر ناوی کراوە بە مەسحەفا رەش "کتێبی رەش" کە بە نیوەچڵی ماوەتەوە. هەروەها کتێبێکیان هەیە بەناوی جیلوە "جلوە" کە بەشێک لە دەقەکانی مەسحەفا رەش و ئامۆژگاریی ئاینی تێدا کۆکراوەتەوە. دەقەکانی ئەو دوو کتێبە وەک زانایانی ئاینی ئێزدیی دەڵێن بە شێویندراوی لەلایەن ئەنستاس ماری کەرمەلی بەغدادییەوە بڵاوکراوەنەتەوە. دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵلا ئەو دوو دەقەی لە زمانی فەرەنسییەوە کردوە بە کوردی. ئەنستاس ماری[1] سەبارەت بە بەدەستخستنی ئەم دوو کتێبانە دەڵێت: **(کاتێک گەیشتمە شەنگال چووم** شێخی ئێزدییەکان ببینم، پیاوێکی بالا بەرز، دوو چاوی گەورە و رەش و پرچێکی درێژ، رۆبێکی سپیی گەورەی پۆشیبوو کە کەلێنێکی گەورەی بەلای سنگییەوە بوو و لەوێوە سینە پڕ مووەکەی لێوە دیاربوو. بە عەرەبییەکی چاک قسەی دەکرد و زۆر بەگەرمی پێشوازیی لێکردم و بە لێشاو پرسیاری لێ دەکردم کە من کورت و بەحورمەت و ناڕۆشن و بێلایەنانە وەڵامم دەدایەوە. بۆ ئەوەی بەردەوام نەبێ و من بداتە بەر رێژنەی پرسیاران کە من ئامانجێکم تێدا نەدەبینی، منیش لەلایەن خۆمەوە دەستم کرد بە پرسیار لێکردنی بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێکی ئەرێنی. لەکاتی گەڕانەوەم بۆ ژێر رەشماڵەکەم هەموویم یادداشت کردن و تکام لە کتێبخانەوانەکە کرد دەوروبەری ئێوارە بێت بمبینێ و وادەم پێدا کە بەخشیشی بدەمێ، چونکە بەخشیش قاچەکان چوست دەکات و دەرمانێکی بەناوبانگە وەک پادشای هەموو وڵاتان بۆ بەتەنگەوە هاتنی سیستمی خەڵک و لە هەمان کاتیشدا بۆ دنەدانی چالاکییەکی گەورە.

وەختایەک هات و لە تەنیشتمەوە دانیشت و زانیم کە هەردووکمان بە تەنیاین، هەموو ئەو شتانەی لە بارەی ئێزدییەکانەوە دەمزانی پێم گوت،

کتێبەکانیان، کتێبخانەکەیان و...هتد عەبدولمەسیح مردبوو ئیدی هیچ نەدەترسام نە بۆ ئەم و نە بۆخۆم. وادەی ۲۰ فرانکم پێدا بۆ هەر لاپەڕەکی کتێبی جیلوە و ۳۰۰ فرانکیش بۆ ترەنسکرپسیۆنی مەسحەفا ڕەش کە هەمووی بەسەریەکەوە ٤٦٠ فرانکی دەکرد لەگەڵ ٤٠ فرانک وەک بەخشیش کە هەموو بەسەریەکەوە بڕی ٥٠٠ فرانکێکی کرد. ئەو کە هەرگیز گوێبیستی پارەیەکی ئاوەها نەبووبوو، ڕازی بوو. کاغەزی تەنک "شەفاف"م پێ دا تا وەکو خۆی بە دەستپاکی و دەقاودەق وەکو خۆی Servilement ئەو لاپەڕانەی مەبەستن بیانووسێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە یاد بکات و نە هیچێکیشی بۆ زیاد بکات و نە هیچێکیشی لێ کەم بکاتەوە. ئەو کتێبخانەوانە ناوی حەمۆ Hammu بوو ئەویش دوو ساڵێک بەر لە ئێستە مرد و عەرەبییەکی چاکی دەزانی و لەلای مەلایەکی نزیک بە شەنگال فێری خوێندن و نوسین بووبوو و لە ئەنجامدا لە نوسیندا کارامە بوو. لە بارەی مەسحەفا ڕەشەوە وەک چۆن بریتی بوو لە پارچە کاغەز، ئەویش بە هەمان شێوە دەستپاکانە کۆپیی کردبوو و لەسەر شێوەی یەکەم، واتە هەر لاپەڕەیەکی بۆ کۆپی دەکردم، لە خوارەوەی هەر لاپەڕەیەکەدا ئەم وشەیەی دەنوسییەوە کە دەبوو سەرەتای لاپەڕەی دواتر بەو وشەیە دەست پێ بکات. ئەم کارەمان ماوەی دوو ساڵی کێشا، چونکە کتێبخانەوانەکە لە ساڵێکدا هەر تەنیا چەند ڕۆژێک دەیتوانی دەستنووسەکە ببینێ و ئەو ڕۆژانەش زۆر دەگمەن بوون. بەپێی توانای تەواوکردنی، لاپەڕەکانی یەک لە دوای یەک بۆ دەهێنام و منیش بە هەمان شێوە پارەکانم دەدایە. بەم شێوەیە دەتوانم بڵێم ئەم کتێبەی ئێستە لەبەر دەستدایە یەکێک لە گەنجینە گەورەکانی ئەدەبیاتی سەردەمی ئێمەیە و نهێنیترین ڕازی جیهانە و شایستەی ئەوەیە کتومت وەک خۆی بێت و ئێستەکە دەتوانین بزانین ئاینی ئێزدی چییە کە تاوەکو ڕۆژی ئەمرۆمان لە قوژبنێکی هەرە تاریکی جیهانی ئایینی شاردراوە بووە[۲].)

ساڵی ١٩٩١ بۆ یەکەم جار ئەنستاس ماریی کەرمەلی وەرگێڕانی فەرەنسی هەردوو کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەشی لەگەڵ تێکستی ئەسڵیی هەردوو کتێبەکە بە ئەلفوبێی تایبەتی کوردی ئێزدیان بڵاوکردەوە و کۆمەڵێک زانیاریی نوێی خستە ڕوو. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەنستاس ماریی کە بە ڕێگای کەسێکەوە بەناوی "حەبیب" بە دەستی کەوتووە، بەرپرسی کتێبخانەی ئێزدییەکان کە لە ئاینی ئێزدی هەڵگەڕابووەوە و ببوو بە مەسیحی، گوایە کتێبەکان هێندە بە نهێنی هەڵگیراون[٣] کە ئەستەمە بزانرێت لە کوێن. کتێبەکان لەگەڵ کۆمەڵێک کتێبی تر بە زمانی جیاجیا لەناو سندوقێک لە ئەشکەوتێکی چیای شەنگالدا شاردراونەتەوە و تەنیا سێ کەس کلیلی سندوقی ئەو کتێبانەیان لابووە کە ئەوانیش: سەرۆکی ئایینی، سەرۆکی دنیایی و بەرپرسی کتێبخانەکە بوون[٤].

بە وتەی ئەنستاس ماری، بەرپرسی کتێبخانەکە ئەرکی ئەوە بووە کە هەر شەش مانگەی جارێک کتێبەکان بۆ ماوەیەک بخاتە بەرخۆر و دەڵێت ئەم کتێبانە زۆر کۆنن و هی دەورانی یەکەمی مەسیحییەکانن، گوایە ئەنستاس ماری هەروەکو خۆی پێشتر ئاماژەی بۆ کردوە، توانیویەتی یەکێک لە بەرپرسانی کتێبخانەی ئێزدییەکان کە ناوی "حەمۆ" بووە بە پارەیەکی زۆر ڕازی بکات و کۆپییەکی هەردوو کتێبەکە بەدەست بخات و دواتر لە ساڵی ١٩١١دا لەگەڵ وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی لە گۆڤاری ئانترۆپۆس Anthropos بە تێکستە کوردییەکەی جیلوە و مەسحەفا ڕەش بڵاوبکاتەوە و بەو کارەی گەنجینەیەکی بەهاداری بۆ ئێمە پاراستوە جا بەهەر نیازێکەوە کرابێت.

لەو بارەیەوە ئەنستاس ماری مێژووی نوسینی کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەش دەڵێت: **(تا ئێستا دیار نییە کێ کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەشی نوسیوە و لە کام سەردەمدا نوسراون. ئایا کەسێک نوسەری هەردوو کتێبە، یان دوو کەسی جیاواز ئەوانیان نوسیوە. سەبارەت بە وەڵامی ئەو پرسیارانە کوردۆیڤ لای وایە هەردوو کتێبەکان، لە سەدەی یازدە یان**

دوازدەیەمدا لەلایەن شێخ ئادییەوە نوسراون. مسیۆنەری ئەمریکی نەنریوز[٥] لە وتارێکیدا لە ئینسیکلۆپیدیا مسیۆنی ئەمریکی چاپی ساڵی ١٨٩١ مێژووی نوسینی کتێبی جیلوە بۆ ٥٥٨ هە- ١١٦٣ی زایینی گەڕاندوەتەوە کە ئەو مێژوویە لە مردنی شێخ ئادی نزیکە. هەرچی بۆ مەسحەفا ڕەشە ئەوا ساڵی ٧٤٣هە- ١٣٤٣ی داناوە و کە تەواو ١٠٠ ساڵ دوای مەردنی شێخ حەسەن لە ٦٤٤ت- ١٢٤٦ زاینی دێت.[٦])

یەکەم کتێبی ئێزدییەکان کتێبی موژدەێ ڕۆژ "مزگێنی ڕۆژ"ە. ئەرشەد حەمەد و عەلی جوقی دوو مامۆستا و زانای ئاینی ئێزدیی لە کۆبوونەوەیەکی سێ کەسیدا لە بنکەی لالەش لە دهۆک، ڕۆژی ٢٠١٥/١٢/١٩ پێیان گوتم: (موژدەێ ڕۆژ، نزیکەی ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین ئامادە کراوە، نازانرێت کێ نوسیویەتی، بەڵام وەک دەڵێن لە هێرشەکاندا بۆسەر ئێزدییەکان لەناو چووە. موژدەێ ڕۆژ بە شێوەی وێنە بووە، هەندێک زانایانی ئاینی ئێزدیی ڕایان وایە کە دانەرەکەی تاوس مەلیک بووە و ئەو خۆی هاتووە و بەنهێنی بڵاوی کردوەتەوە. وێنەکانی بە ئاوی زێر و لەسەر پێستی ئاسک بووە.

شێخ حەسەن لە کۆتایی دەسەڵاتدارییەتی عەباسییەکاندا دەسەڵاتی ئایینی ئێزدی بەدەستەوە بووە. عەباسییەکان بەهۆی لاواز بوونیان نەیاتوانیوە بەسەر هەموو هەرێمەکانی خەلافەتدا ویستەکانیان بسەپێنن، لەوکاتەدا شێخ حەسەن ویستویەتی لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا چاکسازی لە ژیانی ئێزدییەکاندا بکات و بەتایبەتی ئیمارەتێکی تایبەت لە کوردستاندا بۆ ئێزدییەکان پێک بێنێت. ئەو پڕۆژەی جیلوەی داناوە کە دەستورێکی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. بۆ ئەم کارەشی نزیکەی ٦- ٧ ساڵ لە گۆشەیەکی تایبەت لە لالەش خۆی دوور لە خەڵک ڕاگرتووە، هەروەک زەردەشت کردی. ئەو دەستوری دینی و دنیایی لە سەردەمی عەباسییەکاندا نوسی و بۆ ئەوەی داواکانی سەر بگرێت، هەندێک

بیروبــاوەڕی دوور لـه ئێزدایەتــی خســتـه نــاو كتێــبەكەیەوە، بەڵام تێــدا سەرنەكەوت و بەشێك لـه ئێزدییەكان ئەو چاكسازییەیان قبوڵ نەكرد.)

دوكتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا لە لاپەڕەی ٢٠دا وەرگێڕانـی كتێبـی ئەنستاس ماریدا، لـه زمـانـی نـاوبراوەوە دەڵێت: (بە گوێرەی زانیـاری و بـه دواكەوتنـی ئـــێمە، یەكەم كەســێك لـه ئەوروپاییەكـــان كە زانیـــاریی ســـەبارەت بـه ئێزدییەكان بەدەستەوە دابێت، Michel Febvre بووە لـه كتێبـی Teatro della Turchia كە ساڵی ١٦٨١ لە میلانۆ بـه زمانـی ئیتالیایـی چاپ كراوە و لـه لاپەڕەكانـی ٢٥٢- ٢٦٩دا زانیـاری و ڕاگەیانـدن لـەبـارەی ئێزدییەكـان بـه دەستەوە دەدات و وەك "شەیتانپەرست" باسـیان دەكـات. شـایانـی گـوتنە نوسـەر لـەم كتێبـەیـدا نكـوڵی لەوە دەكـات كە ئێزدییەكـان هـیچ كتێبێكــی ئایینـیـیان هەبێت. دوای ئەوە دۆمینیكە ئیتالییەكانی مسیۆنی موسڵ بـایەخ بـه ئێزدییەكان دەدەن و Lanzw, P سـاڵی ١٧٦٩ ئامـاژە بـۆ ئەوە دەكـات كە ئێزدییەكـان شـــەیتانیان لـەلا پیــرۆزە و باوەڕیــان وایە نەوەی مانیەكـــانن. دواتــر گـــارزۆنی لـه ســـاڵی ١٧٨١ پێوەنـــدیی لەگەڵ یەزیـــدی یەكەمەوە هەبـــووە(٧) و ســـاڵی ١٨٠٧ بـه ئیتالیـــایی وتــارێكی لـەبــارەی ئێزدییەكـــان نوسیوە(٨).

لـه سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم و لـەگەڵ تەواو هەڵكشـانی ئەوروپییەكـان بۆ ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاست و بڵاوبـوونەوەی مسیۆنـەر و نێردراوەكانیـان بـەنێـو ئێمپراتـۆریی عوسـمانیدا، دەبینـین لـه هەمـوو گـروپە ئێتنییە ئاینییەكـانی تــردا، زیـــاتر ســـەرنجیان بـــۆلای ئێزدییەكـــان چـــووە. Campanille لـه كتێبـەكەیـدا كە سـاڵی ١٨١٢ بـه زمـانـی ئیتالیـایی نوسـیویەتی، بەشـێكی كتێبـەكەی(٩) بۆ ناساندنی بیروباوەڕی ئێزدییەكان تـەرخان كـردوە. دوای ئـەو بـۆ مـاوەی نزیـك بـه سـی سـاڵ هـیچ زانیـاری كە شـایانـی باسـكردن بێـت سـەبارەت بـه ئێزدییەكـان بەرچـاو ناكەوێت، تاسـاڵی ١٨٣٨ كە Forbre, F گەشـتێك بـۆ شـەنگال دەكـات و گەشـتنامەكەی خـۆی لـه كۆڤـاری كـۆمەڵەی شـــاهانەی جوغرافیاییــــدا بڵاوكـــردوەتەوە(١٠) و لـەوێ بیســـتویەتی كە

ئێزدییەکان کتێبێکی ئایینییان هەیە بە ناوی مەسحەفا ڕەش کە هی شێخ ئادی خۆیەتی.

ساڵی ١٨٥٢ Badger مسیۆنەری ئینگلیزی لە کتێبەکەیدا کە لە لەندەن بڵاویکردەوە، زۆر بابەتی نادروستی سەبارەت بە ئێزدییەکان بڵاوکردەوە کە دواتر بوون بە بنەمای زۆر بیروباوەڕی چەوت و ناڕاست سەبارەت بە ئێزدییەکان[١١].

دوکتۆر سەعید خدیدە سەبارەت بەو هەڵە نوسینانە سەبارەت بە ئێزدییەکان دەڵێت: (ئێزدایەتی دینێکی کۆنی کوردیە، نەک دینێکی موژدەبەر، لەلایەن گەلێک مێژوونوسەوە زانیاری بە هەڵە لەسەر ئێزدییەکان بڵاوکراوەتەوە. دیارە هەندێکیان بە پلانی ناحەزان بووە و هەندێکی تر بە هۆی کەمیی زانیاریی نەیانتوانیوە لە نیزیکەوە زانیاری لەسەر دینی ئێزدیان بزانن، چونکە ئێزدییەکان ئەو زانیارانەیان لە سنگی خۆیاندا پاراستوە و لەبەر زوڵم و زۆرداری کە لیان دەکرا متمانەیان نەبووە کە زانیارییەکانیان بۆ کەسانی نەناسراو و بێگانە ئاشکرا بکەن، لەبەر ئەوە هەر لێکۆڵینەوەیەک لەسەر فەلسەفە و بیروباوەڕی ئێزدیان بنوسرێت، ئەگەر نوسەر شارەزای تێکستی دینی ئێزدییەکان نەبێت، کەموکوری لێ چاوەڕوان دەکرێت. ئێزدییەکان باوەڕیان بە خودا هەیە و لە فەلسەفەی ئێزدایەتی گوتنی ئێزی ناوێکە لە ناوی خودا، هەروەک لە تێکستی ئێزدیدا هەزار و سەد ناوی هەیە. سوڵتان ئێزی بۆخۆی خودایە، هەزار و یەک ناوی لەسەر خۆی دانایە، ناوی مەزن هەر خودایە[١٢].)

بەهەر حاڵ، بۆ تێگەیشتنی دروست لە ڕادەی ڕاستیی نوسینەکانی ئەنستاس ماری کەرمەلی، ڕۆژی ٢٠١٥/١٢/١٩ لەگەڵ چوار مامۆستا و زانای ئاینی ئێزدی بە ناوەکانی: شەمۆ قاسم دینانی، کۆڤان ڕیسان حەسەن" کۆڤان خانکێ"، ئەرشەد حەمەد و عەلی جوقی لە بنکەی لالەشی دهۆک کۆبوومەوە و سەبارەت بە دوو کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەش و هەروەها ڕادەی ڕاستیی نوسینەکانی ئەنستاس ماری پرسیارم لێکردن. هەر چوار



مامۆستا و زانای ئاینی ئێزدی گوتیان: (ئەنستاس ماری بە مەبەستی تەبشیر کردن بە ئێزدییەکان گەلێک شتی ناڕاست و خەیاڵی تێکەڵی کتێبەکانی مەسحەفا ڕەش و جلوە کردوە. ئەو لە جێیەکی تردا سەبارەت بە ئێزدییەکان دەڵێت: "کچ و کوڕێکی شەنگالی کە دەیانویست ببن بە مەسیحی هاتنەلام کە من وەک پیاوێکی ڕۆحانی ئایینی مەسیحی ئەوان وەربگرم." دەڵێت: "کوڕەکە ناوی یاقوب بوو و کچەکە فاتمە." لێرەدا ئەو چیرۆکە بۆ ئێمە ئێزدییەکان ڕوونە کە لەنێو ئێزدییەکاندا ناوی "یاقوب"مان نییە و ناوی فاتمەش بە ڕاددەیەک



کەمە کە جێی سەرنجی ئێزدییەکان نییە. سەبارەت بە سەرچاوەکان

ئەنستاس ماری، زانایانی ئێزدی دەڵێن: "ئەوانەی ئەنستاس ماری پێوەندی بە ئێزدییەکانەوە نییە، چونکە خودا لەبیر ناکات و ناکرێ، فەرمانێکی



دابێ و دواتر خۆی فەرمانی خۆی لەبیر کردبێت و عیزرائیل بە بیری بخاتەوە. مەبەستی ئەنستاس ماری لەو نوسینانەی ئەوەیە کە ئێزدییەکان بە شەیتان پەرست نیشان بدات کە ئێمە قبوڵی ناکەین. ئێمە دەڵێن: "پادشا دنیا ئاڤاکر ژ دۆڕا گەوهەرە.")

هەروەها گوتیان: (جگەلە ئەنستاس ماری کەسانی وەک عەبدولڕەزاق حەسەنی و سەعید دیوەچی هەبوون کە لە موسڵ لەسەر ئێزدییەکان کتێبی چەواشەکەرانەیان بڵاوکردوەتەوە. ئەوانە هەموویان یەک مەبەستیان هەیە کە ئێزدییەکان بە عەرەب و



پاشماوەی یەزیدی کوڕی معاویەن بناسێنن و وەک تایفەیەکی عەرەب، ئەوان لە نەتەوەی کورد جودا بکەنەوە.)

ئەم چوار زانایەی ئاینیی ئێزدی لە درێژەی وتەکانیان گوتیان: (شێخ ئادی یەکەم کوڕی موسافیر کوڕی ئیسماعیل کوڕی شەرەفەدین موسایی هەکارییە. شێخ موسافیری باوکی بە بنەماڵە کۆچیان بۆ ناوچەی بەعل بەگ لە هەرێمی شام و گوندی بەیت فار کردوە. شێخ ئادی یەکەم ساڵی ١٠٧٢ زاینی کە تەمەنی نزیک ٤٠ ساڵ بووە، لە شامەوە هاتووە بۆ لالەش کە خزمەت بە

ئێزدییەکـان بکـات. ئەو نـزیکەی ٤٥ سـاڵ لەلای ئێزدییەکـان مـایەوە و لـە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا کراسـی گۆڕی[١٣]. شـێخ ئـادی لـەو مـاوەیەدا کـە حـاکمی ئایینی ئێزدییەکان بوو، هەندێک چاکسازیی لـە ئـاینی ئێزدییەکانـدا کـرد. شـێخ ئـادی یـەکەم هاوسـەرگیریی نـەکردبـوو، هـیچ منـداڵـی لـە پـاش خـۆی بـەجێنـەهێشت.

دوای شێخ ئادی یەکەم شێخ هەسن "ئەبولبەرەکات" برازای شـێخ ئـادی یەکەم کە بە سەخر ئەبولبەرەکات دەناسرێت، جێـی شـێخ ئـادی یەکەمـی گرتەوە و ئەویش درێژەی بە چاکسازییەکانی شێخ ئادی دا، بەڵام ٣٥ سـاڵ بەرلـە کراس گۆڕینی، دەسەڵاتی ئایینی ئێزدییەکانی بە کوڕەکەی خۆی واتا شێخ ئادی دووەم سپارد کە لە لالەش لەدایک ببووە.

شێخ ئادی دووەم تا دەوروبەری ساڵی ١٢٢٥ زاینی کە مەنگوڵەکان هاتن و دەسـتگیریان کـرد و بردیـان لـە عاسـیەی مەنگولسـتان "مەغولسـتان" لـە سـێدارەیان دا، سـەرۆکی ئـایینی ئێزدییەکـان بـوو. دوای ئـەو سـاڵە، شـێخ حەسـەنی کوڕی شـێخ ئـادی ئـەرکـی ئـایینی ئێزدییەکـانی گـرتە دەست کـە ئەویش لـە ساڵی ١٢٤٦دا لـەلایەن بەدرەدین لولـوەوە گیـرا و لـە سێدارەیان دا. شـێخ حەسـەن بـۆ مـاوەی ٦- ٧ سـاڵ لـە ئەشـکەوتدا مـایەوە و لـەنێـوان سـاڵانی ١٢٣٥- ١٢٤٦دا کتێبـی جلـوەی نوسـی. ئـەم کتێـبە دووەم کتێبـی پیرۆزی ئێزدییەکانە.

دوای شـێخ حەسـەن کـوڕەکەی بەنـاوی شـێخ شـەرەفەدین جێـی بـاوکی گرتەوە و دوای کراس گۆڕینی شەرەفەدین دەسەڵاتی ئایینی ئێزدییەکان لـە بنەماڵەی ئادانییەکانەوە کەوتە دەست بنەمـاڵەی قاتانییەکـان کـە یەکەم شێخیان مەهمەت باتنی بوو. ئەو زنجیرەیە هەتـا ئێستا کـە میر تەحسین بـەگ سـەرۆکایەتی ئـاینیی ئێزدییەکـان دەکـات و کـوڕەکەی بەنـاوی حـازم تەحسین بەگ جێنشینێتی، دەسەڵاتی ئایینیی ئێزدییەکانیان بەدەستە[١٣].)

١- ناوی تەواوی بوترس جوبرائیل یوسف عەوادەیە ڕۆژی ١٨٦٦/٨/٥ لە باوکێکی مەسیحی لوبنانی و دایکێکی بەغدادی بەناوی مریەم ئۆگستین لە لوبنان لەدایک بووە و ڕۆژی ١٩٤٧/١١/٧ کۆچی دوایی کردوە. ساڵی ١٨٨٢ مامۆستای زمانی عەرەبی بووە لە بەغدا و ساڵی ١٨٨٦ لە بەیروت زمانی لاتینی و یۆنانی و فەرەنسی خوێندوە، ساڵی ١٨٨٧ چووەتە بلژیک و ساڵی ١٨٨٩ دوای تەواوکردنی خوێندنی فەلسەفە و لاهووت چووەتە فەرەنسا. ساڵی ١٨٩٤ بەناوی ئەنستاس ماریی کەرمەلیی کراوە بە قذە و پاشان فەرەنسای بەجێهێشتوە و چۆوە بۆ ئیسپانیا و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا و بۆ ماوەی چوار ساڵ ئیدارەی قوتابخانەی باوکە کەرمەلییەکانی لە ئەستۆ گرتووە. لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، عوسمانییەکان گواستویانەتەوە بۆ شاری قەیسەریی لە ئەنادۆڵ و بۆ ماوەی ساڵێک و دە مانگ (١٩١٤- ١٩١٦) لەوێ ماوەتەوە. کەرمەلیی زمانەوانێکی گەورە بوو، بەتایبەتی لە زمانی عەرەبیدا ئەستێرەیەکی گەورە بوو. جگەلە زمانی سریانی زمانەکانی لاتین، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیسپانی و ئیتالیایی دەزانی و سەرەداوێکیشی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەبوو. ئەو کوردیشی لەبیر نەکرد، بەتایبەتی لەبارەی ئاینزا کوردییەکانەوە و بە ڕوویەکی تایبەتیش لە بارەی ئێزدییەکان بە فەرەنسی و عەرەبی نوسینی بڵاوکردوەتەوە. ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی بووە لە ١٩١١دا و کۆڕی زانیاریی عەرەبی لە ١٩٢٠ و کۆڕی زمانەوانەیی عەرەبی لە ١٩٣٢دا. ناوبراو ڕۆژی سێشەممە ١٩٤٧/١١/٧ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و دەیان کتێبی بە نرخی لەدوای خۆی بەجێهێشت کە هەندێکیان هەتا ئێستاش بە دەستنوسی ماونەتەوە.

٢- لە لاپەڕەکانی ٥٦ و ٥٧ی کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان، نوسینی ئەنستاس ماری کەرمەلی و وەرگێڕانی دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا وەرگیراوە.

٣- دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا دەڵێت: **(ئەمە ڕوون نییە کە ئەو سندوقە پیرۆزەی کتێبە ئایینیەکانی ئێزدیان و کۆمەڵێک کتێبی تری بە زمانە جیاوازەکان تێدابووە و بە وتەی کەرمەلی "لە زاری حەبیب دەیگێڕێتەوە" گوایە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی یەکەمی مەسیحیەت لە کوردستان، چیان بەسەر هاتووە؟ ئایا بوونەتە خۆراکی مشک و ماران یان تا ئێستا هەر بە شاراوەیی ماون؟ یاخود هەرلە بنەواندا ئەو کتێبخانەیە بوونی نەبووە و بە هەر نیازێکەوە بێت دەنگۆیەکی هەڵبەستراو بووە.)**

٤- لە ئاینیی ئێزدییدا سەرۆکی ئاینی و سەرۆکی دنیایی، یەک کەسە، نەک دوو کەس و لە سەردەمی ئێستادا میر تەحسین بەگ خاوەنی ئەو پلەیە. واتا خاوەنی بەرزترین دەسەڵاتی دینی و دنیایی ئێزدییەکانە و ئەو گوتنەی ئەنستاس ماری کەرمەلی دوورە لە ڕاستی. نوسەر.

5- Andrus, Rev. A.N., The yezidees. In Encyclopaedia of Missions, New Yourk, 1891, vol 2, pp. 526-8.

6. Guest, John S., Guest, The Yezidis: A Study in Survival…….op.cit, p. 240

7- Bois, Thomas, Les yezidis: essai historique et sociolgiqur sur leur origine religieuse, In Al- Machriq, n 55, 1961, p. 112

٨- بۆ دەقی وتارەکە بە ئیتالیایی بڕوانە:

Garzoni, Maueizio, 0.p, Della Setta delli jazidij. In

٩- بۆ Domenico Sestini, Viaggi e opuscoli diversi, Berlin, 1807, pp. 203-12 Abat دەقی کتێبەکە بە ئیتالیایی بڕوانە:

Campanile, G, O.P., Storila della regione del Kurdistan e delle sette di religions ivi estistenti, Napoli, 1818, cap. IV. Habitanti del Kurdistan, p. 146 165

10- Forbes, F., A Visite to the Sinjar Hills in 1838, with some account of the Sect of the Yezidis and of various places in the Mesopotamia Desert, between the River Tigris and Khabur, In Journal of the Royal Geographical Society 9, 1839, pp. 409-430.

11- Badger, G. P., Yezeedees. In The Nestorians and their Rituals with the Narrative of a Mission to Mesopotamia and Coordistan in 1842-1844 and of a Late. Visit to these Countries in 1850; also, Researches into the Present Condition of the Syrian Jacobites, Papal Syrians, and Chaldeans, and an Inquiry into the Religious Tenets of the Yezedees, I. London: Joseph Masters, 1852, pp. 105-134.

١٢- دوکتۆر سعید خدیدە، "سیاسەتا دەولەتا عوسمانی بەرامبەر کوردێن ئێزدی د سەدێ نوزدێ زاینی دا، لاپەڕەی ١٨، دهۆک ٢٠١٥.

١٣- بەرلە میر تەحسین بەگ، میر سەعید بەگ، میر عەلی بەگ، میر حوسێن بەگ، میر عەلی بەگ، میر حەسەن بەگ، میر چۆل بەگ، میر بداغ بەگ، میر بەگ، میر سەلمان بەگ ..تد میری ئێزدییەکان بوون. حازم میر تەحسین بەگ جێگری میر تەحسین بەگ میری ئێستای ئێزدیانە و سەبارەت بە ئەرکی خۆی دەڵێت: (**ئەرکی جێگری میر ئیدارە کردنی مەجلیسی رۆحانی و پێراگەیشتنە بە کاروباری عەشیرەتەکانی ئێزدی و هەموو کاروباری ئەوان دەبێ لەژێر چاودێری میردا بێت.**)

# دوو کتێبی پیرۆزی جیلوه و مەسحەفا ڕەش

لە بەشی پێشوودا گوتم ئێزدییەکان دوو کتێبی مەسحەفا ڕەش "کتێبی ڕەش" و جیلوه "جلوه"یان هەیە، بەڵام ئەو دوو کتێبانە، بە نیوەچڵی ماون و دەقەکانیان لەلایەن ئەنستاس ماری کەرمەلی بەغدادییەوە بڵاوکراوەنەتەوە و دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا ئەو دوو دەقەی لە فەرەنسییەوە کردوە بە کوردی. ئەمەی خوارەوە دەقە وەرگێڕاوەکانی ئەو دوو کتێبە پیرۆزەیە:

## کتێبی جیلوه جلوه

ئەو کتێبە، لەسەر دوو پارچە پێستی parchemin زۆر ناسکی ئاسک نوسراوەتەوە. هەریەک لەو پارچە جیاوازانە یەک لە دوای یەک پێوانەکەیان نزیکەی ١١ لە ٢٧ سم مەترە و پێوانەی ئەو بەشەش کە نوسینی لەسەرە تەنیا ١١ لە ١٧ سم و هەر لاپەڕەیەکیشی لە ١٦ دێڕی تەواو ئاسایی پێکهاتوە. نوسینەکەی زۆر جوان دەخوێندرێتەوە کە بە پیتی تایبەت نوسراون کە هەندێکیان لە عەرەبی و هەندێکی تریان لە عیبری و هەندێکیش لە کلدانی و دواجار زۆربەیان لە ماندایی mandaïte دەچن. هەر لاپەڕەیەکی لە دووبەش پێکهاتووە کە یەکێکیان نوسراوە و ئەوی تری سپییە. بەشە سپییەکە بە شێوەیەک بڕاوە کە دەربڕی هەمان ئەو وێنانە بێت کە لەسەر سندوقەکە دەبیندرێن، بەم شێوەیە:

یەکەم وێنە: وەک مانگێکی یەکشەوە یا هەر مانگێک دەنوێنێ.

دووەم وێنە: ئەستیرەیەکە کە بێگومان ئەستێرەی بەیانە.

سێیەم وێنە: باڵندەیەکە کە لەوانەیە تاوس بێت.

چوارەم وێنە: زەوییەکی پانە لە تابلۆیەکی نارێک دەچێت.

پێنجەم وێنە: خۆر.

شەشەم وێنە: دوو دەریا کە لەوانەیە دیجلە و فورات بن.

حەوتەم وێنە: سەری مرۆڤێک لەگەڵ دوو گوێ یا دوو شاخ.

هەشتەم وێنە: گوڵە شلێرەیەک بە سێ گەڵاوە، یان سێ بروسکە ئاگر کە لە خوارەوە یەکیان گرتوەتەوە.

لەژێـــر هەر لاپەڕەیەکیشـــدا ئەم وشـــەیە نوســـراوەتەوە کە لە لاپەڕەی پێشوتر دەست پێدەکات. لاپەڕەکان هیچیان ژمارەیان لەسەر نەنوسراوە تا ڕیزبەندی لاپەڕەکان دیاری بکات.

ئەو هێمایانەی لەسەر سندوقە پیرۆزەکە دەبیندرێن، بەسەر هەریەک لە لاپەڕەکـانی کتێبـی جیلـوەش دووبـارە کـراونەتەوە و پێـوەی نوسـراون چـی دەگەیەنن؟ دەتوانین کۆمەڵێک بیروڕا لەم بارەیەوە دەرببـڕین، بەڵام ئەوەی لای من لە هەموان زیاتر ڕێی تێدەچێ، ئەوەیە کە ئێزدییەکـان چوار ڕەگەز بە پیرۆز دادەنێن: خۆر، مانگ، ئەستێرەی بەیـان و ڕۆحـی خـراپە لەنـاو دوو وێـنەی کەڵەشـێر یـان تـاوس دا، یـان لەنـاو کەڵەشـێر- تـاوس دا، ئەو فریشتەیەی بەشێوەیەکی کاتی لە پایەی خۆی هێنـرایە خـوارەوە بـۆ ئەوەی کۆتایی دنیا بگرێتە دەست. لە خوێندنەوەی هەردوو کتێبە پیرۆزەکانیاندا دەبینـین ئەم پەرسـتنە هەرچەنـدە کەم ئاشکرایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئەوەنـــدە لە ڕاســـتییەوە دوور نیـــیە و کۆمەڵێـــک لەســـەر کەســـایەتیە پانتیۆنەکانیان واتە کەسایەتییە ناسراوە مێژووییەکان هەڵگری ناوگەلێکن کە بـوونەتە مـایەی پیـرۆزییەک بـۆ پەرسـتنی ئەسـتێرەکان. ئایـا ئەوان کەسـایەتی مێژوویـی و ئەفسـانەیین؟ ئایـا ئەگەر کەسـایەتی مێـژوویین هەڵگـری نـاوی دروسـتی دەورانـی ژیـانی خۆیـانن، یـان دوای مردنیـان ئەم ناوانەیان پێدراوە؟ کەوابوو ئەوانە پرسیارگەلێکن کە دەبـێ دواتـر کەسـانی تر دەرفەتـی ئەوەیـان هەبـێ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم ئاینە نامۆیە بکەن و ڕووناکییان بخەنە سەر. بەهەر حاڵ ئەوەی هیچ گومـانی تێدا نییە ئەوەیە کە ئێزدییەکـان هێشتا و لە ڕۆژگـاری ئێستاشدا جەستە ئاسمانییەکان[1] و چـوار ڕەگەزە کـۆنەکە دەپەرسـتن، ئەوەی کە تەواو هـاوتەرییە لەگەڵ ئەو نیشـــانانەی کە پێشـــتر باســـیان لێکـــرا. لە بـــارەی دەستنوســـی یەکەم و

هێماکانیەوە ئەوەندە بەسە و باشترە بچینە وەسفکردنی دووەم دەستنوس کە پێی دەڵێن مەسحەفا ڕەش.

## دەستنوسی کتێبی مەسحەفا ڕەش

مەسحەفا ڕەش یان کتێبی ڕەش Livre Noir پارچە پێستێکە بەو شێوازەی سەبارەت بە دەستنوسی کتێبی پێشوو ئاماژەم بۆ کرد. ٢:٨٠ سم درێژە، لەسەر ٢١ سم پانە، پانیی بەشی نوسینەکە ١١ سم، هەمووی بەسەر یەکەوە ١٥٢ سم درێژە، بەڵام پیتەکانی کەمێک گەورەترن. تێکڕای ئەم وردەکارییانە لەلایەن حەبیبەوە پێم گەیشتوون، بەڵام من تا ساڵی ١٩٠٦ نەمتوانی بیرۆکەیەکی تەواوم لە بارەیەوە هەبێت، وەک لە دواتر باسی دەکەم تا ئەوکاتەی توانیم بەرپرسێکی تری کتێبخانە ببینم کە وەڵامی هەموو ئارەزووەکانی منی دایەوە.

**کام لەو دوو دەستنوسانە کۆنترن؟:** ئەو دوو نوسراوانە، ناوی نوسەر و ساڵی نوسینیان لەسەر نییە کە بزانرێت کەنگێ نوسراون. کەوابوو، چۆن بتوانین حوکم بەسەر کونترینیاندا بدەین؟ لەوانەیە لە ڕێگەی زمان و ژمارەی ئەو وشانەی کە کەوتوونەتە ناو دیالێکتی پیرۆزی ئێزدیان بتوانین بەم ئەنجامە بگەین، بەڵام ئەگەر ئەم نیشانە وەکو پێوانەیەک وەربگرین ئەوا بە هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشکەر ناگەین. چونکە وادیارە کە زمانی هەردوو نوسراوەکان بەهیچ شێوەیەک یەک نین. لە ڕاستیدا لە هەردووکیاندا وشەی نامۆ هەن، کەوابوو دەبێ دەست لەم نیشانەیە هەڵگرین و بە دوای نیشانەیەکی تردا بگەڕێین، بۆ نموونە وەک بیرۆکە idées.

کەوابوو لە کتێبی جیلوەدا وا دەردەکەوێ کە بیرۆکەکان زۆر ڕەسەنتر و باوەڕەکە زۆر ڕەسەنتر بێت. لە ڕاستیدا لەم نوسراوەیەدا بیرۆکەی وای تێدایە کە لە مەسحەفا ڕەش دا نییە. هەرچی لە مەسحەفا ڕەشە، بیرەکان بە پێچەوانەوە زۆر ڕەشۆکین. لەبەر ئەوە وا دەرناکەوێ ئەوەندەی من

دەركم پێكردبێت یەكەم نوسراوی ئێزدییەكان تێگەیشتنێكی هێندە گشتی و هێندە ئاسایی بووبێت، من بۆ ئەوە دەچم باوەڕ بەوە بكەم كە كتێبی جیلوە كۆنترە[٢]. هەڵبەت بەبێ ئەوەی بتوانم پرسەكە یەكلا بكەمەوە، ئەمە بیروڕایەكی سادەی خۆمە و وەك هەوڵدانێك بۆ تاقیكردنەوە دەیخەمە ڕوو. خەڵكانێكی تری لەمن دەستڕۆیشتووتر، دەتوانن ئەم تێزە لەمن چاكتر و زۆر باوەڕ پێكەرانەتر بسەلمێنن، دەبێ ئەوەش زیاد بكەم كە كتێبی جیلوە هێشتا كەمتر لە كتێبی موسحەفا ڕەش لەلایەن ئێزدییەكانەوە ناسراوە. ئەوەی ئەم بۆچوونە زیاتر دەسەلمێنێت ئەوەیە كە ئەم كتێبە لەلای ڕێبەرانی ئەو فیرقەیە پیرۆزتر و پەرستراوترە، بە جۆرێك ئەوەندە بە تەنگییەوەن كە لەبەر چاوی خەڵكی بشارنەوە.

ئەنستاس ماری كەرمەلی سەبارەت بە دەقەكانی ئەم دوو كتێبانە دەڵێت: (من دەقەكانم لێكدایەوە و لەسەر دەفتەرێكی یادداشت بە پیتی عەرەبی ڕوونوسم كردن و لەگەڵ زمانێك ڕووبەڕوو بوومەوە كە لێی تێ نەدەگەیشتم، نە فارسی بوو، نە عەرەبی و نە توركی، تێكەڵاوێك بوو لەم سێ زمانانە و تێرمی تر كە لەناو هیچ فەرهەنگێك لەو فەرهەنگانە نەبوون كە لەبەر دەستمدا بوون. دواجار زانیم كە ئەمە دیالێكتێكە لە زمانی كوردیی كۆن دەچێت كە ئەمڕۆ قسەی پێ ناكرێ و وشەكانی لەناو زۆر لە دیالێكتەكانی كوردستاندا بڵاوبوونەتەوە. ئێمە لە بەغدا ٥٠٠٠ كوردمان لە خێڵ و تیرەی جیاواز هەیە، لە سایەی ئەوان و بەهۆی زۆریی پرسیار كردنەكانم بەوە گەیشتم كە لە واتای گشتیی هەردوو دەستنوسەكە بگەم كە بێگومان وەك هەموو كات هاوتەریب نییە لەگەڵ ڕێنوسەكەی. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم كە بە ئاسانی هەردوو وەرگێڕانە عەرەبییەكە پاشماوەی بیرەكانم بۆ نەدەدۆزرایەوە. دەبێ ئەمەش بڵێم كە من وەرگێڕانە ئازادەكانم لە ڕووی وەرگێڕاوە عەرەبییەكە وەرگێڕاون نە وەك لە ڕووی ئۆرژینالە كوردییەكە كە ئێستەشی لەگەڵدا بێت زۆر ئاشكرا نین.)

## کتێبی یەکەم، جیلوە

١- یەکەمی هەموو ئافەریدەکان مەلیک تاوسە Melek-Taûs[٣].

٢- هەر ئەویشیان بوو کە ئەبتاوس Abtâus ی ناردە سەر ئەم دنیایە تا گەلە هەڵبژاردکەی خۆی پەروەردە و ڕێنوێنی بکات و لە لادان و هەڵە ڕزگاریان بکات.

٣- یەکەم جار بە ڕێگەی زمان و دواتر بە ڕێگەی ئەم کتێبەوە کە ناوی "جیلوە"یە Jelweh ، ئەو کتێبەی کە هیچ بێگانەیەک بەم ئاینە نابێ بیخوێنێتەوە.

### بەشی یەکەم

١- من بووم، منم و تا هەتا هەتایەش هەر دەسەڵاتم بەسەر ئافەریدەکان و بەڕێوەبردنی بەرژەوەندی و کاروباری هەموو ئەوانەوە هەیە کە لەژێر دەسەڵاتی مندان.

٢- هەموو ئەوانەی باوەڕیان بەمنە و لە تەنگانەدا هانام بۆ دەهێنن بە پەلە بە هانایانەوە دەچم.

٣- من لە هەموو شوێنێکدا هەم. من دەستم لەناو هەموو ئەو ڕووداوانە دا هەیە کە بێ باوەڕەکان پێیان دەڵێن "خراپەکان" هەر تەنیا لەبەر ئەوەی لەگەڵ حەزی ئەوان یەک ناگرێتەوە.

٤- بە فەرمانی من هەر قۆناخێک سەرداری خۆی هەیە و هەموو نەوەیەک لەوەی پێش خۆی جیاوازە. سەرداری ئەم جیهانە و هەموو سەردارەکانی تریش هەریەکەیان بەکاتی خۆی دوای ئەوەی ئەرکی خۆیان بەجێهێنا، دەگۆڕێن.

٥- ڕێگەم بە سروشت داوە دروستکردنی ئەوانە تەواو بکات کە ڕێک دەبن لەگەڵ هەموو دادوەرییەکدا.

٦- ئەوەی بە پێچەوانەی من بجوڵێتەوە جگەلە پەشیمانی و خەم هیچی تری بۆ نامێنێتەوە.

٧- خوداكانی تر بە هیچ شێوەیەک دەست ناخەنە ناو كاروباری منەوە و ناتوانن بە هیچ كلۆجێک ڕێگەی ئەوەم لێ بگرن كە من دەیكەم.

٨- ئەو كتێبانەی دەكەونە دەست ئەوانەی بێگانەن بە ئاینەكەم "عەقیدەكەم" هیچ ڕەسەنایەتییەكیان نامێنی و پێغەمبەر نەینوسیون. ئەم بەدبەختانە خۆیان گومڕا كردوە و ئاستەنگیان بۆخۆیان داناوە. ئا بەم شێوەیە هەریەكە لە پێغەمبەرەكانیان ئەوەی پێغەمبەرەكەی پێش خۆی بنیاتی ناوە، دەڕوخێنێت(٤).

٩- لەولای تر درۆ و ڕاستی بە تاقیكردنەوە دەردەكەوێت.

١٠- سزایەكانی من بۆ ئەو كەسانەن دژی من قسە دەكەن، ئەگەرچی زانا بن لە هەموو شتێكیشدا، چەند شتێكم پاراستوە داكۆكی لە چەند كارێک دەكەم هەموو لە كاتێكی دیاریكراو و بە شوێنی خۆیدا.

١١- ئەوانەی بەشوێن بیری منەوەن ڕێنوێنییان دەكەم و دەیانخەمە سەر ڕێگای ڕاست و ئەوانەی گوێڕایەڵیم دەكەن چێژێكی تەواو لە ڕێنونییەكانی من وەردەگرن.

## بەشی دووەم

١- من بەپێی زانیارییەكانی خۆم هەموو مرۆڤێک سزا و پاداشت دەدەم.

٢- هەموو ئەوانەی لە زەوی و ژێر زەوی و لەسەر زەویدان لەژێر دەسەڵاتی مندان.

٣- ڕێگە بە تێكهەڵچوونی مرۆڤەكان نادەم.

٤- دژی خێر و چاكەیان ناوەستم، بەتایبەت ئەگەر ئەم چاكەیە بە قازانجی ئەوانە بێت كە بەبێ یەک و دوو گوێڕایەڵیم دەكەن.

٥- بەرژەوەندەكانم بە وانە دەسپێرم كە تاقیم كردونەتەوە و دەزانم لەگەڵ حەزەكانی مندا یەكن.

٦ بەم شێوەیە یان بە شێوەیەكی دیكە خۆم بۆ ئەوانەی باوەڕدارن یا ئەوانەی بەگوێرەی قسەكانی من دەجوڵێنەوە وەدیار دەخەم.

٧- ئەوە منم دەبەخشم و وەردەگرمەوە، ئەوەی دەوڵەمەند دەبێ و ئەوەی هەژار دەبێ، ئەوەی دەبێتە خۆشحاڵیی مرۆڤەکان و ئەوەی دەبێتە هۆی سیاچارەییان، بەڵام ئەوانە هەموویان پێبەستن لەگەڵ ڕەوش و کاتدا.

٨- هیچ کەسێک حەقی نییە دەست بخاتە ناو کارەکانی من، هەروەک چۆن هەقی بەرەنگار بوونەوەشیان نییە.

٩- نەخۆشی و دەرد و بەڵا بۆ ئەو کەسانە دەنێرم کە گوێڕایەڵیم ناکەن.

١٠- ئەوانەی هەوڵدەدەن من ڕازی بکەن وەکو خەڵکی ئاسایی نامرن.

١١- ڕێگە بە هیچ کەس نادەم ماوەیەکی زۆرتر لەوە بژی کە بۆم داناوە، هەڵبەت ئەگەر پێموابێ شیاوە دەتوانم بە پۆشاکپۆشی[٥] "دۆناودۆن" دوو یا سێ جار بینێرمەوە سەر زەوی.

## بەشی سێیەم

١- من بەبێ کتێب، بەڵام بەشێوەیەکی نادیار، هەواڵ و باوەڕدارەکانم ڕێنوێنی دەکەم بۆسەر ڕێگەی ڕاست. ئامۆژگارییەکانم بەبێ وەستان هەردەم لەگەڵ ڕەوشەکاندا ڕێک بوونە.

٢- هەموو ئەوانەی دژی من دەجوڵێنەوە لە دنیای تردا سزایان دەدەم.

٣- نەوەی ئادەم ئەوەیان لەبیر چووە کە لەودیوی گۆڕەوە چییان بۆ ئامادەکراوە بۆیە کاتی زۆری خۆیان بەهەڵە بەسەر دەبەن.

٤- هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەرمن، ئاژەڵانی سەر زەوی، باڵندەکانی ئاسمان و ماسییەکانی نێو دەریاکان، هەموو ئەم بوونەوەرانە لەژێر دەستی منداں.

٥- هەموو گەنجینە و خەزێنەکانی ژێر زەوی لای من ناسراون و تەنیا بۆ ئەو کەسەی منی دەوێت ناوە ناوە ئاشکرایان دەکەم.

٦- پەرجوو و ئاجووباتییەکانم بۆ ئەوان وەدیار دەخەم کە قبووڵی دەکەن و داوای دەکەن.

٧- بێباوەڕەکان کە دژی منن یاوەکو خۆیان وەکو خەنیمی من بەدیار دەخەن، هەر تەنیا زیان بەخۆیان دەگەیەنن و لەوە بێئاگان کە من

گەورەیـــی و ســـامانم هەیە و لە نەوەی ئـــادەم تەنیـــا بەوانەی دەدەم کە شـایانن. ڕێکـخـەری دنیاکـان، وەرچەرخـانی نەوەکـان و گـۆڕانی کارگێڕییـان هەر لە دەورانی ئەزەلەوە لەلایەن منەوە ڕێکخراون.

## بەشی چوارەم

١- مافەکانی خۆم بە هیچکام لە خواوەندەکانی تر نادەم.

٢- چـوار ڕەگەز، چـوار وەرز و چـوار ئەسـتوون "چـوار گۆشـەی دنیـا" بـۆ ئاتاجەکانی بوونەوەرەکان دروستکراون.

٣- کتێبی بێ باوەڕەکان، ئەو بەشانەی کە لەگەڵ یاساکانی مندا گونجاو و ڕێکبوون وەریان بگرن و ئەو بەشانەش کە ناگونجێن ئەوە لە هەڵبەستنی خۆیانە.

٤- سێ شت هەن دژی منن و ڕقیشم لە سێ شتی ترە.

٥- ئەوانەی ڕاز و نهێنییەکانی من دەپارێزن پاداشتیان دەدەمەوە.

٦- ئەوانەی بە ئـارامی ئـازار و مەینەتییەکـانی ئەم جیهـانە دەچێـژن درێغی ناکەم لە پاداشت دانەوەیان لە یەکێک لە دنیاکانمدا.

٧- پێمخۆشـــە هەمـــوو باوەڕدارەکـــانم بە یەکەوە یەک بگـــرن تـــا دژی بێگانەکان بوەستنەوە.

٨- هۆ ئەو کەسەی بەشوێن ئامۆژگارییەکانی منەوە چوویت، هەر شتێک کە گونجاو نییە لەگەڵ یاسایەکانی من وازی لێ بهێنە، خۆت دوور بگرە لە ناو هێنانی من یا ئاماژە کردن بە ئاکارەکانی من بۆ کەسێکی غەیرە، لە ترسی ئەوەی نەکا توشی گوناهێک بیت، چونکە ئێوە نازانن کە بێگانەکانی ئاینەکەم و بیرەکەم چیدەکەن.

## بەشی پێنجەم

١- تا ئەو جێگەیەی دەکرێ پیرۆزی بە کەسایەتی و وێنەی من بدەن، چونکە ئەوەی چەندین ساڵە دەیکەن وەبیرتان دەخاتەوە.

٢- گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانم بن و گوێ لە سەرۆکە ئایینییەکانم بگرن، چونکە ئەوانن کە ڕێنوێنیتان دەکەن لە هەموو ئەوانەی نادیار و تایبەتن بە منەوە.(پاشبەندی ٢)

کۆتایی کتێبی جیلوه

## کتێبی دووەم مەسحەفا ڕەش

١- خودا بۆ یەکەم جار مروارییەکی سپی گەورەی لە ڕاز و نهێنییەکانی زاتی خۆی دروستکرد. دواتر باڵندەیەکی دروستکرد ناوی ئەنفەر Anfer بوو، مروارییە گەورەکەی خستەسەر پشتی باڵندەکە و ماوەی چل هەزار ساڵ لەسەری نیشتەوە.

٢- خودا لە یەکەم یەکشەممەدا فریشتەیەکی بەناوی عیزرائیل دروستکرد، ئەو فریشتەیە ناوێکی تریشی هەیە ئەویش تاوس مەلیکە و سەرداری هەموو فریشتەکانی ترە.

٣- دووەم ڕۆژ خودا فریشتە دەردانیلی دروستکرد کە شێخ حەسەنە.

٤- سێشەم ئیسرافیلی دروستکرد کە شێخ شەمسەدینە.

٥- چوارشەم لە نەبوونەوە فریشتە میکائیلی دروستکرد کە شێخ ئەبوبەکرە.

٦- پێنجشەم فریشتە جوبرائیلی لە نەبوونەوە دروستکرد کە ئەویش سەجادەدینە.

٧- هەینی شامائیلی دروستکرد کە لەلای ئێمە بە ناوی ناسرەدین ناسراوە.

٨- شەممە تەنیا نورائیلی دروستکرد کە جگەلە فەخرەدین کەسێکی تر نییە.

٩- مەلیک تاوس کرا بە سەرۆکی باڵای هەموو ئەم فریشتانە.

١٠- دواتر خودا حەوت ئاسمان، زەوی، خۆر و مانگی دروستکردن.

١١- فەخرەدین لەلای خۆیەوە، مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵندە و ئاژەڵانی کێوی دروستکردن و خستییانە ناو گیرفانی خۆیەوە و بەم شێوەیە بە هەڤاڵی پۆلێک فریشتە لەناو مرواربیە گەورەکە دەرچوو. دواتر دژی مرواربییەکە هاوارێکی گەورەی لێ هەستا و دەمودەست مرواربییەکە بوو بە چوار بەش. لە سینەیەوە ئاو دەرچوو و دەریای لێ دروست بوو. ئەو دەمانە هێشتا زەوی خڕ و بێ درز بوو.

١٢- دواتر خودا شێوەی باڵندەی بە جوبرائیل بەخشی و ناردی تا هەر چوار گۆشەی دنیای دانا. دواتر پاپۆڕێکی دروستکرد کە جوبرائیل ماوەی سێ هەزار ساڵ تێیدا مایەوە و پاشان لە لالەش نیشتەجێ بوو. ئەویش بەشوێن خۆیەوە دژی زەوی هاواری کرد و زەوی ڕەق ڕەق بوو. زەوی ڕەق دەستی کرد بە لەرزین. ئەودەمە جوبرائیل پارچەیەک لە مرواربییەکەی هەڵگرت و خستییە ژێر زەوی بۆ ئەوەی سەقامگیر بێ و پارچەیەکی تریشی خستەسەر دەرگەی ئاسمان بۆ ڕازاندنەوەی. لەم بەشەی مرواری بوو کە مانگ و خۆر هەڵاتن. پاشان دەورەی مانگ و خۆری بە تۆزێک ڕازاندەوە کە لە پارچەی مرواربییەکەوە بوون و بوون بە ئەستێرەی شینی ئاسمان. هەموو بە ئاسمانەوە هەڵواسرابوون.

١٣- هەر جوبرائیل بوو کە دار و درختی بە بەر و گژ و گیای لەسەر زەوی ڕواند و هەر ئەویش بوو چیاکانی هەڵنان بۆ ئەوەی زەویی پێ برازێنێتەوە. دواتر عەرشی لەسەر فەرشی شانازی دروستکرد.

١٤- ئەوکاتە سەرداری جیهان گوتی[٦]: (هۆ فرشتەکان، من ئادەم و حەوا دروست دەکەم و دەیانکەم بە مرۆ "بوونەوە".) لە وەچەی ئەوانەوە "شەهر کوڕی سەفر"[٧] لەدایک بوو کە نەتەوەیەکی لەسەر زەوی لێ پەیدا بوو. هەر لە هەمان ئادەم، نەتەوەی ئیزرایل پەیدا بوو و بەم شێوەیە میللەتی هەڵبژاردەی تاوس مەلیک، بە شێوەیەکی تر نەتەوەی ئێزدییەکان پەیدا بوون.

١٥- پاشان شێخ ئادی بن موسافیر لە خاکی سوریاوە هات تا لە لالەش نیشتەجی بێت.

١٦- دواتر خواوەند دێتە سەر چیای ڕەش، هاوار دەکات و دەمودەست سێ هەزار فریشتە دروست دەکات، لەو فریشتانە سێ دەستەیان لێ دروست دەکات و دەمودەست بۆ ماوەی چل هەزار ساڵ دەست دەکەن بە پەرستنی. دواتر خودا دەیانداتە دەست مەلیک تاوس و هەڵیان دەکێشێتەوە بۆ ئاسمان.

١٧- پاشان خودا دابەزییە قودس و فەرمانی بە جوبرائیل دا کەمێک خۆڵ لە هەر چوار گۆشەی دنیا بهێنێت. جوبرائیل گوێڕایەلی کرد. "با"، ئاگر و ئاوی تێکەڵ بە خۆڵەکە کرد و بەم شێوەیە یەکەم مرۆڤی دروستکرد و بە دەسەڵاتی خۆی ڕۆحی وەبەرنا. خودا فەرمانی بە جوبرائیل دا تا ئادەم لەناو بەهەشت نیشتەجێ بکات. جوبرائیل بەو شێوەیە ئادەمی لەناو بەهەشت نیشتەجێ کرد. خودا ڕێگەی بە ئادەم دا کە بەری هەموو دەرەختەکان بخوا، بەڵام ئەوەی لێ یاساخ کرد دەست بۆ گوڵەگەنمەکان ببات.

١٨- دوای سەد ساڵ، تاوس مەلیک لە خوداوەندی پرسی:

- (ئادەم چۆن وەچە پەیدا بکات؟ وەچەکانی کامانەن؟)

- خوداوەند وەڵامی دایەوە: من هەموو شتێکم خستووەتە بەردەستی تۆ، چۆنت دەوێت ئاوا بکە.

- ئەوکاتە تاوس مەلیک ڕووی لە ئادەم کرد و پێیگوت:

- (ئاخۆ گەنمت خواردوە؟) ئادەم گوتی:

- نەخێر، چونکە خودا لێی یاساخ کردوم دەستی بۆ ببەم.

- بیخۆ چونکە ئەمە بۆ تۆ باشە. هەرکە ئادەم گەنمی خوارد، سکی پەنما. ئەوکات تاوس مەلیک کە ئەو ئامۆژگارییەی ئادەمی کردبوو، چووە ئاسمان و ئادەمی بەجێهێشت.

١٩- ئـادەم تـەواو لـە تـاو ئـازاردا هـەراسـان بـوو و سکـی هـەڵمسـا بـوو، ئـەو هێندە پڕ ببـوو کـە نـەیدەتوانـی بـەهـیچ شـێوەیـەک میـز بکـات، خـودا بـەزەیـی پێیـدا هـات و باڵنـدەیـەکی دەنـووک گـەورەی بـۆ نـارد کـە بـە دەنـووکی خـۆی بـەشـێوەیـەکی کـارامـە دەرویـەکـی لـە شـوێنێکی شـیاو بـۆ کـردەوە. ئـادەم یـەکسـەر ئارام بووەوە.

٢٠- جوبرائیـل بـۆ مـاوەی سـەد سـاڵ لـە ئـادەم جیـا بـووەوە و ئـادەم خـۆی خـەمبار بوو و ئـەو هـەموو ساڵانـە دەگریا.

٢١- خوداوەنـد فـەرمـانـی بـە جوبرائیـل دا حـەوا دروسـت بکـات. فریشـتـەی گوێڕایـەڵی خودا لـە باڵی چـەپییەوە ژنی ئادەمی دروستکرد.

٢٢- دوای کۆتـایی ئـەو سـەد سـاڵـە، تـاوس مـەلیک لـە ئـاسمـانـەوە هـاتـە سـەر زەوی بۆ ئـەوەی سـەرقاڵی میللـەتی ئێمـە بێت کـە دروسـتی کردبـوو. بـەدەر لـە پاشای کۆنـی ئاشورییـەکان، ئـەم پاشایانـەی خوارەوەشی پێدان: نـەسرۆخ، بـە وتـەیـەکی وردتر نـەسرەدین، کامبیز یـان فریشـتـە فـەخـرەدین، ئـارتیمۆس یـان فریشـتـەی شـەمسـەدین. پاشـان بـەم شـێوەیـە دوو شانشـینی دیـکـەی، شـاپوری یـەکـەم و شاپوری دووەمی پێدان کـە لای ئـێمـە ناسـراون و حوکمڕانییـەکانیـان پـێکـەوە سـەدوپـەنجا سـاڵ بـوو و میرەکـانـی ئـێمـە ڕاسـتـەوخۆ لـەوانـەوە کـەوتوونـەتـەوە.

٢٣- ڕقمان لـە چوار پاشا دەبێتـەوە[٨].

٢٤- ئـەمانـە، ئـەوانـەن کـە ئێمـە یاساخیان دەکـەین، سـەرەتا خـاس، چـونکـە ئـەوە ناوەکـەی لـە ناوی ژنـە پێغـەمبـەری خـاس[٩]مان دەچێت.

یـەکـەم: فاسۆلیا.

دووەم: ڕەنگی شین، بۆیـە یاساخـە جلوبـەرگی شین یان شتێکی بـەم ڕەنگـە بپۆشین.

سـێیـەم: لـەبـەر پیرۆزیـی پێغـەمـبـەر یونـاس Jonas ماسـی خـواردن بـە تـەواوی یاساخـە.

چوارەم: ئاسک-یش هەروا بۆ ئێمە یاساخە، چونکە مێگەلی یەکێک لە پێغەمبەرەکانی ئێمەیە.

پێنجەم: شێخ و موریدەکان نابێ دەست لە گوشتی کەڵەشێر بدەن، چونکە ئەم پەلەوەرە مالّییە وێنەی تاوسە و ئەمیشیان یەکێکە لە حەوت خودا نایابەکانی گەردوون.

شەشەم: ئەوان نابێ بەهیچ شێوەیەک ئەوەیان بە بیردا بێت کولەکە بخۆن.

حەوتەم: میزکردن بە پێوە بە توندی یاساخە.

هەشتەم: کەس نابێ بە دانیشتنەوە دەرپێ لەبەر بکات.

نۆیەم: بۆ میز کردن نابێ ئاودەست بەکار بێنین.

دەیەم: گەرماوی گشتی "حەمام" bain public بە هەموو شێوەیەک لای ئێمە یاساخە(١٠).

یازدەم: ئەوەیان لیستی ئەو ناوانەیە کە یاساخن:

ئا: شەیتان satatn ، چونکە ناوی خودای ئێمەیە.

ب: نابێ بە هەمان شێوە هەر وشەیەک لە وشەی شەیتان بچێ گوێ بکەین، بۆ نمونە وەک: قەیتان cordon ، شەت fleuve ، شەڕ mal.

ج: بە هیچ شێوەیەک نابێ ئەم وشانەمان بەسەر زاردا بێن:

مەلعون maudit ، لەعنەت malédiction ، نال fer à cheval و حەرام malédiction لە زمانی بازاڕیدا و هەروەها هەموو وشە لەیەکچووەکانی وەک ئەمانە.

٢٥- پێش هاتنی عیسا بۆسەر دنیا، ئاینی ئێمە ناوی بتپەرستی paganisme بوو. جولەکە، مەسیحی و موسڵمان، بە هەمان شێوە فارسەکان "مەزدانییەکان"یش هەموو کات دوژمنی ئێمە بوون.

٢٦ لەناو سەردارە کۆنەکانمان، یەکێکیان ناوی ئاهاب Ahâb بوو. فەرمانی بە هەمووان دا کە هەریەک لە ئێمە ناوێکی تایبەتی لێ بنێین و

ئەوەی ئێمە لەم سەردەمە ناوی خودا ئاهات یان بێلعەزاب بوو. ئەمڕۆ لای ئێمە بە ناوی پیربووب[11] Pir-Bub ناسراوه.

٢٧- لە بابل پاشایەکی ترمان هەبوو بە ناوی نەبوخوزنەسر، لە ئێران پاشا ئاسیۆرس و دواجار لە کۆنستانتینۆپل ئاگرینکالیۆس[12] Agrinkalus بوو.

٢٨- پێش ئەوەی ئاسمان و زەوی دروست ببێت، خودا لەسەر دەریایەکاندا هەبوو. پاپۆڕێکی دروستکردبوو کە بە هەوەسی خۆی پیاسەی بۆ هەموو لایەک دەکرد.

٢٩- خودا مرواربییەکی گەورەی دروستکرد کە ماوەی چل ساڵان چاودێریی کرد، پاشان لێی توڕە بوو شەقێکی تێهەڵدا.

٣٠- وای لەو سەیروسەمەرەیە لە هەوا و زەنای چیاکان و لە تۆزەکەی گردۆڵکەکان و لە دووکەڵەکەی ئاسمانی لێوە دروست بوو، هەڵمەکانیشی کە لێی هەڵدەستان ئاسمانیان دروستکرد. لەوکاتەوە خودا هەڵکشا بۆ ئاسمانەکان کە بەبێ ئەستوون بەست و ڕاگیری کردون.

٣١- بە کلیل زەوی و کەندەڵانەکانم کلۆم دا و پاشان قەڵەمێکی بەدەست گرت و ڕووداوەکانی دروستکردنی ئافەریدەکانی نوسییەوە.

٣٢- دواتر شەش خواوەندی لە زاتی خۆی و لە ڕووناکیی خۆی دروستکرد، بەڵام لەسەر هەمان ئەو شێوەیە دروستیکردن وەختایەک مرۆڤ لە چرایەکەوە چرایەکی تر دادەگیرسێنێت.

٣٣- یەکەمین خوداوەند بە دووەمی گوت: من لە نەبوونەوە تەنیا ئاسمانم دروستکرد، ئەتۆش، هەڵبکشێ بۆ ئەوەی شتێک دروست بکەیت. ئەویش هەڵکشا بۆ ئاسمان و بوو بە خۆر. ئەویش هەمان شتی بە هی سێیەم گوت، ئەوەی سێیەمیش بوو بە مانگ. چوارەمیان بوو بە خوولگە "مەدار"ی جەستەی ئاسمان، پێنجەمیان بوو بە ئەستێرەی بەیان و دواجار شەشەمیان بوو بە ئەتمۆسفێر. (پاشبەندی ٣)

١- جەستە ئاسمانییەکان: Les corps célestes.

٢- مێژوو نوس و زانای ئاینی ئێزدیی، مامۆستا شەمۆ قاسم دەڵێت: **(لەنێوان ئەو دوو کتێبە پیرۆزەدا، مەسحەفا ڕەش یەکەمە. ئەو کتێبە لەلایەن شێخ ئادییەوە کۆکراوەتەوە و دواتر دوای ٧٠ ساڵ شێخ حەسەن کتێبی جیلوەی نوسیوە.)**

٣- دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا دەڵێت: ژمارە دانانەکان، لەلایەن ئیدیتۆری گۆڤاری فەرەنسییەوە خراوەتە ناو تێکستەکە.

٤- وەک وەرگێڕی تیکستە فەرەنسییەکە دوکتۆر نەجاتی دەڵێت: ئەم ڕەستەیە لەگەڵ ڕەستەی پێش خۆی ناگونجێ و ناتەواوی لە تێکستەکەدا هەیە.

٥- پۆشاکپۆشی بە واتای گواستنەوەی ڕۆحی مردوو بۆ ڕۆحی تر دێت، واتا مردووەکە بە بەرگێکی تر دەگەڕێتەوە و دەڵێت ئەم وشەیە لەناو ئەهلی حەقەکاندا تەواو بەرامبەر وشەی "دۆنادۆن" دەوەستێ. ئێزدییەکان لە جیاتی پۆشاکپۆشی، وشەی کراس گۆڕین بەکار دێنن- نوسەر.

٦- ئاخۆ مەبەست لەوە خودایە؟ من نازانم مەبەست لەوەدا چییە. ئەگەر مەبەستی لە خودا بێت ئەوە جوبرائیل نییە کە مرۆی دروستکردوە، هەروەک کەمیک پێشتر باسکراوە، لەوانەیە مەبەست لەوە جوبرائیل بێت، بەڵام بۆچی لێرەدا پێی دەڵێ سەرداری جیهان Souverain Maître.

٧- مەبەست شێخ سەقر کوڕی شێخ سەخرە- نوسەر.

٨- لە هەردوو دەستنوسەکەدا هاتووە کە ئەوان ڕقیان لە چوار پاشایە، بەڵام ناوەکانیان ناڵێن: لەوانەیە ئەو پادشایانە بن کە زۆر ئازاری ئێزدییەکانیان دابێت: خەلیفەکان یان پادشای تورکەکان بن.

٩- ئەم ژنە پێغەمبەرە کێیە کە ناوی خاستە یان خاستەیە؟ من نەگەیشتمە ئەوەی ناوەکەی لەگەڵ هیچ ژنە پێغەمبەرێک بەو ناوە بناسمەوە. ئاخۆ مەبەست لەوە کچی خوسەیە xuss کە خەڵک پێیدەڵێن خایس یان خاسیە؟ من زاتم نییە کە ئەوە پشتڕاست بکەمەوە، چونکە ئەم کچە لە دەورانی پێش ئیسلامەوە تەنیا بە دانایی بەناو بانگ بووە نەک بە پاکیزەیی یان بە زوهدەوە. بەهەرحاڵ، بۆ مەبەستی چاکتر ناسینی کچی خوس، دەبێ نوسراوەکەی xuss بخوێنینەوە.

١٠- لە کۆبوونەوەکانی تاک و بە کۆمەڵمدا لەگەڵ زانایانی دینیی و مێژوویی ئێزدییەکان، ئەو گوتنانەیان ڕەد کردەوە کە فاسۆڵیا، ماسی، گۆشتی ئاسک، گۆشتی کەڵەشێر، کولەکە و..تد نەخۆن یان جلوبەرگی شین لەبەر نەکەن و نەخواردنی ئەو شتانە دەخەنەوە بۆ ڕای کەسەکان و دەڵێن ڕەنگە خەڵکی تریش هەبن کە ئەو خواردنانە یان خواردنی تر نەخۆن، بەڵام ئەوان بە پێوە میز ناکەن و تف بە زەویدا ناکەن و میزکردن و تف کردن بە خاک، ئاگر، هەوا و ئاودا بە گوناح دەزانن و دەڵێن: ئەوانە دنیا و مرۆڤیان لێ دروست بووە و لای ئێمە پیرۆزن و هیچ شتێک بەبێ ئەو توخمانە لەسەر زەوی نابن و نابێت ڕێزیان لێ نەگیردرێت. ئەوان وەک ئێمە حەمام دەکەن، بەڵام چونکە لە کوندا حەمام نەبووە، وەک هەموو دانیشتوانی دنیا لە ئاوی کانی و ڕووبارەکاندا خۆیان شوشتوە. ئێزدییەکان لە کۆندا بەرگی سپییان بە نیشانەی پاک و خاوێنی دەپۆشی، نەیانهێشتوە هیچ پەڵەیەک، پاکی و خاوێنی خۆیان و بەرگەکانیان بشێوێنێت. جلکی ئافرەتان ڕەنگی سپی بوو. بەو

واتایە ڕەنگی سپی پیرۆزە لە مردن و ژیاندا نیشانەی خاوێنییە و بە بەردەوامی ئێزدییەکان ڕەنگی سپیان لەبەر دەکرد، بەڵام ئێستا گۆڕاون و ڕەنگی جیاواز دەپۆشن، بەڵام ڕەنگە سپییەکەیان ماوە و پتر پیرەکان و لە بۆنەکاندا کەڵکی لێوەردەگرن. هەروەها زانایانی ئاینی ئێزدی ئەو دەنگۆیانە و هەروەها زۆربەی نوسراوەکانی هەردوو کتێبی مەسحەفا ڕەش و جیلوە ڕەد دەکەنەوە و دەڵێن: **(ئەنستاس ماری بە مەبەستی تەبشیر کردن بە ئێزدییەکان گەلێک شتی ناڕاست و خەیاڵی تێکەڵی کتێبەکانی مەسحەفا ڕەش و جلوە کردوە.)**

١١- پیربووت: کەسایەتی لای ئێزدییەکان لە هەمووان پیرۆزترە. گڵکۆکەی ئەمڕۆ لەو دەڤەرەیە کە ناوی ئەوی بۆ خۆی گرتووە، زۆربەی جار ئێزدییەکان بۆ حەج سەردانی دەکەن.

١٢- نەمتوانی ناوی ئەم ئیمپراتۆرەی کۆنستانتینۆپل بە ناوی ئاگرینکالیۆس دەستنیشان بکەم. ڕۆژهەڵاتییەکان ئەوەندە وشەی بێگانەکان لە زمانی خۆیاندا دەشوێن کە زۆر ئەستەمە دووبارە بینای وشەکان بکەیتەوە.

# جەژن و بۆنەکانی کوردی ئێزدی

ئێزدییەکان جگەلەو جەژنە نەتەوەییانەی نەتەوەی کورد هەیەتی، بە گوێرەی وەرزەکانی ساڵ و گۆڕانکارییەکانی سروشت، گەلێک جەژن و بۆنەی جیاوازیان هەیە کە ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو جەژنانەی کوردی ئێزدیی:

**١- جەژنی سەری ساڵ:** ئەو جەژنە لە ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە "یەکەم ڕۆژی مانگی نیسان بە ساڵنامەی شەرقی"[١] دەست پێدەکات و ڕۆژی چوارشەممە، چوارشەممەی سورە و ئێزدییەکان لەو ڕۆژەدا گوڵی سور دەبەن بۆ ماڵەکان. لەو جەژنەدا ٣٦٥ مۆم "فتیلە" بە نیشانەی زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر تاریکیدا لە لالەش هەڵدەکرێت. هێلکە ڕەنگ دەکەن، بە ئاینی ئێزدایەتی هێلکە ڕۆڵی "تەمسیل" گەردون دەگێڕێت. ڕەنگ کردنی هێلکە بە واتای ڕەنگاوڕەنگ بوونی ژیانە لەسەر زەوی و کوڵاندنی واتای دروستبوونی گۆی زەوی دەدات و شکاندنی بە واتای یەکەم تەقینەوە دێت کە زەوی و ئەستێرەکانی لێ دروست بوون. بە کورتی جەژنی سەری ساڵ، جەژنی دروستبوونی گەردونە و بە جەژنی تاوس مەلیک و چوارشەمەی سور ناسراوە. ڕێز گرتن لەو بۆنەیە هەتا ئێستاش لەناو نەتەوەی کورددا باوە و ئێمە بەهەمان شێوەی کوردی ئێزدیی دوا چوارشەممەی ساڵی کوردیی هێلکە ڕەنگ دەکەین و ئاگر دەکەینەوە. ئەو دابە لەناو فارس و ئێرانییەکان و چەند نەتەوەی ئاسیادا بەڕێوەدەچێت.

**٢- جەژنی چلەی هاوین و چلەی زستان:** هەرکام لەوانە ماوەکەیان چل ڕۆژە. لەو چل ڕۆژەدا پیاوانی ئاینی ئێزدی بەڕۆژوو دەبن و بەم بۆنەیەوە بەو جەژنانە دەڵێن چلەگر. جەژنی هاوین لە ٦/٢٤ هەموو ساڵێک دەست پێدەکات، تا ٨/٢ و جەژنی زستان لە ١٢/٢٤وە تا ٢/١. بۆ هەرکام لەو جەژنانە لە لالەش کۆدەبنەوە و سەمای ئاییني دەکەن.

لە سەما کردندا پێشتر حەوت کەس سەمایان دەکرد و ئێستا ژمارەیان بووە بە ١٤ کەس. کەسی یەکەم بە بەرگی ڕەش نوێنەرایەتی شێخ ئادی دەکات و ناوی فەقیرە و دەبێ خەرقەی هەبێ "خەرقە پارچەیەکی ڕەشە لەسەر قۆڵی دەستی ڕاستی دوراوە" ئەوانی تر دوو کەس دوو کەس دەبن. ڕیزی دووەم لەژێر ناوی پێشی مام دەبێ لە بنەماڵەی شێخ حەسەن بن و دوو کەسی سێیەم لە چینی شەمسانین و کەسی دوایی بابە چاوشە. بابە چاوشی ئێستای ئێزدییەکان، ناوی پیر "حەسەن سلێمان"ە.

**٣- جەژنی جەما:** ئەم جەژنە درێژترین جەژنی ئێزدییەکانە و لە لالەش پیرۆز دەکرێت. وەک جەژنەکانی تری ئێزدیی پێوەندیی بە میتراوە هەیە. لەو جەژنەدا کە ماوەکەی حەوت ڕۆژە، لە ١٠/٦ی هەموو ساڵێک دەست پێدەکات و تا ١٠/١٣ بەردەوام دەبێت، ئێزدییەکان لە هەموو جێیەکەوە دێن بۆ لالەش، قوربانی دەکەن و بۆ خۆر گا دەکوژنەوە و هاوکات چەندان ڕێورەسمی ئاینی و کەلتوریی تر لە پەرستگەی لالەش بەرێوەدەبەن و ڕێز لەم بۆنانەش دەگیردرێت: سەما و قەنتارە، بەری شباکێ، قەباخ پەری سوار کردن، مۆرکردن بە ئاوی کانی سپی و چاک کردنی سمات و داخوازی نیاز و سەردانی مەزاری پیاوچاکەکان و سێ جار بە دەوری مەزاری شێخ ئادی دا دەخولێنەوە و دەبن بە حاجی.

**٤- جەژنی ڕۆژوو:** ئێزدییەکان هەموو ساڵێک لە ڕۆژانی سێشەممە، چوارشەممە و پێنج شەممەدا کە دەبێتە ١٥ و ١٦ و ١٧ی مانگی ١٢ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن و ڕۆژی چوارەم کە دەبێتە ١٢/١٨ جەژن دەگرن. ئەوان بەیانییان کاتژمێر ٠٣:٠٠، بەرلە ڕووناک بوونی هەوا، نانی بەیانی دەخۆن و تا دوای کاتژمێر پێنجی ئێوارە کە هەوا تاریکە، بەڕۆژوو دەبن. ڕۆژێک بەرلە بەڕۆژوو بوون، واتە لە ڕۆژی ١٢/١٤دا هەموو ئەو کەسانەی باری ئابوورییان باشە، بە گوێرەی توانا قوربانی دەکەن، کاوڕ، مەڕ و بزن دەکوژنەوە. هەندێک لە گۆشتەکە بەسەر ماڵی کەسانی هەژاردا بڵاودەکەنەوە. لە ماوەی سێ ڕۆژی بەڕۆژوو بووندا، ئەو گۆشتە لەگەڵ برنج

و ساوار و شتی تر دەخۆن و زۆربەیان ڕۆژی جەژن کفتە دەخۆن. لەو جەژنەشدا سەردانی نەخۆشەکان و بنەماڵەی شەهید و کراس گۆڕەکان دەکەن. سەبارەت بە جەژنی ڕۆژوو هادی دوبانی بەڕێوەبەری کاروباری



ئێزدییەکان لە بەڕێوبەرایەتی ئەوقافی پارێزگای دهۆک بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی دیموکراتی کوردستان دوا و گوتی:

- (ئەمرۆ جەژنی ڕۆژی ئێزدییەکانە و کوردی ئێزدی جەژنانە لە یەکتر پیرۆز دەکەن)، بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکانیش دەڵێت: (لە چوار وەرزی ساڵدا ئێزدییەکان جەژن و بۆنەی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام ئێزدییەکان ٤ جەژنی سەرەکیان هەیە، ئەو چوار جەژنە لە دانیشتنی پەرلەمان ژمارە ١٦ ساڵی ٢٠١٠ بە فەرمی ناسێندران، هەروەها ئەم جەژنانە پشوو دەبێ بۆ فەرمانبەرانی ئێزدی و ئەوانیش بەیتین لە: جەژنی سەری ساڵی ئێزدییەکان، جەمای، چلەی هاوین، لەگەڵ جەژنی ڕۆژووی ئێزدییەکان کە ئەمرۆ یەکەم ڕۆژووی جەژنی ڕۆژووی ئێزدییەکانە کە ئێزدییەکان لەو جەژنەدا ٣ ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن و ئەو ڕۆژووانە لەسەریان فەرزە و دەبێت ئێزدییەکان بەرۆژوو بن، هەروەها بۆ جەژن هەر ئێزدییەک لەو جەژنەدا ئاژەڵێک سەر دەبڕێت و دەیکاتە خێر.) گوتیشی: (هەندێک ئێزدی ٤٠ ڕۆژ لە زستان، ٤٠ ڕۆژیش لە هاویندا بەڕۆژوو دەبن، بەڵام ئەو ڕۆژووانە فەرز نین و هەر کەسێک بگرێت خێری دەگاتێ.)

**٥- جەژنی بێلندێ هەینی "هەینی درێژ":** ئەو جەژنە لە ڕۆژی هەینی دووەمی چلەی زستاندا دەستپێدەکات و پێوەندیی بە وەرزی چاندن هەیە. لەو جەژنەدا ئێزدییەکان ئاگر هەڵدەکەن و لە ئێوارەی پێنج شەممە، لەبەر

دەرگــایماڵەکانیــان ئــاگر دەکەنەوە و پێــی دەڵــێن گورکــا گــای. کاتێــک جوتیــاران گەڕانەوە نێــو دێ، ســێ جــار گایەکانیــان بەدەوری ئەو ئــاگرەدا دەگێڕن و خۆشیان سێ جار بەسەر ئاگرەکەدا بازدەدەن و دەڵێن: **(یا خودا و یــا تــاوس مەلیــک لە گونــاحی ئــێمە خــۆش بە.)** ئەو جەژنە، بە جەژنــی بەرەکەت و ژیانی نوێی ئێزدییەکان دەناسرێت و هەر بنەماڵەیەکی ئێزدی بە گــوێرەی ژمــارەی ئەنــدامانی نــانێکی "خەولێــر" کە نــانێکی تــایبەت و هەنــدێک ئەستورە، دروست دەکــات. دەنکێــک مێــوژ دەخەنە نــاو ئەو نــانە تــایبەتە و دوای ئامــادە بــوونی، گەورەی مــاڵ، نــانەکە بەســەر هاوســەر و منداڵەکانیدا بەش دەکات. ئەو کەسەی مێوژەکەی بەرکەوێت، دەڵــێن خێر و بەرەکەتـــــــی دواڕۆژی بنەماڵەکەیـــــــان لە ناوچـــــــاوانی ئەو دایە. لە سەردەمەکانی کۆنــدا لە گوندەکانی ئێزدیــی نشینــدا، سەرۆک عەشیــرەت و ئاغاکانیان بەو شێوازە هەڵدەبژاردن.

**٦- جەژنــی خــدر ئەلیــاس:** ئەم جەژنە دەکەوێتە ڕۆژی پێــنج شــەممەی یەکەمــی مــانگی شــوبات، مــانگی دووەمــی ســاڵ بە ســاڵنامەی شــەرقی. ئەو جەژنەش پێوەنــدی بە سروشــتەوە هەیە. لەم جەژنەدا خــواردنی "بێخــوێن" دروست دەکەن. ئەوە خــواردنێکە لە حەوت تــام پێکــدێت و نــابێ خــوێن لەو تامانەدا هەبێت. خواردنەکە زیاتر لە گەنم، جۆ، نۆک، تۆوی گوڵەبەڕۆژە، خــوێ و ئــاو پێکــدێت، ئەو تامــانە تێکەڵ دەکەن و دەیهــاڕن تــا وەک ئــاردی لێبێــت و بەو خــواردنە دەڵــێن بێخــوێن. لەو جەژنەدا ئێزدییەکــان قوربــانی نــاکەن و بە بــڕوای ئەوان خــدر ئەلیــاس پیاوچــاکێکی نەمــرە. جــگەلە ئێزدییەکــان چەنــد نەتەوەی تــریش وەک تورکەکــان، کوردەکــانی ئــایین کــاکەیی و کــوردە سوننەکان خدر ئەلیــاس یــان خدری زینــدە بە ڕێــبەری ئایینی خۆیان دەزانن.

**٧- جەژنی قوربان:** ئەم جەژنە تایبەتە بە قوربــانی کردن و ئێزدییەکان بە گــوێرەی توانــا پەلەوەر یــان ئاژەڵێــک قوربــانی دەکەن و بەشــێکی دەبەخشن و ئەویتری بۆخۆیان دەخۆن. لە گەلی لالەش[٢]، پیاوانی ئایینی

دەچنە سەر چیای عەرەفات[٣] و لەوێ سەما دەکەن. ئەم جەژنە پێوەندی بە ئیبراهیم خەلیل یەکەم پێغەمبەرەوە هەیەو هەندێکیش دەڵێن ئەوە جەژنی شێخ شەمسە. لەگەڵ ئەو جەژنانەی سەروو، ئێزدییەکان کۆمەڵێک بۆنە و ڕێورەسمی جیاوازیان هەیە کە ئاماژە بۆ چەند دانەیان دەکەم:

**١- بۆنەی تەواف:** هەرجێیەکی ئێزدییەکان قوبە یان زیارەتگەی لێ هەیە کە تەمسیلی پیاوچاکێک دەکات. ئێزدییەکان دوای جەژنی سەری ساڵ "لە مانگی نیسانەوە بە ساڵنامەی شەرقی" تا وەرزی پاییز لە ناوچە جیاوازەکاندا ڕێز لەم بۆنەیە دەگرن. شادی دەکەن، سەر قوبەی مەزارەکان خاوێن دەکەنەوە، سمات دروست دەکەن. سمات خواردنێکی تایبەتی ئێزدییەکانە کە لە گەنم و گۆشت دروست دەبێت و هەندێک جار لە جیاتی گەنم لە ساوار و شتی تر کەڵکوەردەگرن. تەوافەکانی ئەو بۆنەیە پێوەندیی بە شارستانیەتە دێرینەکانی وەک بابل و سۆمەر لە میزوپۆتامیا هەیە.

**٢- بۆنەی نان و ماست:** ئەم بۆنەیە لە وەرزی بەهار و نەورۆزدا کە گیا و گوڵ سەردەردێنن، بەڕێوەدەچێت. ئەو بۆنەیە کە ماوەکەی دوو مانگە هەر جارەی دانیشتوانی گوندێک دەچن بۆ پەرستگەی لالەش و نان و ماست و زەیت "ڕۆن" لەگەڵ خۆیان دەبەن و لەوێ پێکەوە دەیخۆن. ڕێورەسمی ئەو بۆنەیە، بە وتەی زانایانی ئێزدیی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی بابل و سۆمەر. نان لای ئێزدییەکان پیرۆزە و بە سەرچاوەی ژیانی دەزانن.

**٣- فتیلەی بە مۆم، یان چرا:** فتیلەی بە مۆم، یان چرا بە لای ئێزدییەکانەوە بە هێمای ڕۆژ دەناسرێن و تەمسیلی خۆر دەکەن و دەڵێن پێوەندیی دیالیکتیکیان بە نوری خوداوە هەیە و بەبێ نور ژیان نابێ و ڕێزی دەگرن. هەروەها ڕێز لە خاک، ئاو و هەواش دەگرن و دەڵێن ژیان لەوانە پێکهاتووە و بەبێ ئەوانە ژیان نابێت. ئەو کاتەی چرا نەبوو، ئێزدییەکان هەموو چوار شەممان لە لالەش و لە بۆزا کە پێی دەڵێن لالەشی بچوک و خاکی پیرۆزن بۆ ئێزدییەکان و هەموو گوندەکانی ئێزدیی

زەیتونیان لە فتیلە دەكرد و بە هێمای ڕووناكی هەڵیاندەكردن. لە جەژنی چوارشەممەی سور، ئێوارەی هەموو چوار شەممان و ڕۆژانی هەینی دا كە كەش تاریك دەبێت، لە لالەش ٣٦٥ فتیلەی مۆم یان چڕا هەڵدەكەن. شوێنی ئەو مۆمانە دیارە و ئەركی ئەو مۆم هەڵكردنە هی ئافرتێكە كە خزمەت كردنی لالەشی لە ئەستۆیە. دایە شیرین خەڵكی شەنگال لە سەردەمی ئێستادا ئەو ئەركە بەڕێوە دەبات.

**٤- بۆنەی شەف بەرات:** ئێزدییەكان لەو شەوەدا نانون و وەكو شەوی لەیلەتولقەدر، پیاوانی ئایینی لە دەوری ئاگر سەما دەكەن. فەقیر تاج و بەرگی تایبەت بە شێخ ئادی لەبەر دەكات. لەو شەوەدا پیاوانی ئاینی ئیزیدی تا بەیانی تێكستی ئاینی ئێزدی دەخوێنن و سەما دەكەن. ئەم بۆنەیە، بە وتەی زانایانی ئێزدیی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی بەرلە زەردەشت. لە سەردەمەكانی كۆندا ئەو بۆنەیە لە ڕەواندز، كەركوك و سلێمانیش بەڕێوە دەچوو. بەگشتی ئەم جەژن و بۆنانەی ئێزدیان پێوەندیان بە فیكر و فەلسەفە و سروشتەوە هەیە و ئێزدییەكان پەیڕەوییان لێ دەكەن.

دوای داگیركردنی شەنگال لەلایەن داعشەوە، زۆربەی ئێزدییدییەكان جەژن و بۆنەكانیان پیرۆز ناكەن و دەڵێن چۆن دەبێت لەكاتێكدا زیاتر لە پێنج هەزار كچ و ژنمان لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون، بتوانین جەژن بگرین. لە جەژنی ڕۆژووی ئەم ساڵدا من لە ڕۆژانی ١٦ تا ٢٠١٥/١٢/٢٠ لەلای ژمارەیەك لە ئێزدییەكانی دهۆك و لالەش بووم. دەیانگوت:

**- (ئێمە ئەمساڵ لە چاو ساڵانی بەرلە داگیركردنی شەنگال و گوندەكانی دەوروبەری لەلایەن داعشەوە، زۆر بێ زەوقین و لالەش بەتاڵە. ئەگەرنا بەشێكی زۆری ئێزدییەكان بە بنەماڵەوە دەهاتن بۆ لالەش و ئەوانەش كە توانای هاتنیان نەبوو، بە ماڵی دراوسێییەكانیاندا دەگەڕان و گەردن ئازادییان لە یەكتر دەكرد.)**

پێویستە بڵێم هێنری لایارد ئارکیۆلۆگ و دیپلۆماتکاری بریتانیایی ساڵی ١٨٤٩ لە کتێبەکەیدا گەلێک زانیاریی بەکەڵک سەبارەت بە جەژنە ئایینییەکانی ئێزییەکانی تۆمار کردوە(٤). ئێزدییەکان، لە جەژنەکانی لالەش دا لە سەماو مۆسیقای وەک: تەمبور، دەف و بلوێر "شباب" کەڵک وەردەگرن، بلوێر لای ئێزدییەکان پیرۆزە و دەڵێن پێوەندیی بە سروشتەوە هەیە. لە جەژنەکاندا چەند مەراسمێک بەڕێوەدەچێت. لە هەرکامەیان ئاوازی تایبەت و تێکستی ئایینی تایبەت دەگوترێتەوە، بە گوێرەی بزوتنەوەی سەماکان جورێکی تر ئاوازیان هەیە کە بە مۆسیقا ناگوترێت، تێکستی پیرۆزی دینی کە پێی دەڵێن "کۆبری" و پیاوە ئایینییەکان و قەواڵ و مجێور دەیڵێن.

لە جەژنەکاندا، ئێزدییەکان کێشە و گرفتەکانیان لەگەڵ یەکتر چارەسەر دەکەن و ڕیش سپییەکانی ئێزدی هەوڵدەدەن نەهێڵن ناکۆکی لە نێوان بنەماڵە ئێزدییەکاندا بمێنێت. لە گوندەکان و شارەکاندا دەچن سەردانی نەخۆشەکان و بنەماڵەی شەهید و کراس گۆڕەکان "مردووەکان" دەکەن. جگەلەو جەژن و بۆنانە، کوردی ئێزدی گەلێک داب و نەریتی تایبەت بە خۆیان هەیە، وەک:

- **کریڤ:** ئێزدییەکان بەچەشنی جوولەکەکانو موسڵمانەکان، کوڕەکانیان خەتەنە دەکەن، بەڵام کچەکانیان نا. کریڤ بەو واتایەیە، ئەگەر خانمێکی ئێزدیی منداڵی نێرینەی ببێت، دەبێ بنەماڵەکەی خەتەنەی بکەن. ئەگەر کەسێک منداڵی کەسێکی تر لەسەر ڕانی کریڤی خۆی دابنێ و کاتی خەتەنە کردنی دڵۆپە خوێنێکی منداڵەکە بڕژێتە سەر جلوبەرگ و کراسی ئەو کەسەی منداڵەکەی پێیە، منداڵی بنەماڵەی ئەو کەسە لەگەڵ ئەو منداڵە دەبن بە کریڤ و وەک برای شیرییان لێدێت. تەنانەت ئەگەر کوڕێک شیری دایکی کچێک بخوا. لە دواڕۆژدا ئەو کچ و کوڕە ناتوانن پێکەوە هاوسەرگیریی بکەن. ئەو دابە لەنێو کوردی سوننەشدا هەیە.

**٢- هاوسەرگیریی:** لە ئایینی ئێزدییەکاندا مرید تەنیا لەگەڵ مرید هاوسەرگیریی دەکات و پیر و شێخەکانیش تەنیا لە چوارچێوەی چینی خۆیاندا. جگەلەوە ئێزدییەکان ناتوانن لەگەڵ ئەندامی ئایینەکانی تریش هاوسەرگیریی بکەن و ئەگەر کوڕ یان کچێکی ئێزدی لەگەڵ موسڵمان یان هەڵگری ئایینێکی تر هاوسەرگیریی بکات، بەو واتایەیە کە ئەو کەسە لە دینی ئێزدی دەردەچن.

کوڕ لەگەڵ کچی دڵخوازی دادەنیشێت و ئەگەر لەگەڵی ڕێککەوت، دایک و بنەماڵەی کوڕەکە دەچنە ماڵی کچەکە و خوازبێنی کەچەکە دەکەن. ئەگەر بنەماڵەکان رازیبوون، لە دانیشتنێکی تردا کوڕەکە و کچەکە دەبەنە ماڵی شێخی گوند، یان شارەکەیان و لەلای شێخی "شێخ هەسن" لە یەکتریان مارە دەکەن. قۆناخی سێیەم گواستنەوەی کچەکە بۆ ماڵی مێردەکەی بە شایی و دەهۆڵ و زورنا، کاتێک بووک گەیشتە بەردەرگای زاوا، زاوا و چەند دۆست و برادەری دەچنە سەر بانی ماڵەکەیان و ڕەسمی پێشوازییکردنی بووک بەجێ دەگەیەنن. زاوا مستێک خۆڵ لە سەر بانی ماڵەکەیان هەڵدەگرێت و لە دوورەوە بەسەر بووکی دادەکات و کاتێک بووک گەیشتە دەرگای ماڵی زاوا، بووک دەرگای ماڵی زاوا ماچ دەکات و بە شوێنی پیرۆزی خۆی ناودێری دەکات و دەچێتە ماڵی تازەی خۆی. لە ئاینی ئێزدیدا فرە ژن هەیە، پیاوی ئێزدی دەتوانێ یەک، دوو، یان سێ ژنی هەبێت، بەتایبەتی ئەو پیاوانەی هاوسەرەکانیان نەخۆش بێت و توانای پێکەوە ژیانیان نەبێت. هەروەها ئێزدییەکان کاتی بەمێردانی کچەکانیان مارەی دەستێنن. مارەیی کە پێی دەڵێن "قەلەن" یان "نەختی کچان" پێشتر پارە بووە و لەلایەن باوکی کوڕەوە دراوە بە باوکی کچ بۆ کڕینی پێداویستییەکانی بووک و ئێستا ٧٥ گرەم زێڕ یان کەمتر وەک مارەیی وەردەگرن.

بابە چاویش نابی هاوسەرگیری بکات. لەنێو پیرەکان و ژنەکانیشدا "دای فەقرا" دەکرێ هەمان ئەرکی بابی چاوشیان هەبێت و ببن بە مجێور و خزمەتی لالەش بکەن.



**٣- کراس گۆڕین:** بە ئایینی ئێزدیی مرۆڤ بە چوار قۆناخی "لەدایک بوون، ژیان، مردن و کراس گۆڕین"دا تێدەپەڕێت. ئەوان باوەڕیان بە گۆڕینی ڕۆح هەیە، واتە کاتێک مرۆڤ دەمرێ ڕۆحی دەمێنێت و جەستەی دەگەڕێتەوە بۆ خاک کە لێی دروست بووە. هەموو ئێزدییەک کە کراسی گۆڕی، ڕۆحەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لالەش و بە شێوەی خوارەوە لێپیچینەوەی لەگەڵ دەکرێت. لە حەوشەی لالەش جێیەک هەیە کە پێێ دەڵێن "سوکی مەعرفەت". هەروەکوو لەم وێنەیەدا دەیبینن، سوکی مەعرفەت بەردێکی بچووکە لەنێوان ئەو پێنج بەردانەدایە و پێی دەڵێن بەردی "ئەرەسات". لەکن ئەو بەردە کە لە نزیک قوبەی مەزاری شێخ ئادییە، لێپرسینەوە لە ڕۆحەکان دەکرێت. ئێزدییەکان دەڵێن هەموو ئێزدییەک کە کراس دەگۆڕێ، ڕۆحەکەی دەگەڕێتەوە بۆلای سوکی مەعرفەت و لەوێ لەلای قوبەی مەزاری پیرمەندی حەکەم، لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت و ئاکار و کردەوەکانی هەڵدەسەنگێندرێت. ڕۆحی کەسی کراس گۆڕ، خۆی باس لە ئاکار و کردەوەکانی خۆی لە دنیادا دەکات و دەڵێت لە دنیادا چی کردوە و دواتر دەچێتە لای شێخ ئادی و لەوێوە ڕەوانەی ئاسمان دەکرێت. بە گوێرەی کردەوەکانی لەسەر دنیا، ئەگەر چاکەکانی زیاتر لە خراپەکانی بێت، ئەوا



دەچێتە بەهەشت، ئەمەش بەو واتایەیە کە ڕۆح دەگەڕیتەوە بۆ سەر زەوی و دەچێتە نێو جەستەی بوونەوەرێکی باش. ئەگەر چاکە و خراپەکانی کەسی کراس گۆڕ وەک یەک بێت، ئەو ڕۆحە دەچێتە تاریکستان کە لە نزیک دوزەخ هەڵکەوتووە و لەوێ شێخ و پیرەکانی لە خودا بۆی دەپاڕێنەوە کە لێی ببوورێت و بیگەڕێننەوە بۆ بەهەشت کە خودا قبوڵی دەکات و ئەو دەگەڕێتەوە نێو جەستەی بوونەوەری باش. ئەگەر خراپەکانی کەسی کراس گۆڕ لە چاکەکانی زیاتر بێت، ڕۆحەکەی دەچێتە جەهەنەم و لەنێو بوونەوەرێکی خراپدا جێ دەگرێت.

١- مێژووی ساڵنامەی شەرقی هەندێک ساڵ ١٤ ڕۆژ و هەندێک ساڵ ١٣ ڕۆژ بەرلە مێژووی زاینییە، بەو واتایە یەکی نیسان (٤/١) بە ساڵنامەی شەرقی، دەبێت بە ٣/١٧، مانگی سێ ٣١ ڕۆژە.
٢- گەلی لالەش لەنێوان سێ چیای عەرەفات، حزرەت و مشەت هەڵکەوتووە.
٣- چیای عەرەفات لە ڕۆژهەڵاتی گەلی لالەش هەڵکەوتووە.
4- Layard, A.H, The Yezidis. In Nineveh and its Remains with an Account of a

# جوغرافیا و ڕێژەی کوردی ئێزدی

لە بەشی "کوردەکانی ئێزدی"دا گوتم: (**باسکردن لە مێژووی کوردی ئێزدیی، باسکردنە لە مێژووی نەتەوەی کورد.**) بەو بۆچوونە، هەرێمی جوغرافیا و شوێنی نیشتگەی کوردی ئێزدی لە سەردەمەکانی پێشوودا، هەموو ئەو ناوچانەی گرتوەتەوە کە کوردی ئێزدی لێ نیشتەجێ بوون. ئەو شوێنە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا و سنورەکەی لە باکورەوە لەگەڵ ئازەربایجان و ئەرمەنستان و تورکیا دایە. لە باشورەوە ئێران و کەنداوی فارس و لە ڕۆژهەڵاتەوە ئێرانە و لە ڕۆژئاواشەوە دوو وڵاتی عێراق و سوریایە.

بە گشتی ئەو هەرێمە کە کوردستانی ناوە، لەنێوان ٣٠ تا ٤٠ پلەی هێڵی ئیستیوا دایە کە بەرامبەرە لەگەڵ ٣٧ تا ٤٨ پلەی گرینویچ و ڕووبەرەکەی ٥٢٠٠٠٠ کم دووجایە. لەو ڕێژەیە ٢٥٠٠٠٠ کم دووجای لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی تورکیادا. ١٧٥٠٠٠ کم دووجای لەژێر دەستەڵاتی ئێران و ٩٧٠٠٠ کم دووجای لەژێر دەسەڵاتی عیراق و ٢٣٠٠٠ کم دووجاشی لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی سوریا دایە و بەشێکی بچووکیشی لە ئەرمەنستان و ئازەربایجان لە ناگۆرنۆ قەرەباغ هەڵکەوتووە و لاچین شاری کوردان و لە سەردەمی لێنیین دا لەنێوان سالانی ١٩٢٩وە تا ١٩٢٣ ناوچەیەکی خودموختار بووە و دواتر لە سەردەمی ستالین دا هەڵوەشێندراوەتەوە.

درێژایی خاکی کوردستان لە باکورەوە بۆ باشوور ١٠٠٠ کم و پانایی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا ٧٥٠ کمە. کوردستان وڵاتێکی شاخاوییە، لە شوێنە بەرزەکاندا گوند و هەواری زۆر هەن، ئەگەر لەسەر نەخشە سەیر بکەین زنجیرە چیای تۆرۆس، کوردستان لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات لەت دەکات و دەیکات بە دوو بەش. خاکی کوردستان گەلێک دەوڵەمەندە و کانزا و دەشتی بە پیت و بەرەکەتی هەیە. لەوانە دەشتی ئیدر کە نزیکەی ٦٥٠ کم دووجایە، گەلێک کشتوکاڵ و دەغڵودانی تێدا دەکرێت.

لە سەردەمەکانی کۆندا، بەرلەوەی کە دانیشتوانی کوردستان ئاینی ئیسلام بە ئاینی خۆیان قبوڵ بکەن، کوردی ئێزدی کە کوردی ڕەسەن و پێکهاتەی سەرەکی ئەو سەردەمەی کوردستان بوون، دانیشتووی ئەو هەرێمانە بوون، بەڵام دواتر بەرە بەرە شوێنی ژیانیان بەرتەسک کراوەتەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە ئەمرۆ لێی نیشتەجێن کە دواتر پەنجەی بۆ ڕادەکێشم. لەو بارەیەوە شەرفخانی بدلیسی لە کتێبی شەرەفنامەدا کە ساڵی ١٩٨١ مامۆستا هەژار موکریانی کردویەتە کوردی، لە لاپەڕەی ٢٧٥دا ئاماژە بۆ سێ تیرەی کوردی ئێزدی لە ناوچەی جەزیر دەکات و دەنوسێت:
**(لە شاری جەزیر و دەوروبەریدا گەلێک دژی دژوار و ناوچەی هەواخۆش و سازگار هەیە کە ئێمە لەم نامەیەدا هەر ناوی چاردە قەڵا و ناوچەی وەبیر دێنین:**

**١- ناوچەی گورگێل: کە لەسەر چیای جودی یە و دەڵێن گەمیەکەی نوح پێغەمبەر- درود لەویش و لە پێغەمبەری خۆشمان بێ- بەسەریەوە گیرساوەتەوە. لەو ناوچەیەدا حەوت تیرە دەژین.**

**ئا- شەهریوەری- ب- شەهریلی- ج- گورگێل- د- ئەستوری، ئەم چوار تیرەیە شیعە مەزەبن. هە- نیویدکاون- و- شورش- ز- هیودڵ، ئەم سێ تیرەش ئێزدین.)**

لەلایەکیتردا شێخ شامۆ شێخۆ دەڵێت: **(جگە لە کورد لەنێو نەتەوەکانی تردا ئێزدی نییە. زمانی ئێزدییەکان کوردیە و لە جوغرافیای کوردستاندا دەژین. بەرلە هاتنی ئیسلام هەموو کوردەکان ئێزدی بوون، بەڵام دواتر دابەشبوون بەسەر ئیسلام و ئێزدیدا. هەموو ئێزدیەک کوردە، بەڵام هەموو کوردەکان ئێزدی نین.)**

هەر لەو بارەیەوە، دوکتۆر سەعید خودێدا دەڵێت: **(کە ئیسلام هاتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەنێو دانیشتوانی کوردستاندا ئێزدی و زەردەشتی هەبوو. ئیسلام هات و فەلسەفەی ناوچەکەی تێکدا و دوو بەش و سێ بەشی کرد و جوغرافیای ناوچەکەی شێواند. لە سەدی ١٨یەمدا جوغرافیای دینی ئێزدییەکان تا ناوچەی کەرکوک دەچوو، لە سەدەی نۆزدەدا سنوریان**

گەیشتە ناوچەی کەڵەک و خەبات. هەرلە سەدەی ١٩دا سنوری ئێزدییەکان هات بۆ گوندی مەهەت "مەهەتە عیسۆ" لە ناوچەی شێخان. نادر شا ساڵی ١٧٤٥ زۆربەی ئێزدییەکانی ناوچەی کەرکوکی کوشت و لە ناوچەی قەرەقوش لە ١٠ کیلۆمەتری موسڵ، کچ و ماڵ و سامانی ئێزدییەکانیان تالان کرد.) لە درێژەی ئەو باسەدا، شێخ عەلۆ شێخ خەلەف دەڵێت: (لە سەردەمەکانی نە زۆر کۆندا، جوغرافیای ئێزدییەکان لە تەورێزەوە دەستی پێکردوە، بە هەرێمەکانی هەکاری، ئامەد دا هەڵکشاوە بۆ شام و لەوێشەوە بە هەرێمەکانی حەسەکە، قامیشلو و موسڵدا تا کەرکوک چووە بۆ کرماشان و ئەو هێڵەی گرتووەتەوە.) لە درێژەی وتەکانیدا شێخ عەلۆ دەڵێت: (میر ئێزدین لە تەورێز بوو، تا شێخ ئادی مامی بابی شێخ ئادی نەهاتە لالەش، تەورێز بەرلە هەزار ساڵ پایتەختی ئێزدییەکان بوو. دواتر لە تەورێزەوە هات بۆ لالەش و ئەوێ کرا بە پایتەختی ئێزدییەکان.)

هەرلەو بارەیەوە پیر حەسەن سلێمان "بابە چاویش" دەڵێت: (لە خۆراسان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێزدی هەیە و هەرجێیەک ئێزدی هەبێ، دینی ئێزدیشی لێیە، عوسمانییەکان و تورکەکان دوژمنی سەرەکی ئێمە بوون.)



سەبارەت بە جوغرافیا و شوێنی ئێستای کوردی ئێزدی، نەمر کەچۆ هەسام "حاکم نەمر" دەڵێت: (جوغرافیای ئێستای ئێزدییەکان لە باکوری کوردستان: وێرانشار، نوسیبین، مدیات، دیاربەکر، شرناخ، هەکاری، قارس و سەرحەدە. لە ڕۆژئاوا: حەسەکە، قامیشلو. ئامودا و عەفرین. لە ڕۆژهەڵات ناوچەی کرماشان و لە باشوری کوردستان: خانەقین، بەشێک لە پارێزگاکانی کەرکوک، هەولێر، دهۆک و موسڵ.) لە درێژەی وتەکانیدا حاکم نەمر دەڵێت: (عەشایری کوردی تورکیا لە

ناوچەکانی دیاربەکر، باتمان، نوسیبین، وێرانشار و زۆر جێی تر ئێزدین و تاوسیان هەیە. بەشێکیشیان بە زۆر موسڵمان کراون.)

هەروەها سەعید جەردۆ مەتۆ دەڵێت: (زۆربەی دانیشتوانی قامیشلو، ئامودا، عەفرین و گوندەکانی سەربەو شارانە ئێزدین.)

کوردی ئێزدیی کە لە بواری ئایینیدا جیاوازییان لەگەڵ کوردی تر هەیە، ناوچە جوغرافییەکەیان لەگەڵ کوردی تر جیاوازە. ئێزدییەکان ئەمڕۆ لە باشوری کوردستان، چوار قەزا، ناحیەیەک و دێیەکانی سەر بەو قەزایانە پێکدێنن کە بریتین لە: قەزای تلکیف، قەزای سیمێڵ، قەزای زاخۆ، قەزای شەنگال و ناحیەی باشیک. چیای مەقلوب و هێڵی ستراتیژی چیاکانی لالەش، ئەرقوش، بێ خێر و چیای شەنگال هەرێمی ژیانی کوردی ئێزدین.

ژمارەی دروستی کوردی ئێزدی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا ڕوون نییە، بەڵام زانایان و مێژوونوسانی کوردی ئێزدی لەو باوەڕەدان کە ٦٠٠ هەزار کەسیان لە باشوری کوردستانن. بە وتەی دوکتۆر سەعید خودێدا مامۆستای زانکۆی دهۆک: لە عێراق ٦٠٠ هەزار ئێزدی هەیە، لەو ژمارەیە ٤٠٠ هەزاریان لەنێو چادردا دەژین و دۆخیان زۆر خراپە. هەروەها بە وتەی حازم میر تەحسین بەگ جێگری میری ئێزدیان، لە جۆرجیا ١٥٠٠٠، لە ئەمریکا ٤٢٠٠٠، ڕوسیا ٦٠٠٠، ئەڵمانیا ١٢٠ هەزار و ئەرمەنستان و ئەوروپادا ئێزدی هەیە. لە ٤٢ گوندی پارێزگای حەسەکە و ١٢ گوندی عەفرین سەربە پارێزگای حەلەب ئێزدی هەن. شێخ شامۆ شێخ شێخۆ، شێخیئێزدیان و سەرۆکی بنکەی لالەشی کوردستان دەڵێت:

- (لە ئەڵمانیا ١٢٠ هەزار ئێزدی دەژین. لە ئەرمەنیا، جۆرجیا، قەفقاز و مۆسکۆ نزیکەی ٢٠٠ هەزار ئێزدی هەیە. لە شوێنەکانی تر ٥٠ هەزار کوردی ئێزدی دەژین. بەرلە پەلاماری داعش بۆسەر کوردی ئێزدی نزیکەی ٦٠٠ هەزار ئێزدی لە باشوری کوردستان بوون و بە گشتی ژمارەی ئەمڕۆی کوردی ئێزدی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا نزیکەی یەک ملیۆن کەس مەزندە دەکرێت.)

# پەرستگەی لالەش

پەرستگەی لالەش لە باکوری ئاکرێ، ڕۆژهەڵاتی موسڵ و باشوری ڕۆژهەڵاتی دهۆک هەڵکەوتووە. ٥٠ کیلۆمەتر لەگەڵ شاری دهۆک، ٧٠ کیلۆمەتر لەگەڵ ئاکرێ و ٣٥ کیلۆمەتر لەگەڵ موسڵ مەودایەتی و ١٢ کیلۆمەتر لە قەزای شێخان و ١٤ کیلۆمەتر لە باعەدرێ دوو شوێنی ئێزدیی نشین دوورە و لەگەڵ شەنگال ١٧٧ کیلۆمەتر مەودایەتی و ٣٦٦ هێمای خاس[1] و پیاوچاکانی لێیە. لە دڵی شیوێکدا هەڵکەوتووە کە بە گەلی لالەش دەناسرێت و ئەو شیوە لەنێوان سێ چیای عەرەفات، حزرەت و مشەت دایە. چیای عەرەفات لە ڕۆژهەڵاتی گەلی لالەشە. دوکتۆر مەمۆ فەرمان عوسمان دەڵێت: **(لەلاش مەزارگەیەکی میترائی بووە، دواتر زەردەشتییەکان و دوای ئەویش کەنیسەی حەننا-مارحننای لێبووە و لە ئاخردا ناوی لەلاشی ئێزدییەکانی لێنراوە.)**

ئێزدییەکان دەڵێن ئێمە وەک موسڵمان، مەسیحی و جولەکەکان نیین کە بتوانن لە هەرجێیەک مزگەوت و کەنیسە هەبوو، بچن زیارەتی بکەن، بەڵکو ئەوان بەستراوەییان بە خاک و لالەش هەیە و وەک خۆیان دەڵێن: دەبێ ڕێوڕەسمی ئایینی و کەلتوریی و جەژنەکانیان لەوێ پیرۆز بکەن. بە وتەی پیر حەسەن سلێمان "بابە چاویش" سەرپەرشتی خزمەتکردنی پەرستگەی لالەش: **(کاتێک کێشە و ناخۆشیی کەوتە ناو دینی ئێزدایەتی و ئەوان لە دینی خۆیان دوور کەوتنەوە و ژیانی ئاسایی کەوتە نیو مرۆڤ و ئەوجا شێخ ئادی وەک دەروێش هاتووە بۆ لالەش و لە ساڵی ١١٦١دا ئەو جێیەی ئاوەدان کردوەتەوە و زیاتر لە ٤٠ ساڵ لەوێ بووە و هەرلەوێش کراسی گۆڕیوە و "وەفاتی" کردوە.)**

ئەو جەژن، بۆنە، ڕێوڕەسم و داب و نەریتانەی کە پێشترلە بەشی **"جەژن و بۆنەکانی کوردی ئێزدی"** و بەشەکانی پێشووتریدا ئامـاژەم بۆ کردن، لە پەرستگەی لالەش ڕێز لەم بۆنانەش دەگێردرێت: سەما و قەنتارە، بەری

شـباکێ، قەبـاخ پەری سـوار کـردن، مۆرکردن بـە کـانی ئـاوی سـپی و چـاک کردنـی سـمات و داخـوازی نیـاز و سـەردانی مەزاری پیاوچاکەکـان و حەج کـردن. هەروەهـا گێڕانـی ڕێوڕەسـمی تـاوس و پیرۆزیـی ئەو ڕۆژە و وەک هێمایەکی ئێزدیان گرنگی ڕۆژی چوارشەممەی سور و ...تد.

لـە لالـەش دوو ئـاوی مـوتفەڕک هەیە. ئـاوی سـپی کە لـە زارکـی گەلـی لالەش بەرلە دەرگـای چـوونە ژوری پەرستگەی لالـەشـە، هەڵکەوتـوە و ئـەوی تریان ئاوی زمزمە لـە هۆدەی چوونە ژوورەوەی لای مەزاری شێخ ئادی بـەژێر زویدا دەڕوات. چوونە سەر ئەو ئاوە کە شوێنەکەی زۆر تەنگە و دەبێ بەنێو ئاودا بۆی بچی بۆ مرۆڤی قەڵەو و ئەستوور هەندێک دژوارە، بەڵام من خۆم سێ جار ئاوی زمزمم لەو کانییە خواردوەتەوە.

لـە لالـەش حەوت قـوبە هەیە کە قـوبەی مەزاری خـاک و پیاوچاکـانی ئێزدین. دوو قوبە لـە سـەربانی مەزاری شـێخ ئـادی هەن، قوبە گەورەکەیـان هی شێخ ئادی یەکەمەو ئەویتریان بۆ ڕێزگرتن لـە شێخ ئادی دووەم دانراوە، چـونکە شـێخ ئـادی دووەم لە لایەن مەنگوڵەکـانەوە دەسـتگیر و بـردراوە بـۆ عاسیمە لە مەنگۆلیا و لەوێ لە سێدارەیان داوە.

حەوشەی پەرستگەی لالەش کە مەیدانی پێدەگوترێ شوێنی لێپچینەوەی ئەرواحە و ئێزدییەکـان کە مـردن ڕوحیـان دێـتە ئەم حەوشـەیە و لەوێ حیسـابی چـاکە و خراپەیـان لەگەڵ دەکرێـت و لەوێـوە ڕەوانەی ئاسـمان دەکرێن و دوای پاککردنەوەی، ڕۆح دەگەڕێندرێنەوە سەر زەوی و دەچێتە نێو جەسـتەی بـوونەوەرێکی تـر. بەو واتـایە، ڕۆح نەمـرە و بەتەنیـا جەسـتە دەمرێت، واتـا لـە خـاکەوە هـاتووە و دەگەڕێتەوە بـۆ خـاک. مامۆستا فـالح خەڵکـی باشـیک مامۆسـتای پەروەردە، کە وەک خـۆبەخش دێـتە لالـەش و خـزمەت دەکـات. لـە دیدارێکمـدا لـە پەرسـتگەی لالاش، ڕۆژی ١٢,٢٠١٥/١٩، پێی گوتم:

**(ڕۆژانـی جەژن نـزیکەی ١٠٠٠ کەس خزمەتـی خـاوێن کـردنەوەی لالـەش دەکەن و ڕۆژانی تر نزیکەی ٥٠ کەس کە هەموویان بە خۆبەشی دێن.)**



لە پەرستگەی لالەش جگەلە مەزارگەی شێخ ئادی، زیارتگەی شێخ ئادی دووەم. شێخ شەمس، میر سجاین، شێخ هەسن و شێخ موس هەیە. لەسەر مەزارگەی شێخ دوو قوبە سێ قوبە هەیە، قوبەی ناوەڕاست، واتە ئەوی گەورە هی شێخ ئادی یەکەمە و ئەوی بچووکتر زیارتگەی شێخ ئادی دووەمە و ئەوی سێیەم و بچووکتر لە دووەکانی تر زیارتگەی شێخ هەسنە. هەوەها ژوورێک هەیە کە پێی دەڵێن ئەستونی مەرازە: ئەستونی مەرازە، ستونێکی نزیک بە ١٦٠ سانتی مەتر بەرز و ئەستوراییی نزیکەی ٧٠ سانتی مەترە. لەنێو ئەشکەوتێکی ناڕێکی هەشت مەتر لە پێنج مەتر دایە. سێ کولانەی بچوکی تێدایە. بەرزاییەکەی نزیکەی ٣- ٤ مەترە و دەرگایەکی بچوکی ٨٠ لە ١٧٠ سانتی مەتری هەیە کە ڕووی لە بەشی باشوری قوبەی شێخ شەمسە. لە بناری گەڵییەکە هەڵکەوتووە و بە پلەکانی بۆی دەچن. کۆگایەکی بچوکی ٣ لە ٤ و چێشخانەیەکی ٥ لە٤ مەتری هەیە. ئەستونی مەرازە مجێوری تایبەت بەخۆی هەیە. دیوارەکانی پێشەوەی ئەشکەوتەکە و کۆگا و چێشخانەکەی لە بەرد و قسڵ پێکهاتووە. نوسراوەیەک لەسەر بیناکە هەیە کە لەسەری نوسراوە **(پیر مەرعان بابە چاویشی پێشوو لە ساڵی ١٩٨٥دا تەعمیراتی ئەو شوێنەی کردوە[٢].)**



ئێزدییەکـان دەچـنە ئەو جێـیە بـۆ ئەوەی کە نیازیـان بەجـێ بگـات، دەپاڕێنەوە و دەست بە دەوری ئەستونەکە دەگرن، ئەگەر دەستیان بگـاتەوە یەکتر، تێدەگەن نیازەکەیان بەجـــێ دەگـــات. ڕۆژی ٢٠١٥/١٢/١٢ مـن لەوێ بـووم کە بنەمـــاڵەیەک زیـــارەتی ئەستونی مەرازەیان دەکرد. گوتیـان ئـاوارەی شـەنگالن و هـــاتوون بـــۆ زیـــارەت و پـــاڕانەوە کە نیازەکانیـــان بەجێ بگات. سلێمان سلێمان سەیدۆ گەورەی ئەو بنەماڵەیە بوو.



بەهەر حـاڵ بە زانسـتی ئێزدییەکـان لالـەش سـەنتەری ژیـانە و کاتێـک تەقینەوە بووە، جگەلە خودا هەموو ئەستێرەکان و دنیا لەوێوە دروست بوون و دوای لالەش ژیان لەسەر زەوی پەیدا بووە.

---

١- زانایـانی ئـاینی کـۆنی ئێـزدی کە خزمەتـی ئـاینی ئێزدییەکانیـان کـردوە، بە نـاوی خـاس دەناسرێن، وەک نەسرەدین، شێخ بابک، مەمـی شیوان و بە دەیـانی تر. خاسـەکان پلـەیەکـی بـاڵای ڕوحانیەتیان هەیە و وەک پێغەمبەرەکان کە کەرامەتیان هەبووە، بەڵام پێغەمبەر نەبوون.

٢- هەمـوو جـارێ کە پەلامـاری ئێزدییەکانیـان لە لالەش داوە، بەشـێک لە پەرسـتگە و شـوێنە پیرۆزەکانیشیان وێران کردوە. خێرخوازانی ئێزدی دوای ئەو پەلاماردانـانە، وێرانییەکـانی لالـەشیان چاک کردوەتەوە. خێرخوازێک بە ناوی "تەبرع سالْح چەتە" خەڵکی باکوری کوردستان کە لە ئەڵمانیا دەژی، ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٠ حەوشەی لالەشی سەنگ فەرش کردوە.

# حکومەتی هەرێمی کوردستان و چالاکیی خوێندن و ڕۆشنبیری لەناو کوردی ئێزدی دا

خوێندن و خەباتی ڕۆشنبیریی لە ڕیزی کوردی ئێزدی دەگەڕیتەوە بۆ دەیەی دووەمی سەدەی ١٩ زایینی. ئەو کاتەی هەر سێ هەرێمی باکور، باشور و ڕۆژئاوای کوردستان لەژێردەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بووە. ساڵی ١٩١٥- ١٩١٧ لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهاندا کە عوسمانییەکان پەلاماری ئەرمەنەکانیاندا، ئێزدییەکانی باکوری کوردستانیش وەبەر ئەو پەلامارە کەوتن و لە ئاکامدا بەشێک لەو کوردانەش لەگەڵ ئەرمەنەکان ڕایان کرد و پەنایان بۆ ئەرمەنستان برد. چونکە لەوێ وەک تورکیا و ئێران دژایەتی ئایینی و ڕەگەزی نەتەوەی کورد نەدەکرا، کۆماری ئەرمەنستان لە ساڵانی ١٩١٨- ١٩٢٠دا مافی سیاسیی بۆ کوردان بە ڕەسمی ناسی و ساڵی ١٩٢٠ پەنجا خوێندنگەی بۆ کوردەکان دانا و ئەوان ڕێگەی خوێندن و خەباتی ڕۆشنبیرییان بۆ کرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کوردە ئێزدییەکانی ئەرمەنستان توانیان ببن بە خاوەنی کتێب، ڕۆژنامە، ڕادیۆ و بەرهەمی فیلمی سینەمایی بە زمانی خۆیان و کتێب لەسەر مێژوو، ئایین و ڕەگەزی خۆیان بڵاوبکەونەوە.







یەکەم ڕۆمان بە زمانی کوردی ناوی "شوانی کورد" بوو کە ساڵی ١٩٢٧،

عەرەب شەمۆ بڵاویکردەوە و یەکەم فیلمی سینەمایی کوردیی بەناوی "زار" ساڵی ١٩٢٧ لەلایەن کوردە ئێزدییەکانەوە لە یەریڤان هاتە سەر شانۆ. کوردی ئێزدی لە دەیەی ٤٠ی سەدەی ڕابردوودا بە دەستپێشخەری حاجی جوندی، جاسم جەلیل، خەلیل مورادۆڤ و ئامینە عەودال ڕادیۆ یەریڤانیان دانا[1].

ڕۆژنامەی ڕێیا تازە بەرهەمی دوای ئەو یاسایە بوو کە کۆماری دیموکراتی ئەرمەنستان بۆ نەتەوەی کوردی پەسەند کرد. یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ڕێیا تازە ڕۆژی ١٩٣٠/٣/٢٥ بە دەستپێشخەریی عەرەب شەمۆ لە شاری یەریڤان بڵاوکرایەوە و بۆخۆشی سەرنوسەری بوو، ئەو ڕۆژنامەیە بایەخێکی زۆری بە پاراستن و زیندووکردنەوەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی و گەشەپێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتی کورد دەدا. یەکەمجار بابەتەکانی ڕێیا تازە، بە زاراوەی کرمانجی سەروو، و بە پیتی لاتین بڵاوکرایەوە و دواتر لە ساڵی ١٩٥٥وە بەپیتی "سلاڤی" روسیی چاپ دەکرا[2].




دووەم هەنگاوی خوێندن و ڕۆشنبیریی بۆ کوردی ئێزدی دوای دابەش بوونی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە عێراق بەڕێوەچوو. ساڵی ١٩٤٥ شێخ ئیبراهیم خدر چوو بۆ بەغدا و داوای کرد خوێندنگە بۆ کوردی ئێزدی بکرێتەوە. لەو بارەیەوە شەمۆ قاسم سەرنوسەری گۆڤار و هەفتەنامەی لالەش لە باشوری کوردستان دەڵێت: **(ڕژێمی پاشایەتی عێراق لە ساڵی ١٩٤٨دا یەکەم خوێندنگەی بە زمانی عەرەبی بۆ کوردی ئێزدی لە شێخان دانا و لە شەستەکانیشدا دوو خوێندنگەی ئاینی لە باشیک و خەتاری**

کرایەوە و ئافرەتانی ئێزدیش چوونە خوێندنگە و لە دەستپێکی ١٩٧٠دا، لە شار و گوندەکانی ئێزدیان دا خوێندنگە کرانەوە و ئافرەتانی ئێزدیش چوونە خوێندنگە.) جگەلە ئەرمەنستان، ئافرەتانی ئێزدیی لە ئازەربایجان، گورجستان "تفلیس"، مۆسکۆ و باشوری کوردستانیش، پێبەپێی پیاوان لە کاروباری ئاینی و ڕۆشنبیریی کوردی ئێزدیدا بەشداریان کرد. لەو بارەیەوە ڤیان دەخیل سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەت لە مێژووی ڕۆشنبیریی ئێزدییەکاندا لە عێراق و باشوری کوردستان دەڵێت: (تا ئەو جێیەی من دەزانم ڕۆڵی ئافرەتان لە کاروباری ڕۆشنبیریی ئێزدییەکاندا، دەگەڕیتەوە بۆ نزیکەی ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر. لەو ساڵانەدا ئافرتێکی زۆر بەناو و دەنگ هەبوو کە پارێزگاریی لە ئێزدییەکان دەکرد، ناوی مەیان خان و دایکی میر تەحسین بەگ میری ئێزدییەکان بوو. تەنانەت ئەو دەوری هەبوو کە میر تەحسین بەگ ببێتە میری ئێزدیەکان و کەسایەتییەکی مەزن و خاون ناو بووە. دوای مەیان خان



ئیتر ژنانی ئێزدی لە چوارچێوەی ماڵ و کاروباری ماڵەکەیان و یارمەتیدانی هاوسەرەکانیان بووە لە کێڵگە و کاری کشتوکاڵدا کە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای عەشایریی ئێزدییەکان لەو سەردەمەدا. نزیکەی ٤٠ ساڵ لەمەوبەر لە ناوچەکانی بەعشیقە و بەحزانیە کە بەرای من ناوی ئەو دوو شوێنە (باشیک و بارزان) بووە و لە نزیک چیای مەقلوب لە ١٣ کیلۆمەتری موسڵ هەڵکەوتوون، لەوێ کچانی ئێزدی ڕێگایان بۆ خوێندنگە کراوەتەوە و کاریگەریی چوونی ئەو کچانە بۆ خوێندنگە ڕەنگدانەوەی

**لەسەر شارەکانی شەنگال و شێخان دانا و لەوێوە ئافرەتانی ئێزدی پێبەپێ پیاوان لە خوێندنگەکاندا بوون و هاوکات خەباتی ڕۆشنبیرییان دەکرد.**

هەر لەو بارەیەوە حازم تەحسین بەگ جێگری میری ئێزدیانی جیهان سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەتان لە ئایینی ئێزدییەکاندا دەڵێت: **(مەیان خاتوونی دایکی سەعید بەگ و نەنکی تەحسین بەگ بۆ ماوەی ۱۰ ساڵ، بەدوای مردنی سەعید بەگدا، چونکە تەحسین بەگ بچووک بووە، میرایەتی کردوە.)** ناوبراو لە کۆتایی وتەکانیدا دەڵێت: **(ئەگەر ئافرەت میرایەتی ئێزدییەکان بکات کۆمەڵگا بەرەوپێش دەچێت.)**

دوای ئازادبوونی باشوری کوردستان و پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەمووی بەربەستێک لەبەر دەم خەباتی، ئاینیی، سیاسی، خوێندن و ڕۆشنبیریی کوردی ئێزدی هەڵگیرا و کوردی ئێزدیش وەک کوردەکانی تر بەبێ جیاوازیی بەشدارییان لە بەڕێوەبردن و گەشەپێدانی کوردستان کرد. ڕۆژی ۱۹۹۳/٥/۱۲ بە هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان "بنکەی لالەش"یان وەک ڕێکخراوێکی مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی لە دهۆک دامەزراند. بنکەی لالەش بارەگایەکی سەرەکی لە دهۆک هەیە و لە کۆمەڵگای شاریا، خانکێ، باعەدرێ، شێخان، باشیک، بەحزان "بە وتەی خۆیان بارزان"، شەنگال و سنون و هەروەها لە ئەڵمانیا لقی هەیە. هەروەها هەرکام لەو لقانەی بنکەی لالەش، یەک یان چەند نوسینگەیان هەیە.

بنکەی لالەش بۆ گەشەپێدانی ئاستی کۆمەڵگای کورد و بەتایبەتی کوردی ئێزدیی تێدەکۆشێ و لە بوارەکانی ڕۆشنبیریی، یەکسانی لەنێوان ژن و مێرد و دیموکراسیدا خەبات دەکات. کتێب و نامیلکە و ڕۆژنامە بڵاودەکاتەوە و ساڵانە سیمینار و کۆبوونەوەی جۆراوجۆر و خولی ڕۆشنبیریی پێکدێنێت و ڕێوڕەسمی ئاینی لە پەرستگەی لالەش بەڕێوەدەبات. بنکەی لالەش خاوەنی پەیڕەو و پڕۆگرامی تایبەت بە خۆیەتی و دەستەیەکی بڵندی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی هەیە کە بریتیە

لە: سەرۆکی دەستەی باڵا، جێگر، لیژنەی ڕۆشنبیریی، لیژنەی دارایی. لیژنەی پێوەندییەکان، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی توێژینەوە و بەدواداچوون.

بنکەی لالەش ڕێز لە میر تەحسین بەگ میری ئێزدیان و بابە شێخ و ڕۆحانیەتی ئێزدیان دەگرێت. لە ساڵی ١٩٩٥دا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێشنیازی بنکەی لالەش، ڕەزامەندی لەسەر کردنەوەی خوێندنگەی تایبەت بۆ ئێزدیان دا و ئێستا ٣٤٥ خوێندنگە و ١٣٠ هەزار خوێندکاری ئێزدیی لە باشوری کوردستان هەیە و لە پۆلەکانی ١٠، ١١ و ١٢دا، هاوکات لەگەڵ خوێندنی وانەی ئاسایی وانەی تایبەت بە ئاینی ئێزدیان دەخوێنن و بۆ ئەو مەبەستەش وەزارتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کتێبی تایبەت بە ئاینی ئێزدی بۆ داناون کە زانایانی ئاینی ئێزدی کتێبەکانیان نوسیوە و لە زۆربەی خوێندنگەکاندا ئێزدی دەخوێندرێت.

بنکەی لالەش گۆڤارێک و هەفتەنامەیەک بڵاودەکاتەوە: یەکەم ژمارەی گۆڤاری لالش لە پاییزی ساڵی ١٩٩٣دا بە زمانی کوردی، زاراوەی کرمانجی "بادینی" و زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە. تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٥، بنکەی لالەش ٤٢ ژمارەی لە گۆڤاری لالەش بڵاوکردوەتەوە. شەمۆ قاسم سەرنوسەری گۆڤاری لالەشە و نوسەرەکانی بریتین لە: کۆڤان ڕێسان حەسەن، عەلی جۆقی عەیدۆ، ئەیاد حەجاج، ئەرشەد حەمەد، پێشکەوت تارق و شیوان بیبۆ. هەروەها خدر پیر سلێمان خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری لالەشە. ناوی هەفتەنامەی بنکەی لالەش "دەنگی لالش"ە و تا ڕۆژی ٢٠١٥/١٢/٢١، ژمارەی ٣٨٤ی بڵاوکراوەتەوە. شەمۆ قاسم سەرنوسەری ئەم هەفتەنامەیە و نوسەرەکانی بریتین لە: عەلی ڕەشیدانی، یوسف بەری، جەلال مزگین، بەختیار، قادر، جەعفەر سمۆ، جمال کودی، کاوە عەیدۆ، خەلەف حەجی حەمەد و نەعیم عەلی عەسکەر و دەستەی باڵای بنکەی لالەش خاوەن ئیمتازی ئەم هەفتەنامەیە.



جــگەلەوە، ئافرەتــانی ســەر بە بـــــــنکەی لالـەش ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٨ ڕێکخراوێکـی تـایبەت بەخۆیـان لەژێر دروشـمی "گەشـەپێدانی ژنـا ئێـزدی" دامەزرانــد. نــاوی ئەو ڕێکخــراوەی ئافرەتــانی ئێــزدی داک "دایــک"ە و سوزان سەفەر ئەندامی دەستەی بـاڵای بـــنکەی لالـەش بەرپرســـیەتی. لەو بارەیەوە چنـار شـەمۆ دەڵێت: **(سۆزان ســەفەر بەرپــرس و هەدیە حوســێن جێگر و حەوت ئافرەتیش بەم ناوانەی خـــوارەوە ئەنـــدامی دەســـتەی بەڕێوەبەری داکن: چنار شـەمۆ، ڤیـان ئەکرەم، ئاواز خەلیل، دلڤین ڕەشید، خێرات بێدرڤان، ست لـەیلـی و نـافین سمۆقی.)** چنار شەمۆ قاسم سـەبارەت بە چالاکییەکـانی "داک" دەڵێت: **(داک ٣٠- ٤٠ ئـافرەتی چـالاکی لە بەشـە جیاوازەکانـدا هەیە و لە بوارەکـانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری هاوکاریی ئافرەتی ئێزدی دەکەن.)**

ئێزدییەکـان ئەنجومەنێکیـان بە نـاوی "ئەنجـومەنی ڕۆحـانی ئێزدیـان" هەیە کە خاوەن پرۆگرامە و مانگانە جارێک بە بەشداریی میری ئێزیدیان، بابەشـێخ و مەزنـی قەوالان و چەنـد ئەنـدامی کـۆدەبنەوە و لە بوارەکـانی کـۆمەڵایەتی و دینـی کوردی ئێزدی خەبـات دەکەن و ئێستا هەوڵـدەدەن بە بەشـداریی ١٠٠ کەس، "ئەنجـومەنی بــاڵای ئێزدیــان" دابمەزرێــنن و ئەو ئەنجـومەنە سـەبارەت بە کاروبـاری سیاسـی، کـۆمەڵایەتی و دینـی کـوردی ئێزدی خەبـات دەکـات. میـری ئێزدیـان سـەبارەت بە دیاردەکـانی ئـایینی و کـۆمەڵایەتی پێوەنـدیی بە عەشـیرەتەکانـەوە هەیە. نـاوبراو لـەگەڵ سـەرۆک هۆزەکان، شێخەکان و پیرەکان لـە پێوەندیدایە.

هەروەکوو پێشتر ڕامگەیاند کوردی ئێزدی لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستاندا بەشدارن و لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستاندا وەزیر، ئەندام پەرلەمان و قایمقامیان هەیە و چەندان مامۆستا و بەڕێوەبەریان لە زانکۆکانی کوردستان و بەتایبەتی زانکۆی دهۆک هەیە.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم ئێزدییەکان هەروەها لە بوارەکانی مۆسیقا و سرود و ئاواز و گۆرانی دەستی باڵایان هەیە. لەو بارەیەوە کۆڤان خانکێ دەڵێت: ئێمە ڕێز لە مۆسیقا و سرود دەگرین. لەنێو ئێمەدا سرود، قەول و بەیت و قەسیدە بە کۆمەڵ و بە کۆڕ و لەگەڵ دەنگی تەمبور، دەف و بلوێر "شباب" دەگوترێت.

---

١- جاسم جلیل یەکەم سەرۆکی ڕادیۆ یەریڤان بوو، دوای ئەو خەلیل مورادۆڤ بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ لە ١٩٥٧وە تا ١٩٨١ ئەو ئەرکەی بەڕێوەبرد.

٢- لە سەردەمی ستالیندا لە ١٩٣٧، کوردەکانی ئەرمەنستان بوونە قوربانی کۆچی زۆرەملی و هەزاران کورد بەزۆر لە ئەرمەنستان دوورخرانەوە.

ساڵی ١٩٩٥، ئۆردیخان جەلیلی کوردی ئێزدی دانیشتوی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بە میوانی هات بۆ سوید و بۆ ماوەی دوو شەو میوانم بوو. ناوبراو بە درێژی لەسەر دۆخی کوردە ئێزدییەکانی ئازەربایجان، ئەرمەنستان، لە دەردەمی ستالیندا قسەی بۆم کرد.

# پێوەندیی ئاینی ئێزدی لەگەڵ ئاینەکانی تر

ئێزدییەکان دەڵێن ئێزدایەتی یەکەم دینی مرۆڤایەتییە. پێشتر خودای باران، خودای شەڕ، خودای ئاشتی، خودای جوانی، خودای خۆشی و ....تدمان هەبوو. خۆرپەرست و میترانی بووین و دواتر لە ئیبراهیم پێغەمبەرەوە خودامان ناسیوە و پەیڕەویمان لە ئاینی یەکتا پەرستی کردوە. بە تیۆریی و فەلسەفەی ئێزدییەکان هەموو دینەکانی سەر زەوی لە دینی ئەوانەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە کە ناوەندەکەی کوردستان و پەرستگەی لالەشە. ئەوان دەڵێن: دیانەتی کۆنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە یەزدان واتا خوداوە هاتووە. نوسەران و مێژوونوسانیش باوەڕیان بەو گوتنە هەیە. بۆ نمونە زەردەشتەکان[1]، کاکەییەکان[2]، عەلەوییەکان[3]، مەسیحییەکان و موسڵمانەکانیش، دیانەتی یەزدانی سەرچاوەی دینەکانە. دەڵێن: دیانەتی ئێزدییەکان وەحدانیەتە و دەڵێن خێر و شەڕ لای خودایە، بەلام ئایینەکانی ئیسلام، مەسیحی، یەهودیەت و زەردەشتییەکان چاکەکان بۆ خودا دەهێڵنەوە و خراپەکان بۆ شەیتان و ئێمە ئێزدییەکان دەڵێن ناکرێ خودا بوونەوەرێکی دژبە خۆی دروست بکات و لەلای ئێمە شەیتان بوونی نییە. لەبەر ئەوە جولەکە، مەسیحی، موسڵمان و هەروەها زەردەشتییەکانیش کە فارسەکان بوون، بەتێکڕا دوژمنی ئێمە بوون.

لەو ڕوانگەیەوە، کاتێک لاپەڕەکانی مێژووی سەبارەت بە دینی ئێزدییەکان هەڵدەدەینەوە کە لەلایەن نوسەران و گەشتیارانی ئەوروپی، عەرەب، تورک و فارسەوە تۆمارکراون، توشی گەلێک بۆچوونی ناڕێک و دژ بە یەکتر دەبینەوە کە خوێنەر لە ڕاستییەکانی ئاینی ئێزدیی دوور دەخەنەوە. هەندێک سەرچاوە ڕایان وایە ئێزدیزم کارکتەری سانکریتی، ئیسلامیی، کریستیانیی و یەهودیەتی بەسەرەوە. ل. کراژیوسکی L .Krajewski لە وتارێکیدا کە لەژێر ناوی "ئاینی شەیتان" ڕۆژی ١٩٣٢/١١/١٥ لە گۆڤاری مێرکوردێ فرانس Mercurede France دا بلاویکردوەتەوە، دەڵێت:

- (ئێزدییەكان هەرگیز نوێژ ناكەن، مەگەر بۆ خۆر. لەوكاتەدا كە بەیانییان خۆر دێتەدەر، ئێزدییەكان دەبێ سێ جار لە بەرامبەریدا سوجدە بەرن و بڵێن: ڕۆژ بە ڕووی مندا دەرهاتووە. ئای چارەڕەش هەستە و واجبی دینیی خۆت بەجێ بێنە! خودا یەكە و شێخ ئادی خۆشەویستی خودایە. سڵاو لە شێخ ئادی! و ئەو قوبەیەی كە ئەو لە ژێریەتی، شاهیدی دەدات كە ڕەگەزی ئێزدی لە ئامێزی شێخ ئادی دا سەری بەرز كردوەتەوە. دواتر ئەو جێیە ماچ دەكەن كە یەكەم تیشكی خۆری لێكەوتووە و بەردێك بۆ دیاریی كردنی شوێنی پیرۆزی شێخ ئادی لە زەوی دەنێن و سێ جار بە دەوری بەردەكەدا دەسوڕێنەوە. لەكاتی بەجێهێنانی ئەو ڕێوڕەسمەدا نابێ هیچ كەسێك لە پەیڕەوانی دێن و ئایینەكانی تر بیانبینێت، یان كەسێك لە پەیڕەوانی دین و ئایینی تر ئەو ببینن[٤].)

بەخوێندنەوەی سەرچاوەكان دەردەكەوێت ئێزدییەكان هەرلە سەردەمی عەباسییەكانەوە تەنگیان پێهەڵچنراوە و ڕاونراون. ئومەوییەكان لەبەر هەرهۆیەک بووبێت پارێزگاریان لە ئێزدییەكان كردوە و دواتر لەوەوە بەهەڵە لە سەرچاوە عەرەبییەكاندا ناوی ئێزدییەكان لە "خواپەرستان"ەوە كراوە بە "الیزیدیة"، واتە لایەنگرانی یەزید. سەرچاوە عەرەبییەكان ڕایان وایە ناوی ئێزدییەكان لە "خواپەرستان"ەوە كراوە بە "الیزیدیة"، واتە لایەنگرانی یەزید. جوغرافیاناسی فەڕەنسی Planhol دەڵێت: ڕەنگە شیعەكان ئەم ناوەیان بەسەریاندا سەپاندبێت كە تەواو ڕقیان لە خەلیفە یەزید دەبووەوە[٥]. ئیمپراتۆری عوسمانی بە نارەوا تۆمەتی لە پەیڕەوانی ئەم ئاینە دەدا و بە پەرستنی شەیتان تاوانباری دەكردن و بە درێژایی چەندین سەدە كوشت و بڕی یەكجار بێ بەزییانەی لێ كردوون. مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری كۆمەڵی ئیسلامی باشوری كوردستان لە وتوویژێكی تایبەت دا كە دەنگی لای من تۆمار كراوە، دەڵێت:

- (ئێزیـدی لـە سـەدەی ٧- ٨ کـۆچی پەیـدابوون، بەرە بەرە لـە ئیسـلام دوورکەوتـــنەوە. ئەوانە هەنـــدێک ئەفکاریـان وەرگرتـووە کـە هـی بەرلـە ئیسلامە، لـە مێژووی ئیسلامیدا نـاوی ئێزیـدی نیـیە و لـە سـەدەی ٦- ٧ی کۆچیـدا ناویـان پەیـدابووە و بەرە بەرە لـە ئیسلام دوورکەوتنەوە. ئێمە ئێزدییەکان بـە موسڵمان دەزانـین کـە دواتـر عەدی کـوڕی موسـافیر ئەوانـی بەرەو خـــۆی ڕاکێشـــاوە و چـــونکە پاشـــخانێکی ئەمەویـــان هەبـــووە، خۆشەویسـتیان بـۆ یەزیـد و ڕەقیـان لـە حوسـێن دەبـۆوە و دەڵـێن ئەگەر حوسێنێک بکوژی خێرە.)





لـە بەرامـــبەر ئەو بۆچـــوونەی مامۆسـتا عەلـی بـاپیردا، مامۆسـتا عەبـــدوڵا حەســـەن زادە ســـکرتێری پێشـــووی حیزبـــی دیمـــوکراتی کوردســـتانی ئێـــران لە وتـــووێژێکی تایبەتـــدا ڕۆژی ٢٠١٦/٢/١٦ پێـــی ڕاگەیانـــدم: (ئەوانەی غەیـــرە موسڵمانن و تەنانەت ئاگر پەرستن و لە وڵاتێکی ئیسلامیدا دەژین، جـاران دەیانگوت ئەگەر سەرانە بدەن و ئەمڕۆ بـووەتە بـاج، مـافی هاووڵاتیـان بـە چەشنی موسڵمانەکان هەیە و نابێت موسڵمانەکان دەستدرێژی بۆ سـەریان بکەن. نایشارمەوە تاڵترین ڕووداو کە لـە ژیـانی سیاسیی خۆمدا بینیومە، ئەوەیە کە بیستم ئافرەتانی ئێزدی لە بازاڕدا بـە ١٠٠ و ٨٠ دۆلار دەفرۆشن،

لە حاڵێکدا لەگەڵ هەموو ڕێزم بۆ پلەی مرۆڤایەتی ئەمرۆ بزنێک بە ١٠٠ دۆلار نادەن.)

حازم میر تەحسین بەگ جێگری میری ئێزدیان سەبارەت بە پێوەندیی ئێزدییەکان بە یەزیدی کوڕی معاویە و ڕەوا بوونی کوشتنی حوسێن لەلای ئێزدییەکانەوە بە تەواوی ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: **(یەزیدی کوڕی معاویە هیچ پێوەندی بە ئێزدییەکانەوە نیە و ئەوەیان بۆ کوشتنی ئێزدییەکان، بەوانەوە لکاندوە. ئەمە ڕاست نییە کە حوسێن کوشتن لای ئێزدییەکانەوە هەبێت و ئێزیەییەکان هەڵگری ئاینیکی ئاشتیخوازن و لەو باوەڕەدان کە هەموو ئایینەکان پێوەندیان پێکەوە هەیە و ئەو پێوەندیانەش بۆ ناوچەکەیان دەگەڕیتەوە.)**

شێخ شامۆ شێخۆ سەبارەت بە یەزیدی کوڕی معاویە دەڵێت: **(شیعەکان یەزیدی کوڕی معاویەیان بە ئێزدییەکانەوە لکاندوە کە دەستیان زیاتر واڵا بێت لە کوشتی ئێزدییەکاندا، ئەگەرنا هێچ پێوەندییەک لەنێوان ئێمەی ئێزدی و یەزدی کوڕی معاویەدا نەبووە و کوشتنی کەسێکیش کە ناوی حوسێن بێت، لای ئێمە بوونی نییە و ئەوە درۆیەکی هەڵبەستراوە.)**

بەخوێندنەوەی سەرچاوە مێژووییەکان، ئاینی ئێزدیی سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانی لەگەڵ ئاینەکانی تر هەروەکوو لە ڕەوتی ئەم کتێبە و لە بەشی **"جەژن و بۆنەکانی کوردی ئێزدی"**دا بینیمان، لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کەلتوریی، دینی و ڕێوڕەسمە باوەکان لە جیهان و بەتایبەتی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێوەندیی بە هەموو ئاینەکانەوە هەیە. لەو بارەیەوە شێخ شامۆ شێخۆ سەرۆکی دەستەی باڵای بنکەی لالەش و ئەندامی خولی هەشتەمی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی دەستەی مادەی ١٤٠ی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە پێوەندیی ئاینی ئێزدییەکان لەگەڵ ئایینەکانی تری کوردستان وەک کاکەیی و یارسان دەڵێت: **(ئێمە لە میزوپۆتامیادا هەموومان لق و پۆی درەختێکین و لە بیروبۆچووندا هەندێک نزیکی یەکترین.)**

١- لەسەر بنەمای بیروبۆچوونەکان و بڕواکانی زەردەشت پێکهاتووە. ئەم ئاینە، جیهان وەکو دووبەرەکییەکی بەردەوام لەنێوان هێزی پاک و هێزی خراپەدا دەبینێت. خوداوەند "ئاهورامەزدا" خودای چاکە و حیکمەتە، دانەر و پێکهێنەری ئەم جیهانەیە و "ئەهریمەن" یان "ئەنگرامەینو" ڕۆحە خراپەکانن، مرۆڤیش بوونەوەرێکی ئازادە و تاکە ئەرکی سەرشانی بریتییە لە یارمەتیدان و سەرخستنی ئاهورامەزدا، ئەم ئاینە بە شێوەیەکی گشتی لەناو فارسەکاندا بڵاوبووەوە و لە سەدەی شەشەمی پێش زایین بوو بە ئاینی سەرەکی لە ناوچەکەدا و تا سەرهەڵدانی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا ئاینێکی گرنگ بوو و بڕواداری زۆری بوو. ئێزدییەکان ڕایان وایە، ئاینی زەردەشت لە ئاینی ئەوان جیابووەتەوە. ئەڤێستا کتێبی زەردەشتە کەوا بە کتێبێکی پیرۆز دادەنرێت لەلایەن شوێنکەوتوانی ئاینی زەردەشتی. وشەی ئاڤێستاش بە مانای بنچینە و بینای پتەوە. ئەم کتێبە بە زمانی ئاڤێستایی نووسراوە، ئەمەشیان زمانێکی کۆنە کە پێوەندیەکی زۆری بە زمانی فارسییەوە هەیە، زمانی سانسکریتی و زمانی کوردی. کە بە زمانی کوردی بە ئاوێستا دێت. زۆر جار مەترسی لەناوچوونی بووە. ئاوێستا لە ڕۆژگاری هەخامەنشینەکانەوە هەزار بەش بووە لە ڕۆژگاری ساسانیەکاندا ٣٤٨ بەشی مابۆوە بریتی بوو ٣٤٥٧٠٠ وشە فیردەوسی لە شانامەکەیدا ئاوێستا بە ١٢٠٠ بەش دادەنێت بەڵام ئەو ئاوێستایەی ئێستا هەیە ٨٣٠٠٠ وشەیە و شەش بەشە و هەر بەشە و چەندین بەشی لێ دەبێتەوە. قیبلەی زەردەشتیەکان بە چەشنی ئێزدییەکان تیشک و ڕووناکیە. ئەوان لەڕۆژدا دەتوانن بەرەو ڕۆژ و شەوانە لەبەرانبەر تیشکی مانگ، ئاگر، مۆم، چرا نوێژ بکەن. زەردەشتیەکان تەنها لە ئاتەشکەدا ڕوو دەکەنە ئاگر و نوێژ دەکەن و تەنانەت ئەو کەسانەی لە دراوسێ ئاتەشکەدەکانن ڕوو لە ئاتەشکەدە نوێژ ناکەن. ئاگر لە مەزدەیەسنا هێمای" ئەشا"یە. ئەو ئاگرەی لە ئاتەشکەدەدایە وەک ئاڵای مەزدەیەسنا و هێمای شووناسی دینی –کولتوری زەردەشتیەکانە. شایانی باسە لە ئاینی زەردەشتیدا لە شەو و ڕۆژدا پێنج جار نوێژ دەکرێت.

٢- کاکەیی، ئەهلی حەق یان یارسان بەر لە سەدەی یانزدەی زایینی لە لوڕستان دامەزرا و لە شارەزوور و هەورامان لە لایەن موبارەک شا بابە خوشین بڵاوکرایەوە و لە لایەن سوڵتان ئیسحاقەوە چاکسازی تێدا کرا و لە هەورامان شوێنێکی پاڕانەوەی بە ناوی "نیازگە" بنیات نا و شارۆچکەی "پردی وار"ی کردە بنکەی چالاکیەکانی خۆی. ئەهلی حەق باوەڕیان بە عەلی و ئیمامەکان هەیە و لە هەمان کاتدا مووسا و ئیلیاس و عیسا و داوودیشیان لا پیرۆزە و بڕوایان بە حەوت دیاردەی ئاسمانی یەک لە دوای یەک هەیە کە

هەریەکە و چوار یان پێنج فریشتەیان لەگەڵدا بووە. لە بابەتی دووبارە بەرجەستە بوونەوەدا لەگەڵ ئێزدیەکان کۆکن. ئەوان بابە یادگار دەپەرستن کە ساڵی ١٥٩٦ کۆچی دوایی کردوە و مەزارەکەی بۆتە شوێنی حاجیان. لە مریدەکانی ئەهلی حەق لە گوندەکانی گۆرانی عێراق و لورستان لە ئێران و ئێلەکانی دیلفان هەن.

٣- عەلەوی یان قزڵباش، ئاینەکەیان زیاتر مرۆییە، رەفتارە لیبراڵە کۆمەڵایەتیەکانیان زۆر لە ئیسلامی سەرەتاییەوە دوورە. بۆ نموونە ژن و پیاو لای ئەوان یەک پلەی هەیە. زۆر گرنگی بە رۆژووی رەمەزان نادەن. خواردنەوەی مەی قەدەغە ناکەن. بۆنە ئایینەکانیان کە هەمیشە سەماو ئاهەنگی لەگەڵدایە، لە مزگەوت ناکرێن و لە شوێنی کۆبوونەوە ئەنجام دەدرێن کە بە "جوم ئێڤی" ناویان لێ دەبرێت و لە لایەن سەرکردە ئایینەکانیانەوە بەڕێوە دەبرێن کە بە دەدە یان سەیید دەناسرێن. کتێبێکی پیرۆزی دیاریکراویان نیە. ڕێز لە قورئان و ئینجیل و تەورات دەگرن. لە نێوان خواو مرۆڤایەتیدا بڕوایان بە نێوبژیوانی پێنج فریشتە و دوانزە وەزیری خوا و چل پێغەمبەر هەیە. هەندێک جار پێیان دەڵێن "سەرسوورەکان" و زۆربەیان لە ئەنادۆڵ و شارەکانی سیواس و دیاربەکر و خەربووت دەژین. قزڵباشە کوردەکان بە کوردی و زازایی قسە دەکەن. لە چیاکانی دێرسیم زیاتر لە ملیۆنێکن. خەملاندنەکانی ئەم دواییە دانیان بەوەدا ناوە کە لەوانەیە قزڵباشەکان ٢٥ لە سەدی دانیشتووانی تورکیا پێک بێنن.

٤- واسیلی نیکیتین، کورد و کوردستان، وەرگێڕانی بۆ زمانی فارسی، محەمەد قازی، لاپەڕەی ٤٨٥.

5- Xavier de Planhol, Minorites en Islam; Geographic et sociale, eg. Flammarion, Paris, 1997, p. 180

# هەوڵ بۆ نەهێشتنی کوردی ئێزدی

هەروەکوو لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا بینیمان، کوردی ئێزدی بە درێژایی مێژووی ژیانیان و بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەگەڵ شەڕ و تێکهەڵچوون و پەلاماری دەوڵەتانی دراوسێ و داگیرکەرانی کوردستان ڕووبەڕوو بوونەتەوە. بەشێک لەو شەڕانەیان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی دینی، بەڵام هۆی سەرەکی زۆربەی پەلاماردانەکانی کوردی ئێزدی لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە ئێزدییەکان بە خاک، ڕەگەز و دینی خۆیانەوە بەستراونەتەوە و ئامادە نەبوون تەنانەت دەست لە یەکێک لەوانە هەڵگرن و ئەمەش بووەتە هۆی لێدان و کوشتنیان. دیارە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتەنیا ئێزدییەکان نەکەوتوونەتە بەر هێرش و پەلاماری ڕێبەرانی ئاینی ئیسلام، بەڵکوو هاوکات لەگەڵ ئێزدییەکان ئاینەکانی تریش لەو هەرێمەدا بە شەڕ و شمشێر موسڵمان کراون و بەرلە سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام، کریستیانەکانیش دژایەتی ئێزدییەکانیان کردوە، بەڵام وەک زانایانی ئێزدی خۆیان دەڵێن دژایەتی کردنی کریستیانەکان زیاتر بە ڕێگای نوسینو تیۆرییەوە بووە، تا شەڕ و کوشتن. لەو بارەیەوە دوکتۆر موئید بەرەکات حەسەن دەڵێت: **(فەرمانی تایبەت بە شەڕ لەلایەن مەسیحییەکانەوە سەبارەت بە ئێزدییەکان نەدراوە و ئەوان بەنوسین شەڕی ئێزدییەکانیان کردوە.)**

هەر لەو بارەیەوە شێخ عەلۆ شێخ خەلەف دەڵێت: **(ئێزدییەکان دوو جار وەبەر پەلاماری گەورە کەوتوون. جاری یەکەم ساڵی ٣٣٠ بەرلە زایین، ئەسکەندەری مەکدونی نزیکەی حەوت هەزار نوسراوەی ئێزدییەکانی کە لە سەردەمی ئیبراهیم خەلیل دا لەسەر چەرمی بەرخ، ئاسک و بزن نوسرابوون سوتاند و جاری دووەم ئێزدییەکان کۆبوونەوە و کتێبیان نوسیوە و لە ٤٤٥ی کوچی دا بەدرەدین لولوە هات بۆ موسڵ[1] و لالەشی داگیر کرد.)**

لەگەڵ ئەوەشدا زانایانی ئایین و مێژووی ئێزدی دەڵێن: لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی عومەری کوڕی خەتاب دا کوردی ئێزدی زیانی قورس و قەرەبوو نەکراویان لێکەوتووە و تەنانەت کتێبی پیرۆزی ئێزدییەکانیان سوتاندوە. لەو بارەیەوە دوکتۆر سەعید خودێدا دەڵێت: **(عومەر کوڕی خەتاب دووەم خەلیفەی ئیسلام، ساڵی ٦٤ی زایینی لەشکرێکی بە فەرماندەیی عوتبە بنو فەرقەت لە موسڵەوە ناردوە و قەڵا و ناوەندەکانی ئێزدییەکانی لە لالەش و باعەدرێ لەنێوان شێخان و دهۆک وێران کردوە و زیانێکی زۆر و قەرەبوو نەکراوەی بە ئێزدییەکان گەیاندوە. عومەر ٤٠٠-٤٥٠ کچ و ژنی ئێزدی بردوە و بە زۆر لە موسڵمانەکانی مارە کردوە.)**

هەرلەو بارەیەوە دوکتۆر مەمۆ پیر فەرمان پیر عوسمان پیری گەورەی ئێزدییەکان باس لە هێرشێکی تۆمار کراو لە مێژوودا دەکات کە ساڵی ٨٦٩ ز کراوەتە سەر ئێزدییەکان و دەڵێت: **(لەو ساڵەدا موعتەسەم دوازدەیەمین خلیفەی عەباسی پەلاماری ئێزدییەکانیدا و ئەم پەلاماردانە بە یەکەم فەرمانی لەناوبردنی ئێزدییەکان دەناسرێت.)**

بە ئاینی ئێزدی هیچ نەتەوە و ئاینێک ناتوانێ ببێ بە ئێزدی و ئێزدییەکان تەنیا بە ڕێگای دایک و باوک و بنەچەی خۆیانەوە ئێزدین، بەو هۆیەشەوە وەک شێخ شامۆ شێخۆ دەڵێت: **(ئاینی کوردی ئێزدی هەڕەشە نییە بۆسەر ئاینەکانی تر.)** بەڵام پەیڕەوانی ئاینی ئێزدی دەتوانن لە ئاینەکەیان دەرچن و تەنانەت ئەگەر کوڕ یان کچی ئێزدی لەگەڵ کەسێکی سەربە ئاینێکی تر هاوسەرگیریی بکات، خۆی دەچنە سەر ئەو ئاینە. لەبەر ئەوە، دەسەڵاتدارانی ئیسلامی بۆ خاشەبڕ کردن و نەهێشتنی ئاینی ئێزدی، لە هێرشەکانیاندا بۆسەر ئێزدییەکان، دوای کوشتن و لەناوبردنی پیاوەکانیان، کچ و ژنی ئەوانیان بە بارمتە گرتوە و لە موسڵمانەکانیان مارە کردون کە تۆوی ئاینی ئێزدی نەهێڵن. جگەلەوە، دوژمنانی ئاین و ڕەگەزی ئێزدییەکان تەنیا بە کوشتنی ئەوان نەوەستاون، بەڵکوو وەک خۆیان دەڵێن: لایەنێکی تری لەناوبردنیان، وێران کردنی پەرستگەکان و

پەرستگەی لالەش و نەهێشتنی کتێبی پیرۆز و نوسراوەکانی ئێزدیی بووە، وەک کتێبی "ڕەش" و جیلوە کە بە یەکێک لە کتێبەکانی ئاینی ئێزدی ئەژمار دەکرێن و بەدرێژایی مێژوو، ئەم پەرتوکانەش بوونەتە قوربانیی ئەم زۆڵم و ستەمەی ئێزیەییەکان توشی بوون، بەڵام ئەوان وەک خۆیان دەڵێن: پیاوانی ئاینی ئێزدی، دەق و تێکستە ئاینییەکانیان لەبەر کردوە و سنگ بە سنگ بۆ نەوەکانیان گواستوەتەوە و ئەو دەقانە هەتا ئێستا پارێزراون و هەوڵیانداوە کتێبە سوتێندراوەکانیان جارێکی تر بنوسنەوە.

هەر کتێب و نوسراوەیەکی مێژوویی کە سەبارەت بە کوردی ئێزدی نوسراوە، پڕە لە هێرش و پلار بۆ سەر ئەو گەلە. دوکتۆر عوسمان یوسفی لە کتێبەکەیدا **"تاریخ و حیات اجتماعی- فرهنگی کردهای ایزدی"** کە ساڵی ١٣٩١- ٢٠١٢ لە چاپخانەی تقویم لە ئێران چاپ و بڵاویکردوەتەوە لە لاپەڕەی ٧٦ی کتێبەکەیدا ئاماژە بە سێ فەرمانی لەناوبردنی ئێزدییەکان دەکات و دەنوسێت:

**- (کوڕی ئەسیر ئاماژە بۆ ساڵی ١٥٨ هەق لە سەردەمی مەنسور عەباسی دەکات و دەڵێت مەنسور عەباسی، خالید بەرمەکی مەئمور کرد کە کوردە ڕێگرە ڕاپەڕیوەکانی ناوچەی هەکاری سەرکوت بکات. خالیدیش بە لەشکرێکەوە چوو و ئەوانی سەرکوت کرد و بۆ ماوەیەک ڕێگەی بە سەرهەڵدانی ئەوان گرت[٢].**

**- لە ساڵی ٣٦٩ هەق دا هاتووە کە عیزەتدولەی دەیلەمی بە لەشکرێکەوە چوو بۆ لەناوبردنی کوردە سەربەزێوەکانی موسڵ، شەنگار و هەکاری و ئەوانی سەرکوت کرد[٣].**

**- ئاقسەنقەر ئەلبەرسەقی "آقسنقر البرسقی" والی موسڵ ساڵی ٤١٥ هەق چەند جار لەلایەن خلیفەی بەغدا و سوڵتان مەحمودی غەزنەوییەوە ڕاسپێردرا کە کوردە تێکدەرە ڕاپەڕیوەکانی شەنگال و موسڵ تێک بشکێنێت[٤].)** هەرلەو بارەیەوە زانایانی مێژووی ئێزدیی دەڵێن: **(لە سەردەمی عەباسییەکاندا ئەمیرێکی ئێزدی هەبوو بەناوی گوهدز داسنی کە**

ناوچەی بادینانی لەژێر کۆنترۆڵدابوو. خەلیفە ئەبوو جەعفەر مونسور ساڵی ٧٦٦ی زاینیی وەزیرێکی بەناوی خالید کوڕی بەرمەک نارد کە کوردستان داگیر بکات.)

عەبدولرەزاق ئەلحەسەنی، لە کتێبەکەیدا[٥] ئاماژە بۆ دووهەم قەتلی عامی شەنگال و بەدیل گرتنی خەڵکەکەی لە ساڵی ١٧١٥ زاینیدا بە دەست غەزاوە خەلیفەی عوسمانی دەکات کە ناوبراو بە لەشکرێکی زۆر پەلاماری ناوچەکەیدا و دەڵێت: (ئاینی ئێزدی هەردەم جێگای بێزاری و نارەحەتی خەلیفەکان بووە. بۆیە هەرکاتێ جەنگە گەورە و دەرەکییەکان، هەندێک سەریانی سووک کردوە، ئاوڕیان لە ئێزدییەکان دەدایەوە و لەشکریان بۆ ڕەوانە دەکردن.) هەروەها شێخ عەبدولرەحمان سویدی لە کتێبەکەیدا "حدیقە الزورا" ئاماژە بۆ ساڵی ١٧٨٥ دەکات و دەنوسێت: (ئێزدییەکان ئیسلامیان بە کۆمەڵ پێ دوژمنە، بە گوێی هیچ حاکمێک ناکەن.) ناوبراو باس لە چۆنیەتی شاڵاو و پەلامارادانی ژن و منداڵی کوردی ئەو ناوچەیە دەکات و دەڵێت: (حیزبی خودا سەرکەوت، دوژمنانیشی ڕایان کرد و ماڵ و پارە و خانووبەرە و هەرچی هەیانە، بەجێیان هێشت[٦].)

نادر شا چوار فەرمانی بۆ لەناوبردنی ئێزدییەکان دەرکردوە. پرۆفیسۆر شاکرۆی خەدۆ کە خۆی یەکێکە لە کوردە ئێزدییەکانی ئەرمەنستان، ڕۆژی ٢٠٠٢/٦/٨ لە سیمنارێکدا لە بنکەی لالەشی دهۆک ڕایگەیاند: (دوای هەرەسهێنانی حوکمی ئاسورییەکان لە ١٢٠٠ ساڵ بەرلە زایین. جارێکی تر شەنگال وەک ناوچەیەکی گرنگ بۆ ئاستیاکس دوا پادشای میدییەکان کەوتە ژێر حوکمی ئیمپراتۆریی میدیا[٧].)

لە سەرەتای سەدەی ١٦ی زاینیدا دوو زلهێزی نوێی ئەو سەردەمە، سەفەوی ١٥٠١- ١٧٢٢ و عوسمانییەکان ١٢٩٩- ١٩٢٤ کە عوسمانی زووتر لە سەفەوی گەیشتە کوردستان، کوردەکان لە بەرامبەریاندا ڕاوەستان و دژی بڵاوبوونەوەی ئاینی شیعە لە ناوچەکەدا بەربەرەکانیان کرد. کوردە ئێزدییەکان لە ناوچەی ڕۆژئاوای سنوری سەفەوییەکان بوون[٨] و توانیان

چەندان سەرکردەی بالآی سەفەوییەکان بکوژن و تا شا ئیسماعیل خۆی نەهاتە ناو شەڕەکە و سەرۆکایەتی شەڕەکەی نەکرد، سەفەوییەکان نەیانتوانی بەسەر ئێزدییەکاندا سەرکەون[٩]. ساڵی ١٥٠٧، هەموو ناوچەکانی موسڵ و شەنگال کەوتە دەست قزڵباشەکان و ئەوان لە ناوچەی شەنگال ئێزدییەکانیان کۆمەڵکوژ کرد. ئەو شەڕە لە ١٥٠٤- ١٥٠٩ بەردەوام بوو[١٠]. لەو بارەیەوە شەمۆ قاسم دەنوسێت: **(لە بەرامبەر بیری وشکی سەفەوییەکاندا، کوردەکانی ئێزدی وەک هەموو کوردە سوننەکان پشتی عوسمانییەکانیان گرت و توانیان ساڵی ١٥١٦، بە سەرۆکایەتی عومەر بەگ و بە هاوکاریی عەبدولوەهاب چەلەبی کوڕی ئیدریس بدلیسی لە شەنگالەوە دژی قزڵباشەکان ڕاپەڕێت و زیاتر لە ٢٠٠ چەکداریان لێ بکوژێت و دوای کوشتنی قەرەخانی برای والی دیاربەکر سەرجەم ناوچەکانی ئەرگە، شەنگال، جرمین، بیرەجک و مێردین بخاتە دەست کوردان[١١].)**

ئەنستاس ماری کەرمەلی لە کتێبەکەیدا: **"کتێبی پیرۆزی ئێزدییەکان- جیلوە و مەسحەفا ڕەش"** ئاماژە بۆ کۆمەڵێک هێرش و پەلاماری عوسمانییەکان بۆسەر کوردی ئێزدی دەکات و دەنوسێت: **(لەگەڵ سەرەتای سەدەی پازدەیەمدا ئیتر سەرەتای چەوساندنەوەی ئێزدییەکان دەست پێدەکات. ساڵی ١٤١٥ میری جەزیرەی سوریا لەشکرکێشی کردە سەر ئێزدییەکان و ناتۆلێرانسی ئیسلامی بەرامبەر بە ئێزدییەکان ئەوەندە زۆر بوو کە لەو لەشکرکێشییەدا گڵکۆی شێخ ئادی هەڵتەکێندرا و دواتر ئێزدییەکان دووبارە دروستیان کردەوە[١٢]. دواتر لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی عوسمانییەکان، دیاردەی ئەنتی ئێزدیو بە زۆر ئیسلامکردنیان فرەوانتر بووە و شێوەیەکی سیستماتیکی بەخۆیەوە گرتوە، بەتایبەتی ڕەشەکوژییەکانی سەدەی حەڤدەیەم، هەژدەیەم و نۆزدەیەم، مچوڕک بە لەشی مرۆڤدا دێنێت. هاوکات لەگەڵ ئەو هێرشانەدا مێدیای عوسمانی بۆ**

ڕەوایـی دان بـە قەتلوعـامی ئێزدییەکـان نـاوی "شـەیتان پەرسـت"یان بەو گروپەوە لکاند کە هەتا ئێستاش ئەم ناوەیان پێوەلکاوە.

ئەولیا چەڵەبی باسی لەشکرکێشیەکانی ساڵانی ١٦٤٠ و ١٦٥٥ دەکات و ئێزدییەکـان بە خەڵکـی "هەشـت سـمێڵ" ناودەبـات. چەوسـاندنەوەی ئێزدییەکـان لـە سـەدەی حەڤدەیەمـدا لەلایەن ئیمپراتـۆریی عوسـمانییەوە گەیشـتە ئاستێک کە بـە قسـەی س. ژ. لامـێن، لـە وتـاری "گەشـتێک بـۆ نـاو ئێزدییەکان یان شەیتان پەرستەکان"(١٣)، هێرشـەکانی سلێمان پاشا والـی بەغدا، لـە ساڵی ١٧٩١دا هێندە دڵڕەقـانە بـووە کە تەنـانەت ئێزدییەکـانی ئەو دیوی چیای شەنگالیشـی نەهێشت(١٤). ساڵی ١٨٠٢ عەلـی پاشا، والـی بەغدا هێرشی کردە سەر شەنگال و ژمارەیەکی لە ڕادەبەدەری لێ کوشتن. سـاڵی ١٨٣٧ ڕەشـید پاشـا لەگەڵ کۆمەڵێـک کـورد هێرشـی کـردە سـەر ئێزدیەکان و هێندەی لێ سەربڕین کە خوێن لەسەر ڕێگەوبانی ئاواییەکان دەڕژا و بەمجـۆرە تـا سـاڵی ١٩٤٥ تەنیـا ٥٠٠٠٠ کەسیـان لـێ مـایەوە(١٥)، بەداخەوە میـرو بەگە کوردەکـانیش بەهەمـان شـێوەی عوسـمانییەکان دەسـتیان بـە خـوێنی ئێزدییەکـان سـوور بـووە و بەشـداریی لەشکرکێشییەکانیان کردوە بۆ ئێزدی کوژی. عەبدولڕەحمان پاشای بابەن و هەروەها میری بەناوبانگی جەزیرە و بۆتان، میر بەدرخانی گەورە (١٨٠٩-١٨٧٠) لە سـاڵی ١٨٣٢دا دەسـتی لە ئێزدییەکـان وەشـاند و یەکێـک لەو هۆیـانەش کە وایکـرد بەدرخـان بەگ لەکـاتی لەشکرکێشـیی سـاڵی ١٨٤٨ی سـوپای عوسـمانی ئەو گەرەنتییە ڕەت بکـاتەوە کە بـۆ بەدرخـان پاشـایان دابـوو، ئەوە بـوو کە دەترسـا دواتـر لەژێـر پاڵەپەستۆی ئەوروپییەکـان لە سونگەی کارەکـانی دژ بە نەستورییەکان و ئێزدییەکـان پەلکێشـی بەردەم دادگە بکرێت(١٦)، بەڵام گورزی گەورە، پاشا کۆرە میری ئەمارەتی سۆران، لە ئێزدییەکـانی وەشـاند. بەم شـێوەیە لـە سـەدەی هەژدە و نـۆزدەی زاینیـدا کوشـتنی ئێـزدی لە ئیمپراتـۆری عوسـمانیدا مـافی بە بەهەشـت شـادبوونی

موسڵمانان دەبەخشی، چونکە لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە ئێزدی ئاینێکی بێ کتێب بوو و لەودیوی یاسای ئیسلامەوە بوو.

ساڵی ١٨٤٧ بە دەستپێشخەری دیپلۆماتکاری بریتانیایی لە کۆنستانتینۆپل، بابی عالی ئیعتیرافی بە ئاینی ئێزدی کرد و خزمەتی سەربازیی پێبەخشین[١٧]. لە ئۆکتۆبەری ١٨٤٩دا شێخ یوسف بە نوێنەرایەتی ئێزدییەکان، بۆ سوپاس و پێزانین لە ئازادبوونیان لە خزمەتی سەربازی چووە لای بەرپرسانی ئیمپراتۆری عوسمانی و سەردانی کۆنستانتینۆپل کرد و نامەیەکی دا بە سەدری ئەعزەمی عوسمانی[١٨]. دەوڵەتی عوسمانی داوای ئێزدییەکانی قبوڵ کرد، بەڵام ساڵی ١٨٧٢ دووبارە بەخشینی ئێزدییەکانی لە خزمەتی سوپادا هەڵوەشاندەوە[١٩]. بەم بۆنەیەوە ساڵی ١٨٧٢ کۆمەڵێک لە پیاوماقوڵانی ئاینی ئێزدی سکاڵانامەیەکیان ئاراستەی دەسەڵاتدارانی بابی عەلی کرد. ئەوان لەو سکاڵانامەیەدا چواردە خاڵیان لە پرنسیپەکانی ئاینی خۆیان ڕوون کردەوە کە سیستەمی ئاینییان ڕێگرە لەبەردەم خزمەتی سەربازیدا.)(پاشبەندی ٤)

خدر دوملی ئەو فەرمانەی عوسمانییەکان کە لە ساڵی ١٨٩٠دا ڕایانگەیاند، بە سێیەم هەوڵی لەناوبردنی ئێزدییەکان دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت: (لەو ساڵەدا خەلیفە عەبدولحەمید ویستی ئەو ئاینە لەناو بەرێت و بە زۆر بیانکات بە ئیسلام و بۆ ئەوەی بە ڕای عوسمانییەکان، ئێزدییەکان، جولەکە و نەسرانی غەیرە دین نەمێنێتەوە و یاسای سەربازیی بەسەریاندا سەپاند.)

ئەنستاس ماری لە کۆتایی ئەم بەشە نوسینەیدا دەڵێت: (دیپلۆماتکارە ئینگلیزییەکان نەیانتوانی پرۆسەی لەشکرکێشی بۆسەر ئێزدییەکان بوەستێنن و لە ئەنجامدا عومەر پاشا ساڵی ١٨٩٢ لەسەر داوای سوڵتانی عوسمانی و بە بیانووی چەند ڕیفۆرمێک لە ناوچەی موسڵ، هێرشی کردە سەر ئێزدییەکان و دوای کوشت و کوشتارێکی زۆر ١٥٠٠٠ ئێزدی لێ بەدیل گرتن. عومەر پاشا سەرەتا کوڕەکەی خۆی ناردە شەنگال تا داوایان لێ

بکات موسڵمان بن و واز لە ئاینی خۆیان بهێنن. بە وتەی ڕۆجەر لیسکۆ ئێزدییەکان لەنێوان ساڵانی ١٦٤٠ تا ١٩١٠ بیست فەرمانیان بەسەردا سەپاوە و کوشتاری گەورەی کۆمەڵکوژییان لێ کراوە[٢٠].)

چەوساندنەوەی ئێزدییەکان لە سەدەی حەڤدەیەمدا لەلایەن ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە گەیشتوەتە ئاستێکی مەترسیدار. س. ژ. لامێن، ساڵی ١٩٠٣ بە ڕێگای ئەسکەندریە- حەلەب دا چووەتە ناو ئێزدییەکان و لە وتاری **"گەشتێک بۆ ناو ئێزدییەکان"**دا باسی قەتلی عامی ئێزدییەکان بە دەست تورکەکان دەگێڕێتەوە و پەنجە بۆ مێژووی سەدەی حەڤدەیەم ڕادەکێشێ و دەڵێت:

**- (کە باڵیۆزی لویی چواردەیەم لەلای بابی عالی سەردانی حەلەبی کردوە، چاوی بە سەرۆکی ئێزدییەکان کەوتووە. شەو بەنهێنی لەگەڵی کۆبووەتەوە و سەرۆکی ئێزدییەکان پێی گوتووە ئەگەر فەرەنسا سوریا داگیر بکات، ئەوە ٥٠ هەزار ئێزدی هاوکارییان دەکات. ئێزدییەکان لە سەدەی هەژدەیەمدا ٢٥٠ هەزار کەس بوون، ٤ هەزار سوارچاک و ٨ هەزار سوارەیان هەبووە. لە سەدەی نۆزدەیەمدا بوونەتە ٢٠٠ هەزار کەس و ٣ هەزار سوارچاک و ٦ هەزار پیادە. ئۆپەراسیۆنی ڕەشەکوژی ئێزدییەکان هێندە ترسناک بووە کە لە نیوەی سەدەی نۆزدەیەمدا تەنیا ٥٠ هەزار کەسیان لێ ماوەتەوە[٢١].)**

سەبارەت بە پەلاماری پاشای گەورەی ڕەواندز بۆسەر ئێزدییەکان دوکتۆر جەلیلی جەلیل لە کتێبەکەیدا **"کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی"** کە دوکتۆر کاوە قەفتان لە ڕوسییەوە کردویەتە کوردی، لە لاپەڕەی ١٥٢دا ئاماژە بۆ پەلاماری میر محەمەد بۆسەر ئێزدییەکان دەکات و دەڵێت: **(بەهاری ساڵی ١٨٣٢، میر محەمەد بڕیاری دا پەلاماری ئێزدییەکان بدات و بە زۆر بیانکات بە موسڵمان. لە ١٥ی مارس دا پەلاماری دانیشتوانی ئیتاری گەورەترین شوێنی کوردە ئێزدییەکانی دا و ئەوانی ڕاماڵی و دوای ئەوە بەرەو شاری "ئەلقوش" کەوتەڕێ. هێزەکانی**

میر محەمەد گەلێک زۆرتر بوون، لەبەر ئەوە دانیشتوانی ئەلقوش ناچار بوون شارەکە بەجێ بهێڵن و بە سەرۆکایەتی بابە یوسف عەبدوی خەڵکی ئامێدی و ڕابح هۆرمزی سەرۆک دێرێکی نزیک ئەلقوش پەنا بەرنە بەر شاخی باعدرێ "بیت- عدری". هێزەکانی میر محەمەد بێ ئەوەی بەرهەڵستێک بەرامبەر خۆیان ببینن، گەیشتنە شێخان کە بنکەی سەرەکی کوردە ئێزدییەکان بوو. عەلی بەگ میری ئێزدییەکان بڕیاریدا بکەوێتە گفتوگۆوە. لەبەر دوو هۆش ناچار بوو ئەو گفتوگۆیە بکات، یەکەمیان: لەبەر ئەوەی دوژمنەکانی زۆر لەوە زیاتر بوون. دووهەمیان: لەبەر ئەوەی بەرهەڵستێکی ڕاستەقینە لەوانە بوو ئاگرێکی دووبەرەکی ئاینی وەها خوێناوی داگیرسێنێ کە کوژاندنەوەی زۆر قورس بێت.

عەلی بەگ بە دیارییەکی زۆرەوە چوو بەپیر میر محەمەدەوە. بەڵام هەر لەبەر ئەوەندەی ڕازی نەبوو، ببێت بە موسڵمان، گیرا و بەدەست بەسەری نێردرایە ڕەواندز و ماوەیەکی درێژ لەوێ مایەوە. هێزەکانی میر محەمەد میری سۆران لە دوولاوە کەوتنە هێرش بردن: هێزێکیان بە سەرۆکایەتی ڕەسوڵ بەگی برای پەلاماری کوردە ئێزدییەکان و ئامێدی و ئاکرێی دا. هێزەکەی تریشیان بە سەرۆکایەتی میر خۆی پەلاماری ناوچەکانی تری دا. میری بادینان کە بیستی میر محەمەد پەلاماری ئیزیدییەکان ئەدات بە سەرۆکایەتی یونس ئاغای برای هێزێکی بۆ کۆمەکی ئێزدییەکان نارد، بەڵام ئەو هێزە بە ئاسانی لە پەل و پۆ خرا. ئیسماعیل بەگیش خێرا لە ئاکرێوە کەوتەڕێ، بەو نیازەی فریای ئێزدییەکان بکەوێت، بەڵام چوونەکەی بێ سوود بوو، چونکە درەنگ گەیشتێ. هەتا ئەو هات ئێزدییەکان و یونس ئاغا ژێر کەوتبوون.)

دوکتۆر جەلیلی جەلیل لە درێژەی ئەو باسەیدا کە ئامازە بۆ کرد، باس لە شەڕی میر محەمەد لە ناوچەی بادینان، ئاکرێ و ئامێدی دەکات و دەڵێت: (شەڕیکی نائاسایی لەنێوان هێزێکی گەورەی بەدەسەڵات و هێزێکی بچووکی بێدەسەڵات دا لەوێ ڕوویدا. لە ئەنجامدا هێزەکانی میر

سەرکەوتن. لە ڕەواندزیش عەلی بەگ بەوە تاوانبار کرا کە هانی ئێزدییەکانی داوە و هەر بەو تاوانەش کوژرا.)

لەو بارەیەوە و سەبارەت بە کوژرانی میر عەلی بەگ لەلایەن میری ڕەواندزەوە، ڤیان دەخیل دەڵێت: (لە سەردەمی میرە کۆرەی ڕەواندزیش "میرەگەورە" سەرلەنوێ ئێزدییەکان لە باعەدرێ پەلامار دران. ئەوکاتە میر عەلی بەگ میری ئێزدییەکانیان دەستگیر کرد و بردیان لە نزیک تاڤگەی عەلی بەگ سەریان بڕی و دواتر تاڤگەکە بەناوی میر عەلی بەگ ناوی دەرکرد، لەشکری میری ڕەواندز هەروەها دوو خوشکی میر عەلی بەگیان برد.)

ئەولیا چەڵەبی ڕۆژی یەکی جیمادالاولیساڵی ١٠٦٥ لەگەڵ سوڵتان ئەحمەدی عوسمانی بە گەشتێک چووەتە هەرێمی باکوری کوردستان و دیتنەکانی خۆی لە کتێبکدا لەژێر ناوی "کورد لە مێژووی دراوسێیەکانیدا" بڵاوکردوەتەوە. سەعید ناکام کتێبەکەی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و فاروق کەیخەسرەوی کردویەتە فارسی. ناوبراو لەو کتێبەکەیدا پەنجەی بۆ کوردی ئێزدی[٢٢] ڕاکێشاوە و لە لاپەڕەکانی ٧٣- ٧٧ دا دەڵێت: (مستەفا پاشای ڕاکردو، بە لەشکرێکی زۆر لە لایەکی قەڵای شەنگال چادری لێدابوو. ٤٥ هەزار کوردی "ئێزدی و بابری" بەبێ ئەوەی کە تۆزێک شەرمی لێبکەن، یان لێی بترسن، تەنانەت دیارییەکی بچووکیشیان بۆ نەهێنا. پادشا لە هەڵسوکەوتیان زۆر تورە بوو، بەمنی گوت "ئەی ئەولیا چەڵەبی[٢٣] بیستومە جارێکیش کە مەلیک ئەحمەد پاشا[٢٤] هاتبووە ئێرە، ئەو پرچ درێژانە ڕێزیان لێنەناوە و لە ئاکامدا پادشا ناچار بووە، تالانیان بکات، تۆ ناتەوێ ئەو ڕووداوەم بۆ بگێڕییەوە؟ گوتم بە چاوان، گوێ بگرە: "کاتێک ئەحمەد پادشا پارێزگاری دیاربەکر بوو، ئێزدییەکانی چیای شەنگال گوندەکانی ماردین و ڕێبواران و کاروانەکانیان تالان دەکرد. خەڵک هاتنە خزمەت پاشا و شکایەتیان کرد، پادشا لەبەر چاوی خەڵک شکاتکەرەکانی دەرکرد و ئەوانی بە نائومێدی گەڕاندەوە، بەڵام لە دڵی خۆیدا بڕیاریدابوو تۆڵە لە

پرچ درێژەکان "قژ درێژ- زولف درێژ یان پرچ درێژ- نوسەر" بکاتەوە. .... بە بەشێکی چیای شەنگال دەڵێن "چیای پرچ درێژەکان"، چونکە دانیشتوانی ئەو جێیە وەک ژنان قژی درێژیان هەیە و کڵاو و جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ لە پەشم و خوری دەبەردەکەن و پشتێندەکانیان لە قوماشی هەریرە و کڵاو و پێچی هەریری ڕەنگاوڕەنگ لە سەر دەکەن. چونکە ناوچەکەیان شاخاوییە، پێڵاوی چارقی بێ پاشنە لە پێ دەکەن. پێڵاوەکانیان پینەی پێوەبوو و بە ڕیشاڵی درێژ بەستبوویانن. چەکەکانیان شمشێر، خەنجەر و تفەنگ بوو، تفەنگی زۆر بێ قیمەت، بەڵام باش ئەنگێو.

خەڵکەکانیان زۆرتر کورتەباڵا، سەر خڕ و مل کورتن، لەوە دەچێت ملیان بە شانیانەوە نووسا بێت. بەڵام شانیان پان و سنگیان پڕە لە کینە. کەمەریان باریکە، باسک و ڕانیان بەهێزە و لاقەکانیان کراوەیە. زۆر ئازان. چاویان خڕ و ڕەشە و برۆکانیان پڕە. زاریان بە ڕادەیەک گەورە و کراوەیە کە لینگە کەوش دەچێتە ناوی. ددانەکانیان وەک ددانی ئەسپ گەورەیە. منداڵەکانیان تا تەمەنی دە ساڵ بە منداڵی دەمێننەوە، بەڵام کە لە دە ساڵ تێپەڕین، ڕەنگ و ڕووی پیاوی بیست ساڵە بەخۆیانەوە دەگرن و هەتا بڵێی کەللەڕەقن. قژی ژنەکانیان دەگاتە ئەژنۆیان.

بەڵێ لە چیاکانی وڵاتی پیرۆزی "شام"یش تایفەکانی "ئەقلی"، "قزلی"، "مەروانی"، "شیمانی" و "نەسیری" دەژین کە هیچ دینێکی ڕاست و دروستیان نییە. ئەو کوردە قژ درێژانە داهاتێکی زۆریان هەیە. گەزۆ، ترێ و مێوژیان هەیە و لەگەڵ بەغدا و بەسرە بازرگانی پێوە دەکەن. درەختی توو و ئاوریشمیان زۆرە و تەنانەت خوری و قوماشی ئاوریشمیان هەیە و بەهۆی کەش و هەوای خۆشی چیای شەنگال، زەوییەکانیان بە پیتە، بەڵام کێڵگەی دەشتەکانیان بەدەست عەرەبەکانەوە.

ڕۆژی دوایی سەبارەت بە قژ درێژەکان کۆبوونەوەیەکی گەورە لە بارەگای مستەفا پاشا بەڕێوەچوو. لەودا نامەیەکیان بۆ قژ درێژەکان نوسی کە: "لە بەرامبەر سوڵتانی عوسمانی دا تەسلیم بن، یان ئەو باجەی کە بۆ

باخ و مەڕوماڵات و شتەکانی تریان دیاری کراوە، بیدەن." ئەو نامەیە بەهۆی پیاو ماقوڵانی ماردین و چەند ڕێش سپی باوەڕپێکراوی ئاغای شەنگال بەڕێکرا و منیش بە نوێنەرایەتی لەلایەن مستەفا پاشاوە لەگەڵیان چووم. ئێمەیان بردە گوندی "باپیر" کە لە قەڵایەکی سەرووی ئێمەوە بوو. ٣٠٠ کەس میوانی سەرۆکەکەیان "باپیر" بووین. نامەکەمان دایە، لەبەر چاوی گەورەکانیان خوێندیانەوە و ماردینییەکان بۆیان وەرگێڕانەوە سەر زمانی کوردی، بەڵام بە گرنگیان نەگرت و گوتیان: "ئێمە لە بەسەرهاتی مەلیک ئەحمەد پاشا مەترسێنن، پیاوێکی وەک ئەو پەیدا نابێت. بیستومانە دەگەڕێتەوە بۆ وان. ئەمڕۆش ئەگەر ببێت بە پارێزگاری دیاربەکر، ئێمە تەسلیمی ئەو دەبین. بە مستەفا پاشاش جگە لە دە باری ئێستر ئاوریشم، چی تر نادەین." ئەو دە بارە ئاوریشمەیان نارد.... سەرلە بەیانیی ڕۆژی دوایی سوار بووین و بە دیارییەکانەوە گەڕاینەوە لای مستەفا پاشای ڕاکردو. ئاوریشمەکانمان دایە، زۆر تورە بوو، لە کاتێکدا کەف لە زاری دەتکاوە، هەڕەشەی دەکرد کە: "من دەستیان لێ هەڵناگرم." نامەی بۆ هەموو ناوچەی دیاربەکر نوسی و داوای هێزی چەکداری لێکردن.)

کازیوە ساڵح بە پشبەستن بە کتێبی ئەولیا چەڵەبی مێژووی دراوسێەکان لە سیاحتنامە ئەولیا چەڵەبی، ترجمە فاروق کیخسروی، انتشارات صلاح الدین ایوبی، چاپ ١٣٦٣ هجری، لە وتارێکی پێنج بەشیدا لەژێرناوی "جینۆسایدی سایکۆلۆژیی ئێزدییەکان لە لایەن کوردەوە" درێژە بەو باسە و ڕاپۆرتەکانی ئەولیا چەڵەبی و تاوانەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی سەبارەت بە کوردی ئێزدی دەدات و دەنوسێت:

- (چەڵەبی دەگێڕێتەوە کە "مەلەک پاشا" لەشکرێکی زۆری لە شارەکانی وان، دیاربەکر و هەرێمەکانی دیکە کۆکردەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە باج و خەراجێکی زۆری لە ئێزدییەکان وەگرتبوو تا شەڕ نەکرێت، بەڵام بە چل هەزار چەکدارەوە چیای "زولف درێژ" گەمارۆ دەدات. محەمەد ئەمین پاشا کە لە دیاربەکرەوە بۆ شەڕ هاتبوو، لە بەرزایی چیاکەوە هێرشی کردبووە

سەر ئێزدییەکان و هێزەکانی پاشاش لە خوارەوە هێرشیان کردبووە سەر گەمارۆدراوەکان. چەڵەبی دەڵێت: "دوای سێ ڕۆژان، لەکاتێکدا کە پێدەشتەکە پڕ ببوو لە خێوەت و سەرباز، هێدی هێدی بە سەر کوردەکاندا زاڵ بوون".

لە قسەکانی ئەولیا چەڵەبی وادەردەکەوێت کە بە خۆشی لەو شەڕەدا بەشدار بووە و کاتێک کە "مستەفا پاشا" لێی دەپرسێت: "ئەولیا ئەفەندی، چۆن چوونە ناویان و چیتان کرد کە بەسەریاندا زاڵ بوون و توانیتان تۆڵە لەم کوردانە بکەنەوە؟ ئەمن لە حەیفی ئەوانە دڵم پڕە لە خوێن، هەر لەبەر خاتری ئەوانە تا ئێستا چەندین نامەی پڕلە تانە و توانجم لە لایەن سوڵتانەوە بە دەست گەیشتووە کە بۆ کەسم نەدرکاندوون.... تا ئێستا چەندین جاران هێرشم کردووەتە سەریان، بەڵام هیچم بە هیچ نەکردووە. پێم ناڵێی ئێوە چیتان کردووە؟".

ئەولیا چەڵەبی لە وڵامدا دەڵێت کە "مەلیک ئەحمەد پاشا" ژمارەیەکی زۆر خزمەتکار و سەربازی پێبووە و هەموویان لە خەڵکانی "ئەبازە"، "چەرکەس" و "لاز" بوون کە لەکاتی جەنگدا و لەبەر چاوی یەکتر پێیان شەرم بووە پاشەکشە بکەن. ئەوجارەیان ئاواتەخوازە کە تۆڵەی حەوت هەزار کوژراوی خۆیان کە لەو شەڕەدا تێداچوون و بە شەهید ناویان دەبات، لە ئێزدییەکان بکەنەوە!

ئەو ئامارەی چەڵەبی نیشان دەدات کە شەڕی نێوان ئێزدییەکان و عوسمانییەکان یەکجار دژوار بووە. ناوبراو بەمجۆرە لە گێڕانەوەی شەڕەکە بەردەوام دەبێت: "بە هیممەتی مەلیک ئەحمەد پاشا، جیهادگەرانی ئێمە خۆیان گەیاندە لووتکەی شاخەکە و لە هەموو لایەکەوە شەڕێکی بێ وێنە دەستی پێکرد. هەر لە یەکەمین پێکدادانی ئێمەدا، حەوسەت کەسمان لێ شەهید بوون. سێ هەزار و پێنج سەت کەسیش لە زوولف درێژەکان کوژران. ئەوێ ڕۆژێ شەڕەکە هەتا شەوێ بەردەوام بوو...".

ئەوەی کە لێرەدا چەڵەبی دەیگێڕێتەوە، نموونەیەکی دیکەیە لە دەیان شەڕ و کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان بە دەستی عوسمانییەکان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە چەڵەبی خۆی لە ساڵی ١٦١٢ی زایینی لەدایک بووە، واپێدەچێت کە ئەم شەڕە لە نزیکەی ناوەڕاستی سەدەی شازدەی زایینیدا ڕوویدابێت.

چەڵەبی لە کتێبەکەیدا باس لە کەسایەتی "عەبداڵ خان"ی حاکمی شاری بتلیس دەکات و بە کوردێکی هونەرمەند و بە توانای ناو دەبات کە خاوەنی قەڵایەکی گەورەیە. بەڵام عەبداڵ خان دواتر لە ساڵی ١٦٥٥ دەکەوێتە بەر تەماحی عوسمانییەکان و خەلیفەی عوسمانی بە بیانووی ئەوەیکە عەبداڵ خان کافر بووە و ئێزدییەکانی پەنا داوە "بە گوتەیەکی تر کافر و ئێزدییە ئێستا" فەرمانی جیهاد لە دژی ئەو دەردەکات و دوای شەڕێکی دژوار لە نێوان سەربازانی تورک، عەشایری کوردی دیاربەکر و وان و چەندین گروپی دیکەی کورد لە دژی عەبداڵ خان، لە ئەنجامدا شاری بتلیس دەکەوێتە دەستی هێرشکەران و وێڕای تالانکرانی زێڕ و کەرەستەکانی ناو قەڵاکە و لەناوبردنی کتێب و تابلۆکانی عەبداڵ خان، ژمارەیەکی زۆر خەڵکیش دەکوژرێن کە نووسەر زۆر کەسیان بە ئێزدی دەزانێت.

چەڵەبی لە کتێبەکەیدا دەڵێ: کە پێش لە شەڕەکە، چاوشەکان وێڕای خوێندنەوەی قورئان، بەمجۆرە شەرکەرانی موسڵمانیان بۆ شەڕ لە دژی عەبداڵخان هان داوە و هەرایان کردووە: "ئەی جیهادکاران، بزانن و ئاگادار بن، ئەمڕۆ ڕۆژی کەربەلایە، ئەو دوژمنەی کە ڕووبەڕووتانە دوژمنی گیان و ئایینتانە، ئەمانە ئێزدین! هیچ بیانوویەک نەماوە، ئەمڕۆ ڕۆژ ڕۆژی عوسمانییە!". بەم جۆرە خەڵکیان هاندەدا و دەڕۆیشتن تا ئەو کاتەی کە سەنگەرەکانی خان وەدیار کەوتن، دواتر بە فەرمانی پاشا "حاکمی دیاربەکر" سێ جاران سڵاواتیان بۆ مەحەمەد نارد.

ئەولیا چەڵەبی باس لە قوورسایی شەڕەکە و دڕندەییەکان دەکات و لە زمان کوردێکی موسڵمان لە خێڵی "هەرکی" دەگێڕێتەوە کە لە یەکێک لە مەیدانەکانی شەڕەکەدا، خێڵی "ڕۆژکی" وەک پارێزەری قەڵای بتلیس شکست دێنن "هێندێک کەس دەڵێن کە خێڵی ڕۆژکی پێشتر ئێزدی بوون و دواتر کراون بە موسڵمان." چەڵەبی لە زمان ئەم کوردە هەرکییەوە بەمجۆرەی نووسیوە: "جرینگە جرینگی شمشێرەکان بۆ ماوەی سێ کاتژمێر بەردەوام بوو، بەڵام کەس مەیدانەکەی چۆڵ نەکرد و هەڵنەهات، تا ئەوەیکە تەنانەت یەک کەس لە شەڕڤانانی خان لەسەر پێ نەمان، ئەوەی مابۆوە تەنیا ئەو برینداره دەست و پێ شکاوانە بوون کە کەوتبوونە دەستی چەند جەللادێکی بێ بەزەیی. سەربازەکانمان ئەوەندەیان سەر بڕیبوو کە ئیتر هێزی کۆکردنەوەی سەرەکانیان نەمابوو.

چەڵەبی ئاماژە بەوە دەکات کە دوای تێکشکانی "عەبداڵ خان" و بەجێ هێشتنی قەڵاکەی، هێشتا ژمارەیەک لە ئێزدییەکان لە ناو قەڵای بتلیس شەڕیان کردووە و هێرشکارەکانیان کوشتوون. چەڵەبی دەڵێت کە ئێزدییەکان لە گەمارۆدا و لە ناو قەڵاکەدا شەوانە ئاگر و مۆمیان داگیرساندووە. دواتر کە قەڵاکان بە تەواوی دەگیرێنەوە، جەللادەکان دەست دەکەن بە کوشتنی ئێزدییە دیلەکان. لە جێگەیەکی کتێبەکەیدا ئەولیا چەڵەبی باس لە فەرماندەیەک دەکات بە ناوی "قەرەعەلی" کە بە دەستی "پاشا"ی فەرماندەی عوسمانی بە دیل گیراوە، پاشا دەڵێت: "ئەو مەلعونەی هەستێنن"! قەرەعەلی هەڵدەستێت و پاشا پێی دەڵێت: "کەوابوو ئەتۆ هەمان ئەو مەلعوونەی کە پێشتر لە شەڕی شەنگال هەڵاتووی و ئێستاش لەم شەڕەدا بەشداریت کردووە؟ ئەو کافرە مەلعونە بکوژن!". هەر چەند دواتر قەرەعەلی ناکوژرێت، بەڵام لێرەدا ئاماژە بە شەڕی شەنگال کراوە و ناکۆکی و شەڕی ئێزدی لە بەرابەر موسڵمانە عوسمانییەکان بۆ پاراستنی خۆیان دەخاتەڕوو.

جلوبەرگی کەسی کوژراو لە بەرامبەر ئەستاندنی گیان: ئەولیا چەڵەبی دەڵێت کە پاشا فەرمانی دا هەر کەس یەکێک لەو نەیارانە بکوژێت، دەتوانێ جلوبەرگەکەی بۆ خۆی بە خەڵات هەڵبگرێت. واتا لە کاتی شەڕەکەدا، تەنیا "جلوبەرگ"ی کوژراوەکان، پاداشی ئەو سەربازانە بووە کە ئێزدییەکان و چەکدارانی عەبداڵ خانیان کوشتووە!)

دوا هێرشی سوپای عوسمانی بۆسەر کوردی ئێزدی لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان و تەنیا دوو مانگێک بەرلە خۆبەدەستەوەدانی بابی عالی و ڕاگەیاندنی ئاگربەسی مۆدرۆس بەڕێوەچوو. لەو بارەیەوە دوکتۆر موئید بەرەکات حەسەن دەڵێت: (دوا فەرمان بۆسەر ئێزدییەکان لە سەدەی ڕابردوودا، ساڵی ١٩١٨ بوو، ئێزدییەکان دەڵێن هەر ١٠٠ ساڵەی جارێک فەرمانی کوشتنیان بۆ دەرچوو و ئەوەی ئەم جارەیان کە داعش هێرشی کردە سەر ئێزدییەکان ڕاستی ئەو گوتنە دەردەخات. کە داعش تەلعەفەری داگیر کرد، شیعەکان ڕایان کردە شەنگال و ئێزدییەکان پێشوازیان لێکردن کە ئەوە تووڕەیی داعشەکانی دژی یێزدییەکان بەرز کردەوە.)

حاکم نەمر لە پێوەندیی لەگەڵ دوایین هێرشی ئیمپراتۆریی عوسمانی بۆسەر ئێزدییەکان دەڵێت: (ساڵی ١٩١٧ کە عوسمانییەکان پەلاماری ئەرمەنەکانیان دا، ئێزدییەکانیش بەر پەلامار کەوتن، ئەوە بوو بەشێکیان لەگەڵ ئەرمەنەکان چوون بۆ ئەرمەنستان لە یەکێتی سۆڤیەت و بەشێکیشیان هاتن بۆ باشوری کوردستان و ئەوە یەکەم کۆچی ئێزدییەکان بوو لە کوردستانەوە بۆ تاراوگە.) ناوبراو لە بواری یاساییەوە سەبارەت ئاماژە بۆ دۆخی ئێزدییەکان دەکات و دەڵێت: (لە سەردەمەکانی کوندا کە هەموو دەوروبەرمان ئیمپراتۆر بوون، ئێزدییەکان بەتایبەتی بەهۆی دینەوە هێرشیان بۆ کراوە و هیچ لێپرسینەوەیەکێش لەو هێرشانە نەکراوە. لەو سەردەمانەدا ئێزدییەکان ناچار بوون بۆ پاراستنی خۆیان خۆیان بە حاکمەکان، یان دەسەڵاتەکانەوە گرێ بدەن، یان بۆ چیاکان ڕابکەن‌و چونکە نەیانتوانیوە بۆ جێیەک بچن هەرلە کوردستان ماونەتەوە.

هەرلەو بارەیەوە و سەبارەت بە لێدان و پەلاماری عوسمانییەکان بۆسەر کوردی ئێزدی، دوکتۆر موئید بەرەکات حەسەن دەڵێت: **(لە پەلاماری عوسمانییەکان بۆسەر ئەرمەنەکان، ئەرمەنەکان هاتن بۆ شەنگال و ئێزدییەکان ماڵەکانی خۆیان دانێ، عوسمانییەکان هەڕەشەیان لە ئێزدییەکان کرد کە ئەرمەنەکان بدەنەوە و لە ئاکامدا خۆشیان بەرکەوتن و ژمارەیەکی زۆریان ناچار کرد لەگەڵ ئەرمەنەکان ڕابکەن و پەنا بۆ ئەرمەنستان بەرن.)** هەرلەو بارەیەدا شێخ شامۆ شێخۆ، شێخیئێزدییەکان دەڵێت: **(تا ساڵی ١٩٢٠ هەموو ساڵیک لەلایەن عوسمانییەکان و سەفەوییەکانەوە هێرش کراوەتە سەر ئێزدییەکان و ئەو هێرشانە کە بە فەرمان دەناسرێن بەبۆنەی دینی ئێزدییەکانەوە بووە. ئەوان نەک هەر ژنۆسایدی ئێزدییەکانیان کردوە، بەڵکوو ئاگری ناوخۆییشیان هەڵگیرساندوە و برایان بە دەست برا بە کوشتداوە.)**

دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی عوسمانی فەرمان بۆ پاکتاو کردنی نەتەوەیی و ئایینی کوردی ئێزدی بەکۆتا نەهات و تا شۆڕشی ئەیلول و دواتریش درێژەی هەبوو. خدر دوملی لە دانیشتنێکی تایبەتدا بە بەشداریی کۆڤان ڕیسان حەسەن "کۆڤان خانکێ"، ڕۆژی ٢٠١٥/١٢/٢٣ بە ڕاپۆرتێک و ئامارێکی سەلمێندراو گوتی: **(پاکتاو کردنی نەتەوەیی ئێزدییەکان لە دامەزرانی دەوڵەتی عێراقەوە بە سێ قۆناخدا تێپەڕیوە:**

**١- قۆناخی یەکەم: لە دامەزرانی دەوڵەتی عێراقەوە تا نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٥٠. ئەوە بەشێوەی تاڵانکردنی گوندەکانی ئێزدیی بووە. عەشیرەتە عەرەبەکان پەلاماری گوندی ئێزدییەکانیان دەدا، ڕاویان دەنان و گوندەکانیان داگیر دەکردن و نەیاندەهێشت بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان. بۆ نمونە لە دوو ناوچەی باشوری شێخان تا نزیک باشوری ڕۆژهەڵاتی سنوری موسڵ ٢٣ گوندی ئێزدییەکان داگیرکرا. ناوچەی دووەم "زومار" بوو لە ڕۆژئاوای دیجلە کە ٧ گوند بوون و داگیریان کردن. بەشی سێیەمی ئەو**

قۆناخە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگای موسڵ و دهۆک لە نزیک "بدریە" کە ٥ گوندی ئێزدیانی لێبوو و داگیر کرا.

- هێنانی عەرەب بوو بەشێوەی ڕەسمی بۆ ئەو ناوچانە، بەتایبەتی بۆ باشوری شەنگال، واتا ئەوانەی پێشتر هاتبوون، ئەم جارەیان خزم و کەس و کاری ئەوانەیان هێنا و لەوێ نیشتەجێیان کردن.

- ئەوانەی بە بڕیاری پاکتاوی ڕەسمی نەتەوەیی لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤وە دەستی پێکرد. لە ناوچەی شەنگال ١٢ کۆمەڵگا دەروستکران و ناوی ١٠٠ گوند تۆمار کران و خەڵکەکەیان گواستەوە بۆ ئەو ١٢ کۆمەڵگایە و بەشێوەی خوارەوە ناوی عەشیرتەکانی بەعسیان لەسەر کۆمەڵگاکان دانا:



١- تل قەسب - البعث
٢- تل بنات - مجمع الوليد
٣- سيبايةالشيخ خدر- الجزيرة
٤- كرزرک - العدنانية
٥- كر عزير - القحطانية
٦- بورک - اليرموک
٧- دهولا - القادسية
٨- خانة صور - التاميم
٩- دوكوری - حطين
١٠- زورافا - العروبة
١١- كهبل - الاندلس
١٢- سنونی - الشمال

٢- قۆناخی دووەم: لەو بەشەدا، ١٢ گوندی عەشیرەتی ئێزدیی "هەوێر"ی لە قەزای زاخۆ کە کاری کشتوکاڵیان دەکرد، گوندەکانیان لێ وێرانکردن و خەڵکەکەیان بەسەر کۆمەڵگاکانی "خانکێ، شایار و باعەدرێ" دا بەشکرد.

- بەشـی دووەم لە قۆنـاخی دووەم، قەزای شـێخان بـوو کە ٩ گونـدیان وێرانکرد و خەڵکەکەیان لە کۆمەڵگای زۆرەملی "مەهەد" نیشتەجێکرد. ئەو ٩ گوندە و هەموو گوندەکانی ناوچەی شەنگالیان دا بە عەرەبان و ئەوانیان هێنا و لەو گوندانەدا نیشتەجێیان کردن.

٣- قۆناخی سێیەم: ساڵی ١٩٨٧ هاوکات لەگەڵ ئەنفالەکان لە ناوچەی بادینان ١٧ گوندی تری ئێزدیان وێران کرد. لەوانە ٧ گوند لە شاریا، ٥ گوند لە شێخان و ٥ گوندیش لە دوو ناوچەی ئەلقوش و بابیرێ و خەڵکەکانیان گواستەوە بۆ کۆمەڵگا زۆرەملییەکان.)

---




١- بەدرەدین مەسیحی بوو، عیمادەدین منداڵی نەبوو، ئەو بەدرەدینی هێنایە لای خۆی و کردی بە کوڕی خۆی.

ئێزدییەکان ئەوەی وەک تێکست هەیانە و باوەڕیان پێیەتی، "قەول، بەیت، قەسیدە، دوعا، درۆزە"یە ئەوانە تێکستی پیرۆزی ئاینی ئێزدیین کە شەمۆ قاسم دنانی کۆی کردونەتەوە و لە دوو کتێبدا لەژێر ناوی "چەند تکستێن پیرۆزیێن ئۆلا ئێزدیان" بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم، ساڵی ٢٠١٣ لە چاپخانەی هاوار لە دهۆک بڵاوی کردوەتەوە.

٢- الکامل فی التاریخ، ج ٥، ص ١٨٦. ابولفدا، اسماعیل بن عمر بن کثیر القرشی، البدایە و النهایە، ج ١٠، بیروت، مکتبە المعارف، دون تایخ، ص ,١٢١

٣- الکامل فی التاریخ، ج ٧، ص ,٣٩٠

٤- عبدالرحمن بن محمد ابن خلدون الخضرمی، تاریخ ابن خلدون، ج ٥، بیروت، دارالقلم، ط ٥، ١٩٨٤م، ص ٥٩- ,٦٠

٥- عەبدولرەزاق الحسنی، الحوادث الجامعة و التجارب النافعة فی المنة السابعة، لاپەڕەی ١٣٦. ئەم بەڵگەیە لە کتێبی سەربەست حوسێن وەرگیراوە- نوسەر.

٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٣٨.

٧- دیاکۆنوس، مێژووی ماد، وەرگێڕانی کەریم کشاورز، تاران ٢٥٣٧ شاهەنشاهی، چاپی دووەم، لاپەڕەی ٩٩.

٨- دوکتۆر ئەحمەد تاج بەخش تاریخ سەفەوی، شێراز ١٣٧٣، لاپەڕەی ٦٢.

٩- ساڵح محەمەد ئەمین کورد و عەجەم، ب. م ١٩٩٢ لاپەڕەی ٦.

هەروەها دوکتۆر خەلیل ئیسماعیل لە لێکۆڵینەوەیەکیدا سەبارەت بە ڕەهەندی میژوویی پیکهاتە کارگیرییەکانی شەنگال دەڵێت: **(فەتحی ئیسلامی لە ساڵی ٦٤٠ زایینی گەیشتە شەنگال و لە سەردەمانی ڕاشدی و ئەمەوی و عەباسیدا، شەنگال سەر بە هەریمی جەزیرە بووە و دواتر لە ساڵانی ٩٢٩- ١٠٠٣دا کەوتە ژیر کۆنترۆڵی حەمدانییەکان. کاتێکیش کارگیری کەوتە دەستی فاتمییەکانەوە، ئاینزای شیعە لە هەریمی جزیرەدا بڵاو بووەوە، ناوچەی مەبەستی تویژینەوەکەشمانی گرتەوە، تا ئەو کاتەی کەوتە ژیر ڕکیفی دەوڵەتی سەلچوقییەوە، کە لە سایەیدا جۆرە سەربەخۆیییەکی پراکتیزە کرد. دوای ئەوە، لە ساڵی ١١٨٢زدا ئەیوبییەکان دەستیان بەسەر شەنگالدا گرت و ئینجا لە ساڵی ١٥١٦ی زایینییەوە تا کۆتای شەڕی یەکەمی جیهان شەنگال لەژیر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوو. لە سەردەمی عوسمانیدا شەنگار سەنجەقیکی سەربە ویلایەتی کوردستان بوو، پیش ئەوەی ساڵی ١٨٧٩ زاینی بخرێتە سەر ویلایەتی موسڵ، ماوەی ٤٨٣ ساڵە تا بە ئەمڕۆ قەزایە.)**

١٠- دوکتۆر عەبدولا ڕازی: تاریخ کامل ایران ، ١٣٦٣ تهران چاپی ١٥، لاۆەڕەی ٤١٣.

١١- شەمۆ قاسم دنانی، من مشاهیرالکورد حسێن بەگ الداسنی، گۆڤاری لالەش ژمارە ٨، ئاب ١٩٩٧، لاپەڕەی ٤٠.

١٢- ڤ. ف. مینورسکی، الاکراد: ملاحظات وانطباعات، ترجمە د. معروف خزندار، دارالکاتب، بیروت، ١٩٨٧، ص ٧٨.

13. S.J-Lammens, Une visite aux Yezidis ou andorateurs du Diable. In Relations d, Orient, 1929

١٤- الاب انستاس ماری الکرملی، الیزیدیة، المشرق، المجلد الثانی، ١٨٩٩، ص ٨٣٤.

١٥- الاب انستاس الکرملی، الیزیدیة، المشرق، المجلد الثانی، ١٨٩٩، ص ,٨٣٤

16- Hasan Gökçe, Portrait d'un Emir kurde, Beder Khan Bey, In Société et cultures musulmans d'hier et d'aujourd'hui, Paris, 1996, p. 79

17- Parry, Oswald,-B.A., Six months in a Syrian monastery, being the record of a visit to the head quarters of the Syrian church in Mesopotamia, with some account of the Yazidis or devil worshippers of Mosul and El Jilwah, their sacred book, London, Horace. Cox : 1895 p. 358

18- Guest, John S., Guest, The Yezidis: A Study in Survival, Ed. KPI, London& New York, 1987, p. 208

١٩- بڕوانە:

Lescot, R., Enquête sur les Yezidis de Syrie et du Djebel Sindjar. Mémoires de l'Institut français de Damas : [Institut français de Damas], 1938, p. 126.

20- Izady, mehrdad, The Kurds: A Concise handbook, Ed. Taylor & Francis, 1992, p. 157

21- S.J-Lammens, Une visite aux Yezidis ou andorateurs du Diable. In Relations d, Orient, 1929

٢٢- لاپەڕەی ٧٥، لە وەرگێڕاوی فارسیدا.

٢٣- ئەولیا چەڵەبی، گەریدەیەکی تورک بوو، ساڵی ١٠٢٠ ق لە ئەستەنبوڵ لەدایک بووە و لە خزمەت دەرباری ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بووە و ماوەی ٤٠ ساڵ ژیانی خۆی لە گەشتی وڵاتانی ژێردەستی عوسمانییەکان و وڵاتانی ئەوروپایی و ئەفریقایی و ئاسیا تێپەڕ کردوە و دیتنەکانی لە کتێبێکی دە بەرگیدا لەژێر ناوی "گەشتەکانی ئەولیا چەڵەبی"دا بڵاوکردوەتەوە. ناوبراو لە ڕاپۆرت و نوسینەکانیدا دژایەتی خۆی سەبارەت بە کوردی ئێزدی نەشاردوەتەوە و بەرژەوەندی عوسمانیەکانی لەبەرچاو گرتووە.

٢٤- مەلێک ئەحمەد پادشا، لە سەرەتادا غولامی تایبەتی زنجیرەی ئیمپراتۆریی عوسمانی بوو کە بە پلەی وەزارەت گەیشت، بەڵام دواتر پلەکەیان بۆ والی دابەزاند. ناوبراو سەرەتا کرا بە پارێزگاری دیاربەکرد و دواتر پارێزگاری وان بوو. ناوبراو پازدە ساڵ پێشتر بە هەزاران کوردی ئێزدی کوشتبوو.

# بەشداریی کوردی ئێزدی لە شۆڕش و بزوتنەوەکانی کوردستان دا

لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەم بۆ کۆمەڵێک لەو بزوتنەوانە کرد کە کوردی ئێزدی تێیاندا بەشدار بوون و هەر بەو بۆنەیەشەوە دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و پێکهاتنی دەوڵەتی نوێی عێراق ئازار دراون و خاک و موڵکیان لێ داگیر کردون. یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی کوردی ئێزدی لە ژیان و خەباتدا ڕاگرتنی ناوی کوردە لەسەر خۆیان و بە درێژایی مێژوو بۆ ڕاگرتنی ئەو ناوە و ڕەگەزی کوردانەیان لێیان دراوە و ویستویانە هاوکات لەگەڵ ئاینەکەیان ڕەگەزی کوردانەشیان لێ بسڕنەوە. لەو بارەیەوە نەمر کەچۆ هەسام "حاکم نەمر" دەڵێت: (لە سیاسەتی پاکتاوکردندا عوسمانییەکان تەنانەت ناوی گوند و ناوچەکانی کوردی ئێزدیشیان گۆڕی و لە حکومەتی دوایی دا گوتیان ئەوانە گوندی ئێوە نییە و هی عەرەبانە، تا شۆڕشی ئەیلول ڕاگەینرا ئەو سیاسەتە لە بەرامبەر ئێزدییەکاندا بەردەوام بوو.) حاکم نەمر لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت:

- (لە شۆڕشی ئەیلولدا ئێزدییەکان ڕۆڵی مەزن و سەرکیان لە ناوچەی خۆیاندا گێڕا. ناوچەی ئێزدییەکان لە نێوان شۆڕش و حکومەتدا بوو. لەبەر ئەوە هەموو هێرشەکان بۆ ناوچەی زاخۆ، دهۆک و شێخان بە خاکی ئێزدییەکاندا بوو. چارەنوسی ئێزدییەکان بەهۆی هاوکارییکردنیان لەگەڵ پێشمەرگە، گرتن، کوشتن و ئەشکەنجە کردن و سەرئەنجام گواستنەوە بوو لەگەڵ دابەشکردنی وڵاتەکەیان لەنێو عەرەبەکاندا. لە نێوان ساڵی ١٩٦٥-١٩٦٧دا دوو جار گوندەکانی ئێزدیی تاڵان کران. سەعید حەمۆ ئامر فەوجی عێراق ماڵی ئێمەی بار کرد بۆ باعەدرێ. ئەو تاوانانە ڕژێمی عێراق دژی هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکان و یاساکانی ناوخۆی عێراق بوو، بەڵام چونکە دەسەڵاتدارانی عێراق دیکتاتۆر بوون و کێشە لە نێوان سیستەمی دوو

جەمسەریی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەبوو، گوێیان بە ئێمە نەدا.) دوکتۆر سەعید خودێدا: سەبارەت بە ژیانی ئێزدییەکان لە ناوچەی بادینان و پێوەندییان لەگەڵ بارزانییەکاندا، دەڵێت: (لە کۆنەوە پێوەندیی نێوان ئێزدییەکان و بارزانییەکان باش بووە. ئێزدییەکان لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا بەشداریی شۆڕشیان کرد، ڕێکخراوی تایبەتیان لەناو پارتی دیموکراتدا هەبووە، گوندەکانی ئێزدی جێی حەسانەوەی پێشمەرگە بووە. هەرکە پێشمەرگە دەهاتن بەسەر ماڵەکاندا دابەش دەکران و ڕێزیان لێ دەگرتن. من خۆم شۆڕشی گوڵانم لەبیرە و دیومە چۆن باوکەکانی ئێمە ڕێزیان لە پێشمەرگە دەگرت.)

شێخ عەلۆ شێخ خەلەف کە خۆی یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و گوڵان دەڵێت: (ساڵی ١٩٨٧ ڕژێمی بەعسی عێراق دانیشتوانی ژمارەیەک گوندی ئێزدییەکانی گواستەوە بۆ کۆمەڵگای شاریا لەنێوان دهۆک و سیمێڵ.) ناوبراو لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا ئێزدییەکان لەگەڵ عیسا سوار، عەلی خەلیل و ئەسعەد خۆشەوی لە ناوچەکانی زاخۆ، دهۆک و ئامێدی دا پێشمەرگە بوون و لە شۆڕشی گوڵان دا لە سێ هێزی شێخان، زاخۆ و دهۆک دا خزمەتیان کردوە و ئێستاش بەردەوامن و تەنانەت دوای کارەساتی شەنگال هێزێکی تایبەت بە خۆیان هەیە.)

شێخ شامۆ شێخۆ، دەڵێت: (تا ساڵی ١٩٢٠ هەموو ساڵێک لەلایەن عوسمانییەکان و سەفەوییەکانەوە هێرش کراوەتە سەر ئێزدییەکان و ئەو هێرشانە کە بە فەرمان دەناسرێن بەبۆنەی دینی ئێزدییەکانەوە بووە. ئەوان نەک هەر ژنۆسایدی ئێزدییەکانیان کردوە، بەڵکوو ئاگری ناوخۆییشیان هەڵگیرساندوە و برایان بە دەست برا بەکوشتداوە. ئەو کێشەیە بە شێوازی جۆراوجۆر تا شۆڕشی ئەیلول و هاتنی مەلا مستەفا بۆ ناوچەی بادینان، بەردەوام بوو، هەرکە مەلا مستەفا بارزانی باوەشی بۆ ئێزدییەکان کردەوە لە شۆڕشی ئەیلولدا، ئێزدییەکان بە چەک، بەنان، بە

گیان، بە تاڵان و قوربانیدان بەشداریی شۆڕشیان کرد. بۆ نمونە ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، لە چیای شەنگال شۆڕش گەرم بوو. شەنگال لە نێوان شۆڕش و ڕژێمی داگیرکەردا بوو. لەو ڕێیەدا ئێزدییەکان کاروانێکیان شەهید هەیە و بۆ ئەوەی کە نەکات ناوی کەسێک لەبیر بکەم، لە گوتنی ناوەکانیان خۆم دەپارێزم. لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر، ئێمە توانیمان مەترسیی پاکتاو کردن لەخۆمان دوور بخەینەوە، چونکە هەموو ئایینەکان لەژێر عەدالەتی مەلا مستەفا بارزانیدا دەحەوانەوە، بەتایبەتی ئێمە ئێزدییەکان کە لە بواری ئایینی، نەتەوەیی، کەلتور و جوغرافیادا، ناوچەی جوغرافیای جیاوازیان هەیە. لە ڕاستیدا ئەوانە نمونەیەکی زیندوون لە بەشداریی کردنی ئێزدییەکان لە شۆڕشی ئەیلول و نزیکایەتیان بە شەخسی مەلا مستەفا بارزانییەوە. لە سەردەمی ئێستادا هەموو ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی کوردستان ڕێز لە ئێزدییەکان دەگرن، بەڵام چونکە بە حوکمی جوغرافیای ناوچەکەمان، چارەنوسی ئێمە بە پارتی دیموکرات و بارزانییەکانەوە بەستراوەتەوە، ئێزدییەکان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانن.)

شێخ شامۆ لە کۆتایی وتەکانیدا سەبارەت بە پێوەندیی کوردی ئێزدی بە شۆڕشی کوردستان و پارتی دیموکراتەوە، دەڵێت: (دوای ئازادبوونی کوردستان وەزیر، ئەندام پەرلەمان، قایمقام و بنکەی لالەشمان لە هەموو قەزاکاندا هەیە و ئەوانەش دوای ساڵی ٢٠٠٣ و ڕوخانی سەدام و حیزبی بەعس پەیدابوون. لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و موسڵ دەرکەوت کە ئێزدییەکان لەگەڵ کێن. هەندێک لە ئێزدییەکان دەڵێن کورد نین و عێراق کورسی کۆتای داونێ، بەرلە هەڵبژاردن ئێمە ٧ کورسیمان لە عێراق هەبوو، لە ١٢ کورسی هاوپەیمانانی کوردستان، ٨ کورسی لە موسڵ هی ئێزدییەکانە و ئەمەش پێشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە ٨٠%ی ئێزدییەکان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانن.)

سـەبارەت بە پێوەنـدیی ئێزدییەکـان بە شۆڕشـی ئەیلـول و پێوەنـدیی نزیکـی میر تەحسین بەگ میری ئێزدییەکان بە سەرۆک مستەفا بـارزانی، کەریم سلێمان حاجی ئاماژە بۆ دوو بیرەوەریی میر تەحسین بەگ دەکات و لە زمانی میرەوە دەڵێت: (نمونەیەک لە بەشداریی کردنی و بەرگریکردنی ئێزدییەکـان و میـر تەحسـین بەگ دێـنمەوە. میـر گـوتی: "مـن لە مـقەڕی بارزانی بووم و دەمویست بارزانی ببینم، کاک ئیدریس و کاک مەسعود بە گەرمی پێشوازیان کردم و گوتیان جەنابی میر تۆ بمێنەوە هەندێک میوان دێن بۆلای بارزانی. من بینیم گروپێک مامۆستا لە یەکێتی ئـایینی ئیسلام هاتن، ئیدریس پێی گوتن: مەلا مستەفا دەڵێت بچن لە مزگەوتەکان گوشار بـۆ حکـومەت بێـنن کە دەسـت لە پەلامـاری ئێزدییەکـان هەڵگرێـت." نمونەیەکی تر، میر گوتی: "ساڵی ١٩٦٣ هەموو پیاوانی عەشایری کوردستان هـاتبوون بـۆلای مەلا مستەفا لە کۆیە. بەرپرسـان هەمـوو سـەرۆکەکانیان دابەشکرد و مەلا مستەفا گوتی: تەحسین بەگ بۆمن دانێن." تەحسین بەگ گوتی: "من و مەلا مستەفا لە ژورێکدا بووین. ژورەکە تەنیا تەختێکی خەوی لێبـوو، بـارزانی گـوتی تـۆ لەسـەر تەخـتەکە بنـو، مـن قبـوڵم نەکـرد، بەڵام سەرئەنجام منی ڕازیکرد و من لەسەر تەختەکە نوستم و بـارزانی لەسـەر عەرز نوسـت".) ئەنـدازیار عیـزەدین سـەلیم باقەسـری کە خـۆی لە ڕۆژی ١٩٦٨/٤/١وە لە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستاندا خەبات دەکات و یەکێک بووە لە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول دەڵێت: (لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا ژمـارەیەکی زۆر ئێـزدی بەشـداریی شۆڕشـیان کـرد و کـادیر و بەرپرسـی پێشمەرگە بوون. لەوانە عەلی جۆقی بەرپرسی لیژنەی نـاوچە بـوو. ساڵح نەرمۆ، سلۆ خدر، مەهەمەد خدر قاسۆ باقەسری، مەحمود حەمرا کـادیر و بەرپرسـی پێشـمەرگە و فەرمانـدەی بەتـالیۆن بـوون. جـگەلە بەرپرسـانی ڕێکخراو و بەرپرسانی پێشمەرگە، سەدان ئێزدی لە ڕیزەکانی خەباتدا بوون و ئەو ڕەوتە ئێستاش بە ژمارەیەکی زیاتری کادیر و پێشمەرگە بەردەوامە.)

# شەنگال و حەفتاوچوارەمین فەرمانی پاکتاوکردنی کوردی ئێزدی

لە ساڵی ٢٠١١وە ڕژێمی سوریا توشی تێکهەڵچوونێکی چەکدارانە دژی ژمارەیەک بووەتەوە کە لە سوپای سوریا ڕایانکردوە و سوپای ئازادی سوریایان پێکهێناوە. جگەلە سوپای ئازادی سوریا، "بەرەی نوسرە" کە لقێک بوو لە ڕێکخراوی تیرۆریستیی قاعدە و گروپێکیتر لەژێر ناوی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام "داعش"[١] کە لە قاعدە جیاببووەوە، تێکەڵاوی شەڕی سوریا بوون. داعش دەیەوێ خاون خاک و ناوچەیەکی جوغرافیایی بێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی، بەشێک لە خاکی سوریای داگیرکرد.

دوای داگیرکردنی ئەو بەشە لە خاکی سوریا، دەوڵەتی ئیسلامی "داعش" بە سەرۆکایەتی ئەبوبەکر بەغدادی "ابراهیم عواد البدری الحسنی القریشی" ڕۆژی ٢٠١٤/٦/١٠ پەلاماری پارێزگای موسڵی دا و ڕۆژی ٢٠١٤/٦/١٧ فیرقەی ١٧ی پارێزگای نەینەوای لە "موسڵ" چەککرد[٢] و بە پاشەکشە کردنی فیرقەی ١٧ی سوپای عێراق لەو جێیە، هەموو چەک و جبەخانەکانی سوپای عێراق لە موسڵ کەوتە دەست چەکدارانی داعش کە بەپێی سەرژمێرییەکانی ساڵی ٢٠٠٣ی عێراق، ژمارەی دانیشتوانی دوو ملیۆن و ٤٥٣،٠٠٠ کەس بوو. داعش ڕۆژی ٢٠١٤/٦/٢٥ مەزارگەی ئاسەواریی "نەبی یونس" و دواتر کەنیسەی "قدیس ئیلیا" و ژمارەیەکی زۆر مزگەوت، کەنیسە و زیارتگەی لە موسل تەقاندەوە.

لایەنگریی کردنی بەشێک لە سوننەکانی موسڵ و ئەو جێیانەی داگیری کردبوون لە داعش کە هۆیەکەی دەگەڕایەوە بۆ گوشاری زۆری نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق و شیعەکانی لایەنگریی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆسەر سوننەکان، ئەبوبەکر بەغدادی و سەرکردەکانی داعشی هاندا بیرلە داگیرکردنی پەناتاییەکی زیاتر لە خاکی عێراق و ناوچە کێشە لەسەرەکانی کوردستان "ناوچەکانی ماددەی ١٤٠"بکەنەوە.

لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا، داعش شەوی ٢٠١٤/٨/٣ هێرشی کردە سەر شارۆچکەی شەنگال لە پارێزگای موسڵ و کاتژمێر ١٠:٠٠ ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ شەنگال و جادەی چیای شەنگال دهۆکی خستە دەست خۆی و گەورەترین تاوانی دژی کوردی ئێزدی لەو شارەدا بەرێوەبردو هەزاران ژن و کچی ئیزدیان بە بارمتە گرت و دەستدرێژیان کردە سەر ژمارەیەکیان. داعش بەوەش نەوەستا و ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٨ خۆی گەیاندە مەخمور، گوێڕ و جلەولا و چەندان گوندی لە ناوچەی کەرکوک داگیرکرد و تا ٢٧ کیلۆمەتری هەولێر هاتەپێش کە هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاریی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا، داعشیان شکاند و لە هەولیر دووریان کردەوە و ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٩ مەخمور و گوێڕ و ژمارەیەک لە گوندەکانی سەربە پارێزگای کەرکوکیان گرتەوە کە بەناوچەی کێشەلەسەری کوردستان دەناسرێن و پێشتر سوپای عێراق تێیاندا جێگیربوو.

شەنگال قەزایەکی کوردستانییە لە سنوری جوغرافیای نێودەوڵەتی عێراقدا و کوردی ئێزدی و ژمارەیەک کریستیان و موسڵمانی لێ دەژی و بڕیارە بەپێی مادەی ١٤٠ی دەستوری عێراق، بە ڕاپرسیی گشتیی دانیشتوانی بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. قەزای شەنگال دەکەوێتە سوچی باکوری ڕۆژئاوای باشوری کوردستان. لە ناوەندی قەزای تەلعەفەر، بەعاج و سنوری باشور و ڕۆژئاوای کوردستان "عێراق و سوریا" هەڵکەوتووە. ئەم شوێنە جوغرافییە لە ڕووی سامانی سروشتی و بەتایبەتی لە بوارەکانی خاک و سامانی ئاودا، ناوچەیەکی بەپیت و دەوڵەمەندە. هەروەها لە بواری فرە نەتەوەیی و ئاینیی گرنگی هەیە. لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١دا، قەزای شەنگال یەکێک لە گرنگترین قەزاکانی پارێزگای موسڵ بوو. لەبەر ئەوە، بە درێژایی سەدەی ڕابردوو، دانیشتوانی ناوچەکە تووشی "بە عەرەبکردن" بوون، بەتایبەتی دوای تەواوبوونی پرۆژەی ئاوی "جەزیرە" و "شەنگال" کە دانیشتوانی ناوچەکە بۆ کۆمەڵگا زۆرەملییەکان گواسترانەوە و گوندەکانیان بۆ

نیشتەجێ کردنی عەرەبە ڕەوەندەکان تەرخان کرا کە ئەوەش کاریگەریی هەبوو لە گۆڕینی سیمای نەتەوەیی و ئایینی ناوچەکەدا.

شاری شەنگال ١٧١٤ کیلۆمەتری دوو جایە، ١٤٠ هەزار کەس نفووسی هەبوو، ٧٠% دانیشتوانی کوردی ئێزدی و ئەوانی تر موسڵمان و کریستیان بوون. شەنگال خاوەنی منارەیەکی ئاسەوارییی بوو. ئەو منارەیە ٨٠٠ ساڵ لەمەوبەر دروستکرابوو، و ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٢٢ لە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی "داعش"ەوە ڕوخێندرا. چیای شەنگال ٧٤ کیلۆمەتر درێژە و بەرزایی ١٤٠٠ مەتر و پانی ١٣ کیلۆمەترە. دوای داگیرکردنی ئەو شارە لەلایەن داعشەوە و ڕاکردنی دانیشتوانی، ٣٥٠٠ خانوبەرە لە شەنگال وێرانکرا. داگیرکردنی موسڵ لە لایەن داعشەوە، کارەساتێکی هەزر نەکراوی بەدوادا هات و بەگوێرەی ئامارێک کە من لە بەرپرسانی ئێزدی شاری دهۆک وەرمگرتووە، پانتایی کارەساتەکە بەشێوەی خوارەوە بووە:

- ٣٩٠ هەزار کەس ئاوارە بوون. لەو ژمارەیە ٨٠%یان کوردی ئێزدی بوون. جگەلەو ئاوارانە، ١٧ هەزار ئاوارەش چوون بۆ سوریا و تورکیا. لەوانە ٤٣٠٠ کەسیان لە سوریان و ١٢٧٠٠ کەسیشیان لە تورکیان.

- ٥٨٣٨ کەس لەلایەن داعشەکانەوە ڕفێندران کە ژن و منداڵ و پیاوی بەتەمەن بوون.

- ٣٥٠٠ کەس بێ سەروشوێن کران کە هەموویان کوردی ئێزدی بوون.

- زیاتر لە ١٨٠٠ کوردی ئێزدی کوژران.

- ٨٥٠ منداڵ بەبێ دایک و باوک مانەوە.

- ٢٤ زیارەتگەی ئێزدیان لە شەنگال، باشیک و بەحزان "بارزان" لەلایەن داعشەوە تەقێندرانەوە.

- ٢٣٠٢ کەس تا ڕۆژی ٢٠١٥/١٢/١ لە چنگ داعش ڕزگاریان بووە. لەوانە ٨٥٩ کەسیان ژن و ٣١٣ کەسیشیان پیاوی بەتەمەنن. لەو ژمارەیە ٥٥٠ منداڵی نێرینە و ٥٨٠ منداڵی کچن.

- ئاوارەکان لە ٢١ کەمپ دا نیشتەجێ کراون. ١٧ کەمپ لە پارێزگای دهۆک، ٢ کەمپ لە پارێزگای هەولێر و ٢ کەمپیش لە پارێزگای سلێمانی.

دەربارەی کۆکردنەوەی ئێزدییە ئاوارەکان لەو کۆمەڵگایانەدا کەریم سلێمان دەڵێت: (ژمارەیەک لە خەڵکی بەعشیق "باشیک" و بەحزان "بارزان" لەگەڵ ئێزدییەکان لەو کەمپانەدان.) هەروەها شێخ عەلۆ شێخ خەلەف دەڵێت: (لە هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال و گوندەکانی دەوروبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێک لە ئاوارەکانی لە دوو کەمپی تەنیشت ئەو کۆمەڵگایە "شاریا" کۆکردەوە کە من لێی دەژیم و لە سەردانێکمدا بۆ دوو کەمپە بۆم دەرکەوت ٣٣٠٠ بنەماڵە کە ژمارەیان دەبێتە ١٨ هەزار کەس لە ئاوارەکانی شەنگال لەوێ لە ٤٠٠٠ هەزار چادردا دەژین. پێویستە بڵێم کە لەو دوو کەمپەدا بۆ منداڵەکانیان خوێندنگە هەیە.)

خرتۆ حاجی سمایل "بابە شێخ" مەرجەعی ئایینی ئێزدییەکان لە شێخان لە سەردانێکی تایبەتی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری گولان و دیداریان لەگەڵ بەڕێزیان سەبارەت بە دۆخی ئێزدییەکان دوای داگیرکردنی شەنگال لەلایەن داعشەوە گوتی: (ئەوەی بەرامبەر کوردی ئێزدی کراوە، لە مێژوودا دەگمەنە و کارەساتی بەو شێوە دڕندانە و بێ بەزەیی و وەحشیگەرییانە ڕووینەداوە. داعشەکان ئەو کوشتن و کۆمەڵکوژییەی دەرهەق بە ئێمەیان کرد، ژینۆسایدێکە دژ بە هەموو کورد، ئێزدییەکان قوربانییەکی زۆر گەورەیان دا، کوژران، کچیان ڕفێندرا، ماڵ و حاڵیان دزرا، دەربەدەر کران و لە برسان و تینویەتیدا لە چیا، منداڵ و ئافرەت و پیاو و پەککەوتە گیانیان لەدەست دا، ئێستاکەش لە بارودۆخێکی ناهەمواردا، لە کۆچە و کۆڵان و ناو بینای ڕووخاو و لە پەرستگە و شوێنە گشتییەکان و لەناو خەیمەدا دەژین و لەبارودۆخێکی زۆر خراپدان، هەربۆیە داوا لە سەرۆکی هەرێم و سەرکردایەتی کوردستان و هێزی پێشمەرگە دەکەم، بە هەموو هێز و تواناو بێ بەزەییانە ڕووبەڕووی داعش ببنەوە و ئەوانەی هاوکاریشیان کردن، بە توندی سزایان بدەن.) گوتیشی: (ئێمە پێویستیمان بە پارێزگاری

سەرکردایەتی کورد هەیە، پێویستە ئەم قڕکردنە بگەیەندرێتە مەحافیلە دەولییەکان و جیهان زیاتر لێی بەئاگا بێت و پیاوانی ئایینی و مامۆستا و زاناکان زیاتر بێنە قسە و کۆمەڵکوژی کوردی ئێزدی ڕیسوا بکرێت.)

لە درێژەی قسەکانیدا، بابەشێخ بە توندی ئیدانەی ڕفاندنی ئافرەتانی ئێزدی کرد و گوتی: (من نازانم چ مەزهەب و نەتەوەیەک ئەوەندە بێ غیرەتە کچ و ئافرەت بڕفێنێت و دواتر بیفرۆشێت، ئەوان مرۆڤی بێ گوناهن و دەسەڵاتیان نییە، خوا داوامان لێدەکات بە بەزەیی بین و تەعەدا نەکەینە سەر عەرز و ناموسی هیچ کەسێک. کوردستان بە درێژایی مێژوو شوێنی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی بووە، ئیتر بۆ چاویان پێی هەڵنایەت، هەرچی کەمینە و زۆرینەی نەتەوە و ئایین و ئایینزا هەیە، پەنای بۆ کوردستان هێناوە، لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوخەمی یەکتر بووین. هەربۆیە داواکارین هێزی نێودەوڵەتی ئەو پێکەوەژیان و لێبوردەییەی هەرێمی کوردستان بپارێزێت.) گوتیشی: (من شانازی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەم کە خوێن و قوربانی بەخشییە میللەتەکەی و پارێزگاری لە عەرز و ناموسی کورد و کوردستانییەکان دەکەن، ئەوان نەبوونایە تیرۆریستان لەهەموو شارێکی کوردستان شەنگالێکی تریان دروست دەکرد و خەڵتانی خوێنیان دەکرد.)

لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا بابەشێخ گوتی: (ئەو کارە دڕندانەی داعش دەرهەق بە خەڵکی سڤیلی شەنگال کردیان، کیمیابارانی هەڵەبجەمان بەبیر دەهێنێتەوە، هەر بۆیە کاتی ئەوە هاتووە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکان لە هەوڵی ئەوەدا بن، تاوانی شنگال لە ئاستی جیهانیدا بە ژینۆساید بناسێنن و بە فریای لێقەوماوەکانی کوردی ئێزدی بکەون، چونکە ئەوان لە بارودۆخێکی ناهەمواردا دەژین و باری دەروونییان تێکچووە، بەهاتنی وەرزەکانیساڵ بەهیلاک دەچن و ڕۆژانە لێرەو لەوێ منداڵ و پیاوی بەساڵاچوو و پەککەوتە دەمرن.)

دوکتۆر موئید بەرەکات لە سەبارەت بە داگیرکردنی شەنگال لەلایەن داعشەوە، دەڵێت: (هێرشی ئەم جارەیان کە داعش کردیە سەر ئێزدییەکان ڕاستی ئەو گوتنە دەردەخات کە داعش تەلعەفەری داگیر کرد، شیعەکان ڕایان کردە شەنگال و ئێزدییەکان پێشوازیان لێکردن کە ئەوە تووڕەیی داعشەکانی دژی ئێزدییەکان بەرز کردەوە.) هەر سەبارەت داگیرکردنی شەنگال لەلایەن داعشەوە، حازم تەحسین بەگ جێگری میری ئێزدییەکانی جیهان دەڵێت: (هێرشی داعش بۆ سەر ئێزدییەکان، دەبێتە ٧٤ و ئێزدییەکان پێشتر ٧٣ هێرشیان بۆ کراوە. لە هێرشی داعشدا زیاتر لە ٤٠٠ هەزار کەس ئاوارە بوون و هەموو هێرشەکان بۆسەر ئێزدییەکان هۆی دینیی و نەتەوەیی هەبووە. عوسمانییەکان نزیکەی یەک ملیۆن و ٢٠٠ هەزار، تا یەک ملیۆن و نیو ئێزدیان بە زۆر کرد بە موسڵمان.)

دوکتۆر سەعید خودێدا، لە تاوانی داعش بەرامبەر بە کوشتنی مامۆستایەکی ئێزدی لەگەڵ هاوسەر و کچەکەی لەبەر چاوی خوێندکارەکانی دەدوێت و دەڵێت: (لە عێراق پتر لە ٦٠٠ هەزار ئێزدی هەیە، لەو ژمارەیە ٤٠٠ هەزاریان لەنێو چادردا دەژین و دۆخیان زۆر خراپە. ژمارەیەکی زۆر خوێندکار کوژران، من چاوپێکەوتنم لەگەڵ کوڕێک کرد، گوتی: ئێمەیان لە گوندی "کۆچۆ"وە هێنا و لە مامۆستاکەیان جیا کردینەوە و بەگوتنی "ئەڵلاهو ئەکبەر" کچ و ژن و مامۆستاکەمانیان ڕم کرد و هەموویان کوشتن.) لە درێژەی وتەکانیدا دوکتۆر سەعید سەبارەت بە تاوانەکانی داعش دەڵێت: (داعشەکان دەستدرێژیان بۆسەر پیاوەکانی ئێزدیش کردبوون. بە هاتنی داعش ئێزدییەکان زۆریان لێ کوژران، دەستدرێژیان لێکرا و ئێستاش نزیکەی ٣٥٠٠ کەس ونن. هاتنی داعش بنەماڵە ئێزدییەکانی هەڵوەشاند، هەندێک بنەماڵە دە کەس بوون کە بەشێکیان کوژران، هەندێکیان لە دەست داعش دان و هەندێکیشیان چوون بۆ دەرەوەی وڵات و ئەمەش زیانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی بە ئێزدییەکان گەیاند و داعشەکان بوون بە دراوسێی ئێزدییەکان و

ئێزدییەکانیان تاڵان کرد و لە موسڵ، ڕەقە و تەلعەفەر، بەسەر موسڵمانەکاندا دابەشیان کردن و ئەوانیان توشی حاڵەتێکی دژواری دەروونی کردن و ئێستاش لەو حاڵەتەدا دەژین.)

لە جێیەکی تردا قایمقامی شێخان ئیسماعیل مستەفا، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: (ئەو کارە قێزەونە و کومەڵکوژیی ئێزدییەکان ترس و تۆقانێکی وای دروستکرد، بەلێشاو خەڵکی ماڵ و زێدی خۆیان بەجێهێشتووە و ڕوویان لە ناوچە ئارامەکانی کوردستان کردوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەلایەن داعشەوە داوایان لێکرا ببنە موسڵمان، ئەگینا دەکوژرێن و کچەکانیشیان دەڕفێنن.) گوتیشی: (هەموو خێزانێکی ئێزدی مەینەتی و مەرگەساتێکی گەورەی بەسەر هاتووە و لە بارودۆخێکی خراپی تەندروستیدان و لە ڕووی دەروونییەوە زیانی گەورەیان بەرکەوتووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەبەر چاویان کۆمەڵکوژی کراوە و بەدرێژایی مانگێک خۆشەویستانیان لەبەر چاویان لە برسان و مەینەتی مردوون)، ئیسماعیل مستەفا جەختی لەوەش کردەوە کە (لەگەڵ بوونی ئەو هەموو پەناهەندە و ئاوارەیەی کوردستان و بڕینی بودجە و گەمارۆی عێراق و



شەڕی دەوڵەتی داعش هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەم دۆخە ناهەموارە کارێکی ئاسان نییە)، گوتیشی: (گەر بە ڕێکوپێکی تاوانەکانی داعش لەم ناوچە کوردستانییانە تۆمار بکرێت و بە دیکۆمێنت بکرێن و بە دنیای دەرەوە بناسێنرێت، ئەوا بەهیچ شێوەیەک جیهان قبوڵی ناکات لەم سەردەمەدا کاری وا قێزەون و ژینۆسایدی نەتەوەیەک بەو چەشنە ئەنجام بدرێ.)

قایمقامی شێخان ئەوەشی خستەڕوو کە نزیکەی شەش هەزار خێزانی دیکەی ئێزدی ڕوویان لە سەنتەری شێخان کردوە و تەنیا لە پەرستگای

لالش ٥٠٠ خێزانی تێدا نیشتەجێ کراون. گوتیشی: (تەنانەت خەریک بوو خەڵکی سەنتەری شێخانیش ئاوارە بن، بەڵام نەبەردی و خۆڕاگری پێشمەرگە بوو، نەیهێشت داعشەکان و بە کرێگیراوەکانیان زیاتر زیان بەم دەڤەرە بگەیەنن.) ئەوەشی دووپات کردەوە کە بارودۆخی ئاوارەکان باش نییە، چونکە (خێزان هەیە پیاوەکەی شەهید بووە، یان جگەرگۆشەکەی مردووە، هەشمانە ئافرەت و کچەکانیان ڕفێندراوە، تەنانەت خێزانمان هەیە ئەندامەکانیان لەیەکتر دابڕاون و خێزان هەیە منداڵی بێ دایک و باوک بەخێو دەکات، ئەوان بێ پارەو جلو بەرگ هەڵهاتوون و زیانی گیانی و ماددی و دەروونی زۆریان پێ گەیشتووە، ئەو تاوانە ڕەشەکوژییە تەنیا بەسەر ئێزدییەکاندا نەهاتووە، بگرە کوردی شەبەک و کوردستانییەکان و کریستیانەکان و هەمـوو پێکهاتەکانی تری کوردستان لەم ناوچانەدا کەوتوونەتە بەردەم ئەنفالێکی تر، پێویستە کارەساتەکە وەکو خۆی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەیێندرێت، تاوەکو جارێکی تر کوردەکان ئەنفال و ژینۆساید نەکرێن و ئیتر لە عێراقدا کۆمەڵکوژ نەکرێن.)

ئیسماعیل مستەفا بە پێویستی زانی هێزی ئاشتیپارێزی نێودەوڵەتی شانبەشانی پێشمەرگە پارێزگاری لە کوردستان بکات و لە شەڕی دژی داعش و شۆڤێنییەکان ڕاستەوخۆ بەشداری بکەن. گوتیشی: (ڕاستە ئێمە وەکو حکومەت و خەڵکی کوردستان و خێرخوازانی میللەتەکەمان و پیاوانی ئایینی بە دەنگ برا ئاوارەکانەوە هاتین و یارمەتی و کۆمەکیانمان کردن و شوێنی نیشتەجێبوون و پێداویستییە سەرەکیەکانمان بۆ دابین کردن، تەنانەت لەلایەن مامۆستایان و پیاوانی ئایینی ئیسلامەوە دەرگای مزگەوتەکانیان بۆ والاکردن و لە ڕووی تەندروستییەوە تیم و بنکەی تەندروستی گەڕۆکیان بۆ دانرا، هەروەها لەلایەن هەردوو ڕێکخراوی بارزانی و ڕوانگەوە هاوکاری باشکران و ژەمی خواردنیان پێشکەش کرا، ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە بە جوانی ناوچەکەی پاراستووە و پارێزگاری لە ڕەوشی ئارامی و ئاسایشی هاونیشتمانیان دەکات، بەڵام پێویستمان بە

کەمـــپ و هاوکـــاری نێـــودەوڵەتی و ئـــازادکردنەوەی شـــوێنەکانیان و دوورخستنەوەی داعشەکانە لەسەر سنوورەکانی کوردستان و پێویستە هێزی ئاشتیپارێزی نێودەوڵەتی پارێزگاری لە کوردستان بکات و لە شەڕی دژی داعشەکان و شۆڤێنیەکانیش ڕاستەوخۆ بەشداری بکەن.)

هەر سەبارەت بە تاوانەکانی داعش لە بەرامبەر ئێزدییەکان و دۆخی دوای کارەساتەکە و ئەو ئاڵوگۆڕەی کە بەسەر کوردی ئێزدیدا هات، شێخ شامۆ شێخۆ دەڵێت: (کارەساتی ئەم جارەی ئێزدییەکان زۆر گەورە بوو، بەڵام لە بەرامبەریشدا ئێزدییەکان قازانجی زۆریان بینی. دنیا ئەوانی ناسی، یەکەم جار بوو لە مێژوودا دنیا باسی کوردی ئێزدی کرد. ئەمەش دەگەڕایەوە بـۆ ئـازادبوونی کوردسـتان، سـەرۆکمان هەیە و بەرگریی لێکردین. لەناو خۆ و بنکەی لالەش و دەزگاکانی تری ئێزدی دا هەوڵی زۆریدا کە ئێزدییەکان و ئایینەکانی تر زۆر لە یەکتر نزیک بوونەوە. پێشتر دوژمن ئێمەی دەکوشت و براکانی ئێمەشیان لێ دەکرین بە دوژمن، بەڵام ئەم جارەیان پێچەوانە دەرچوو، دوژمن نەیتوانی فریومان بدات و پیلانی خۆی لەسەر ئێمە جێبەجێ بکات.)

ڕۆژی پێـنج شـەممە ٢٠١٥/٨/١٣ نێچیرڤـان بـارزانی سـەرۆکوەزیرانی هەرێمـی کوردسـتان لەگەڵ ئەنـدامانی ئەنجـومەنی ڕۆحـانیەتی ئێـزدی، ژمارەیەکی بەرچاو کەسایەتیی ئاینیی ئێزدی، موسڵمان، مەسیحی، کەس و کـاری شـەهیدان و وەزیـر و پەرلەمانتـار و بەرپرسانی ئیداری و سەربازیی هەرێمـی کوردسـتان، گەیشـتە بنـاری چیـای شـەنگال و سـەر مەزارگەی شەرفەدین بۆ بەشداریی کردن لە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی تەرمی ٦٧ شـەهیدی ئێـزدی کە بە دەستی تیرۆرستانی داعش شـەهید کرابـوون و لە گۆڕەکـانی بەکۆمەڵیـان خسـتبوون. لەو ڕێوڕەسـمەدا نێچیرڤـان بـارزانی وتـارێکی پێشـکەش کـرد و تێیـدا لە غەدر و زوڵمێـک دوا کە لە گەلـی کوردسـتان و بە تـایبەتی لە کـوردی ئێـزدی کـراوە، جارێـک لەبەر کوردبوونیـان و جـارێکیش لەبەر ئەوەی ئێـزدین، ئەو تـاوانە

نامرۆڤایەتییەیان بەرامبەر ئەنجام دراوە. .... بارزانی ئەوەشی دووپات کردەوە کە لە هەوڵەکانیاندا بۆ ڕزگارکردنی ئەو ئێزدیانەی لە دەستی تیرۆریستانی داعشدا ماون، بەردەوام دەبن و هەرچی پێویست بێت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ڕزگار کردنیان ئەنجام دەدرێت کە بۆ ئەم مەبەستەش ئۆفیسێکی تایبەت کراوەتەوە و تا ئێستا توانیویانە ٢٠٥٨ کەس لە خوشک و برایانی ئێزدی لە دەستی تیرۆریستان ڕزگار بکەن و سوپاسی ئەو دەستەیەی کرد کە لەو ئۆفیسەدا کار دەکەن بە تایبەت بەڕێز "خەیری بوزانی" بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کوردی ئێزدی کە کارێکی زۆر باش و گەورەیان لەم بارەیەوە ئەنجام داوە.

سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کوردستان هەروەها ڕایگەیاند کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش حکوومەتی هەرێمی کوردستان تیمێکی بە سەرۆکایەتی مەحمود حاجی ساڵح وەزیری کاروباری شەهید و ئەنفالکراوان دامەزراندوە بۆ ئەوەی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە کوردی ئێزدی کراون، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک جینۆساید بناسرێن و لەم بارەیەشەوە کاری جددی و باش ئەنجامدراوە و دەستخۆشیی لەو تیمە کرد.

سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا باسی لە کۆچی ژمارەیەک گەنجی ئێزدی بۆ دەرەوەی وڵات کرد و ئاشکرای کرد کە ئەوان ئەم بابەتەیان لەگەڵ جڤاتی ڕۆحانی و کەسایەتیەکانی ئێزدی خستوەتە بەرباس و ئەم کۆچکردنەشی بە شتێکی هەڵە زانی، چونکە ڕاستە کارەساتێکی گەورە لەم دەڤەرە بەڕێوەچووە، بەڵام ئێزدی و ئێزدایەتی لە ئەوروپا و غەریبی ناپارێزرێن و ئەو شوێنەی کە ئێزدایەتی تێدا گەشە دەکات، لالەشی نورانی و شەنگال و شەرفەدینن نەک ئەوروپا و وڵاتی غەریبی و داوای لە گەنجان و کۆمەڵگەی ئێزدی کرد بابەتی کۆچکردن لەیاد بکەن و شوێنی باب و باپیرانی خۆیان چۆڵ نەکەن.

دواتر باسی لە پێکەوە ژیانی هەموو نەتەوە و ئایینەکانی کوردستان کرد و ئەوەی بە تابلۆیەکی جوان وەسفکرد و جەختی لەوە کردەوە کە ئەم

پێکەوە ژیانە زەمانەتی سەرکەوتنی گەلی کوردە و ئامادە بوونی هەموو نەتەوە و ئایینەکانیشی لە ڕێوڕەسمەکەدا، بە پەیامێک بۆ دۆست و نەیارانی کوردستان زانی کە ئەم پێکەوە ژیانە بەردەوام دەبێت.

لە کۆتایی وتارەکەیدا نێچیرڤان بارزانی سەری ڕێز و وەفاداری بۆ شەهیدان دانەواند و سوپاسی هەموو ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی کرد کە توانیان ئەم خاکە لە تیرۆرستان بپارێزن بە تایبەت ئەوانەی کە توانیان مەزارگەی شەرفەدین بپارێزن و ڕێگە نەدەن تیرۆرستانی داعش بگەنە شوێنەکە و دەستخۆشیی لێکردن. (پاشبەندی ٥)

جگەلە بناری چیای شەنگال و مەزارگەی شەرفەدین، چیای شەنگال تا ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/١٨ بەدەست گەریلاکانی پەکەکەوە بوو. لەو ڕۆژەدا پێشمەرگەکانی کوردستان لە ئۆپراسیۆنێکدا کە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە هەردوو بەرەی ڕەبیعە بۆ چیای شەنگال و زوومار بۆ چیای شەنگال سەرپەرەشتی کرد، ناوچەیەکی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە و دەڤەری ڕەبیعە و زوومار و شەنگال تا سەر چیای شەنگال ئازاد کرا و ڕێگە بۆ هاتوچۆ و یارمەتیدان بە برا ئێزدییەکان کرایەوە و ڕۆژی یەک شەممە ٢٠١٤/١٢/٢١ ڕێزدار مەسعود بارزانی لەسەر چیای شەنگال وتارێکی پێشکەش کرد.

سەرۆک بارزانی لە وتارەکەیدا خۆشحاڵیی خۆی لە ئازادکردنی چیای شەنگال و دوو ڕێگای سەرەکی ڕەبیعە بۆ شەنگال و زوومار بۆ شەنگال دەربڕی و پیرۆزبایی لە خوشکو برایانی ئێزدی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد. لە بەشێکی وتارەکەیدا گوتی: (بە پێویستی دەزانم لێرەوە لەسەر ئەم چیا سەرکەشەوە سڵاوی گەرمی خۆم بۆ هەموو پێشمەرگە قارەمانەکان و گەلی کوردستان بنێرم. من لەو باوەڕەدام کە ڕۆحی پاکی شەهیدان ئەمڕۆ لەسەر سەری ئێمە دەفڕن و لە ئێمە زیاتر خۆشحاڵن کە ئەمڕۆ لەسەر چیای شەنگال، دوژمنی بەشەریەت، دوژمنی مرۆڤایەتی و دوژمنی گەلی کوردستان تێکشکێندرا و .... سوپاس بۆ خودا کە یەکێک لە

ئاواتەکانی من لە ژیاندا بەدیهات کە من بێم لەسەر چیای شەنگال پیرۆزبایی لە خوشکو برایانی خۆم بکەم و بڵێم پیرۆز بێت سەرکەوتن. ... سوپاس لە پێشمەرگە قارەمانەکان و گەلی کوردستان دەکەم بۆ پشتیوانی کردنیان. ئەو ئابلۆقەیەی لەسەر چیای شەنگال دانرابوو، تێکشکێندرا و ڕزگار کردنی شاری شەنگالیش لە بەرنامەی ئێمەدا نەبوو، بەڵام بەشێکی ڕزگار کرا. ... بە نیسبەت ئێمەوە هیچ جێگەیەک نییە کە بۆ لێدانی ترۆریستانی داعش دەستمان نەیگاتێ و ئامادەین هەندێک دەرسی تر بە تیرۆریستان بدەین و...) (پاشبەندی ٦)

جگەلە سەرۆکی هەرێم، هەریەک لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فازل میرانی سکرتێری پارتی دیموکرات، مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ئەندامانی تری مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی دیموکرات و فراکسیۆنی پارتی دیموکرات لە پەرلەمانی کوردستان سەردانی چیای شەنگال و ناوچە ئازادکراوەکانیان کرد و دەزگای خێرخوازیی بارزانییش خواردەمەنی و کەلوپەلی پێویستی بە گەمارۆدراوانی چیای شەنگال گەیاند. بە ئازادکردنی چیای شەنگال ڕێگا بۆ گەمارۆ دراوەکان کرایەوە کە بێن و لە کەمپەکانی ناوچەی دهۆکدا نیشتەجێ بن.

ڤیان دەخیل سەبارەت بەو کارەساتەی کە لەلایەن داعشەوە بەسەر ئێزدییەکان هات و بۆ گەیاندنی زانیاری سەبارەت بە کارەساتەکە بە وڵاتانی جیهان و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانی جیهان، سەردانی ئەو شوێنانەیان کرد و لەو بارەیەوە دەڵێت: (بۆ دەربڕین و ئاشکرا کردنی ئەو کارەساتە وەک خۆی کە ئەنجامی گرت، من ٦ جار چووم بۆ ئەمریکا، لە سەفەرەکانمدا لەگەڵ کۆنگرێسی ئەمریکا، کۆشکی سپی و زۆر ڕێکخراوی تری مرۆڤدۆست دانیشتم کە پێوەندییان بە مافی مرۆڤەوە هەیە. دوو جاریش چوومە نەتەوەیەکگرتووەکان و لەوێ وتارم پێشکەش کرد. ڕۆژی ٢٠١٥/٣/١٥

وتارێکم لەسەر وەزعی ئافرەتی عێراقی و ئێزدیی لە نەتەوەیەکگرتووەکان پێشکەش کرد. وەزیرانی ٦٥ دەوڵەت بەشداریی ئەو ڕۆژەیان کرد و بۆ جاری دووەم ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٨ دیسان وتارم پێشکەش کرد. ئەم جارەیان بە نوێنەرایەتی عێراق لەسەر توندوتیژی دژی ئافرەتان دوام. یەکەم جار بوو لە عێراق ئافرەت ڕەوانە دەکرا کە لەسەر کێشەکانی خۆی وتار بخوێنێتەوە. هەروەها لە مانگی ١١ی ساڵی ٢٠١٤دا چووم بۆ بلژیک و بەشدارییم لە کۆنگرەی ئاشتی ئایینەکانی جیهان کرد. ئەو کۆنگرەیە ١٠٠ ساڵە هەیە و هەر ساڵەی لە وڵاتێکدا پێکدێت و نوێنەری هەموو ئایینەکانی جیهان بەشداریی تێدا دەکەن. ئەوە یەکەم جار بوو کەسێک لەو کۆنگرەیەدا لەسەر بارودۆخی ئێزدییەکان بدوێت. نزیکەی ٣٠٠٠ کەس بەشداریی ئەو کۆنگرەیان کرد.)

لە یەکەم ساڵی داگیرکردنی شەنگال لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی داعشەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە و بەڵێنی بە خەڵکی شەنگال و ناوچەکە دا کە بەردەوام دەبێت لە ڕزگار کردنی ئێزدییە ڕفێندراوەکان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە. هەروەکوو پێشتر ڕامگەیاند حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ڕێگای جۆراوجۆر، ٢٠٥٨ ئێزدی ڕفێندراوی ئازاد کردبوو. ئەمەش دەقی پەیامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە کوردپرێس ماڵپەڕی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکراوەتەوە:

- (بەبۆنەی ساڵوەگەڕی داگیرکردنی شاری شەنگال و دەوروبەری لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە کە لە رۆژی ٢٠١٤/٨/٣ تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر ئەو شارە و گوندەکانی دەوروبەری و بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی دەڤەرەکەیان بە تایبەتی کوردی ئێزدی جینۆساید و دەستگیر کرد و بە هەزارانی دیکەشیان ئاوارە و دەربەدەر کرد، لەم ڕۆژە خەمناکەدا هاوخەمی و سەرەخۆشیی خۆمان بۆ کەس و کاری شەهیدان و جینۆسایدکراوانی ئەو کارەساتە ڕادەگەیەنین. حکوومەتی

هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی باش لە هەوڵەکانی بۆ ڕزگارکردنی ئەو خوشک و برا ئێزدیانەی لەلایەن تیرۆرستانی داعشەوە رفێنراوان، سەرکەوتوو بووە و لە هەوڵەکانیشی بەردەوام دەبێت بۆ ڕزگار کردنی ئەوانەی تا ئێستا لە دەستی تیرۆریستانی داعشدا ماون. لەلایەکی دیکەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش کاری زۆری کردووە بۆ بە جینۆساید ناساندنی کارەساتی شەنگال و لە هەوڵەکانی بەردەوامە و لەمبارەیەشەوە چی پێویست بێت دەیکات. جەختیش لەوە دەکەینەوە کە بە هەموو شێوەیەک لە هاوکاریی کردنی ئەو ئاوارانە بەردەوام دەبێن کە ئێستا لە دەڤەرە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان لە ناو کەمپەکاندا ژیان بەسەر دەبەن.

جێگەی خۆیەتی دەستخۆشیی لە پێشمەرگە قارەمانەکان بکەین کە بەوپەڕی نەبەردی و ئازایەتییەوە لە ڕزگار کردنی ئەو دەڤەرانەی لەلایەن تیرۆرستانی داعشەوە داگیرکرابوون، بەردەوامە و ڕووبەڕێکی فراوانی ئەو دەڤەرانەی لە دەستی تیرۆر ڕزگار کردووە و بەهیوای ئەوەی لە ماوەیەکی نزیکدا شاری شەنگال بە تەواوەتی لە دەستی تیرۆرستان ڕزگار بکرێت و خەڵکی دەڤەرەکە بە سەربەرزی و بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە بگەڕێنەوە سەر جێگە و ڕێگەی خۆیان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لە هاوکاری کردنیان بەردەوام دەبێت. بۆ ڕێزگرتن لە کیانی شەهیدان و جینۆسایدکراوان و ستەمدیدانی ئەو کارەساتە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٠١٥/٨/٣ لە هەموو دەزگاکانی سەربە حکوومەت، دوو خولەک بێ دەنگی ڕادەگرێت.)

سەرئەنجام شاری شەنگال و گوندەکانی دەوروبەری کە ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی "داعش"وە داگیر کرابوون، بە ئۆپراسیۆنێکی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە فەرماندەیی ڕاستەوخۆی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ٢٠١٥/١١/١٣ ڕزگار کرا.

دوای ڕزگار کردنی شەنگال، ڕێزدار مەسعود بارزانی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری شەنگال، مزگێنی ئازادکردنی شەنگالی ڕاگەیاند. لە سەرەتای کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا سوپاسی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانی کرد و ڕایگەیاند: **(من لێرە مزگێنیی ڕزگارکردنی شەنگال بە گەلی کوردستان ڕادەگەیەنم.)** سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەی لە گەلی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و بەتایبەتی خوشکو برایانی ئێزدی کرد. هەروەها ڕایگەیاند: **(ئێمە بەڵێنمان دا و بەڵێنی خۆمان بەجێ هێنا. ئەمڕۆ ئێمە لە شەنگالین. بەتایبەتی بۆ خوشکو برایانی ئێزدی سەلمێندرا کە هەموو گەلی کوردستان پشتیوانی ئەوانە، ئەوان تەنیا نین و ئەوەش سەلمێندرا کە ئێزدی بەشێکی ڕەسەنی گەلی کوردستانن.)** لە بەشێکی تری وتارەکەیدا بارزانی گوتی: **(ئەمڕۆ با هەر تاکێکی ئێزدی سەربەرز و بێ منەت بێت. با متمانەی بە خۆی هەبێت. هەر کچێکی ئێزدی با بەدەنگی بەرز هاوار بکات و بڵێت من کچی کوردانم، هێمای شەرەف و بەرخوادنم. بەم سەرکەوتنە تۆڵەی ئەوان کرایەوە، تۆڵەی پێشمەرگە مەردایەتییە، زۆر بە مەردانە تۆڵەی هەموو خوشک و برایانی ئێزدی کرایەوە.)** لە کۆتایی وتارەکەیدا، سەرۆک بارزانی سوپاسی ئەمریکا و هێزی هاوپەیمانانی کرد بۆ پشتیوانییان و سوپاسی میدیای ناوخۆ و بیانیشی کرد بۆ ئەو ڕۆڵەی گێڕایان. هەروەها سوپاسی پێشمەرگە و فەرماندە قارەمانەکانی کرد.

جگەلە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، میر تەحسین بەگ، میری ئێزدییەکانی کوردستان و جیهان و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ڕۆحانی ئێزدییەکان، بە بۆنەی ڕزگارکردنی شەنگال لە لایەن پێشمەرگەکانی کوردستان، بە فەرماندەیی ڕێزدار مەسعود بارزانی، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، بەیاننامەی میر لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا

بڵاوکرایەوە و من دەقی ڕاگەیندراوەکەم لە لاپەڕەی پێنجەمی ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە ٢٢٥٧ بە شێوەی خوارەوە وەرگرتووە:

- (خوشک و برا ئێزدییەکان، ڕۆژی ٢٠١٥/١١/١٣، ڕۆژی ئازادکردنەوەی شەنگال، ڕۆژێکی مێژوویی بوو، کە بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی، سەرپەرشتی کرد لەسەر ئۆپراسیۆنی ئازادکردنەوەی کە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی پاڵەوان بە پشتیوانی هێزی ئاسمانیی وڵاتانی هەوپەیمان جێبەجێکرا. ئازدکردنەوەی شەنگال خۆشی و شادی خستە دڵی هەموو ئێزدییەکان و کوردستانییان و هەموو مرۆڤایەتی، بەتایبەت ئەوانەی کە باوەڕیان بە پێکەوە ژیان و لێبووردەیی و ڕێزگرتن لە بۆچوونی بەرامبەر هەیە، ئەو ڕۆژە خۆشی گەڕاندەوە بۆ دڵی ئەو خێزانە قوربانییە ئێزدییانەی کە گەرمتر لەسەر خەڵوز چاوەڕوانی گەڕانەوەی کچان و منداڵانیان، یاخود ئەوانەی یەکێک لە ئەندامانی بووەتە قوربانی.

با بەیەکەوە کار بکەین بۆ پارێزگاریکردن لە گیانی ئەو سەرکەوتنە کە ببێتە هۆکاری ناشیرینکردنی ئەو ڕۆژە پیرۆزە و مامەڵەکردنێکی خراپی لەگەڵ نەکەین. من وەک میری ئێزدییان و ئەنجوومەنی باڵای ڕۆحانی ئێزدییەکان دووپاتی دەکەمەوە کە ئێمە لە قوربانییە هەرە لە پێشەکانی دوای هێرشی نارەوای سەر شەنگال بووین و ئەوانەی هەندێک دەیکەن بۆ شێواندنی ناوبانگی ئێزدییە بێتاوانەکان، ئەوەش هەوڵدانێکە بۆ نانەوەی تۆوی ئاژاوەگێڕی لەنێو ڕۆڵەکانی شەنگال بەهەموو ئینتیمای ئاینیی و نەتەوەییەکانە.

ئاینیی ئێمە ئاینێکی ئاشتیخوازە و دژی توندوتیژی و تۆڵەکردنەوەی هەڕەمەکی و کردەوەکانی تاڵانکاری ماڵان و کەلوپەلی هاونیشتمانیانین، ئەو کردەوانەش لە ئایینی ئێمە ڕەتکراونەتەوە و ئێمەش بە درێژایی مێژوو دەستدرێژیمان نەکردوەتە سەر هیچ کەس، بە ئەندازەی ئەوە بووینەتە قوربانی ٧٤ هێرشی لەناوبردنی بە کۆمەڵ کە دواییینیان لە ٢٠١٤/٨/٣ بوو لەلایەن تیرۆریستە سەرلێشێواوەکان، کە مەزارگە پیرۆزەکانی ئێمە و

حوسەینییەکانی برایانی شیعە و مەزارگە و مزگەوتەکانی برا سوننەکانمان و کەنیسەکانی برا کریستیانەکانمان تەقاندەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش قەبارەی قوربانییان و ژمارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان کە دەدۆزینەوە، زیاتر دەبن و ئەوەش دوای ئەوەی کچەکانمان بە کۆیلەکران و لە بازاڕەکان ژن و کچەکانمانیان فرۆشت. لێرەشەوە داوا لە هەموو لایەنە پەیوەندارەکان دەکەین، کە هەموو ئەوانەی تاوانیان لە دژی کوردی ئێزدی بێتاوان ئەنجامداوە، سزای یاساییان ڕووبەڕوو بکرێتەوە.)

شەمۆ قاسم، کۆڤان ڕێسان، خدر دملی، ئەرشەد حەمەد و عەلی جۆقی لە کۆبوونەوەیەکی پێنج قۆڵیدا سەبارەت بە ڕۆڵی سەرۆک مەسعود بارزانی لە ڕزگارکردنی شەنگال و دۆخی ئێزدییەکان لە بەرامبەر ژمارەیەک مەلای توندڕەودا گوتیان: (**هەموو کاتێک سەرۆک بارزانی لە فیکری ئێزدییەکاندا بووە و ئێمە هەست بەوە دەکەین کە چۆن خۆی فەرماندەیی شەڕی ئازادکردنی شەنگالی کرد. ئێمە خواستێکمان هەیە کە ڕەنگە سەرۆک نەتوانێت جێبەجێ بکات، بەڵام دەتوانێ کاریگەریی هەبێت، ئەویش گۆڕینی مێشکی ژمارەیەک مەلای موسڵمانی توندئاژۆیە کە موسڵمانەکان دژی ئێمە هاندەدەن. ئێمە لەو فەرمانەدا کە بەسەر ئێزدییەکانی شەنگال و دەوروبەریدا بەڕێوەچوو، بۆمان دەرکەوت کە هەندێک موسڵمان پێیان خۆشبوو ئەو کارەساتە بەسەر ئێزییەکان هاتووە. تەماشا کەن ئێستا لە باکوری کوردستان زیاتر لە ٣- ٤ هەزار ئێزدی ماوە و هەموویان چوون بۆ ڕوسیا و ئەرمەنستان و ئەوروپا. هەندێک جار ئێزدییەکان ناتوانن وەک ئێزدی خۆیان بناسێنن و ئەوەش یەکێک لە گرفتەکانی ئێمەیە و نازانین چۆن چارەسەر دەکرێت.)**

دوای ڕزگار کردنی شەنگال، دەرکەوتنی برینەکان قوڵتر بووە و هەر لە سەرەتای ڕزگارکردنی شەنگال دەیان گۆڕی بە کۆمەڵی ئێزدییەکان لە شەنگال و دەوروبەری دۆزرایەوە. بە هەزاران کەس توشی نەخۆشی دەروونی بوون و حکومەتی کوردستان هەزار کچ و ژنی شەنگالی بۆ

چارەسەریی ڕەوانەی ئەڵمانیا کرد. دوکتۆر سەعید خودێدا سەبارەت بە کارەسانی شەنگال دەڵێت: **(من خۆم ٢٠٠ ئافرەتم دیوە کە لە دەست داعش ڕزگاریان بووە و دەستدرێژی بۆ هەموویان کرابوو. کە ئەوانە هاتنەوە، بابە شێخ لە ئەنجومەنی باڵای ڕۆحانی ئێزدیان بڕیاریدا ئەو کەسانەی دێنەوە دەبێ بپارێزرێن و ڕێزیان لێ بگیرێ و هاوسەرگیریان لەگەڵدا بکرێت. لەو ٢٠٠ ئافرەتە، چەند کەسیان هاوسەریان هەبوو، گەڕانەوە لای هاوسەرەکانیان و وەک خۆیان دەڵێن هەستی پیاوەکانیان بەرامبەریان نەگۆڕاوە و هەندێک باشتریش بووە.)**

هەریەک لە کچان و ژنانی ڕفێندراوی ئێزدی کە لە دەست چەکدارانی داعش ڕایانکردوە، چیرۆکێکی تایبەت بەخۆیان هەیە و بە تێکڕا لە تاوان و ئازاری سەرکردەکانی داعش دەدوێن. لە بەرامبەر کردەوەی داعشییەکان، ژمارەیەک ئافرەتی ئێزدی خۆیان کوشت و ژمارەیەکیش توشی نەخۆشیی دەروونی بوون. لەنێوان کچانی ڕزگاربوودا، نادیا موراد کە خۆی لە دەست چەکدارانی داعش ڕزگار کرد، چیرۆکی خەفەتباری خۆی بەشێوەی خوارەوە دەگێڕێتەوە

کچی کوردستان، نادیە موراد بە تەنیا لەبەر دەستي داعش ڕایکرد و لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دا بەسەرهاتی خۆی سەبارەت بە تاوانەکانی داعش خستەڕوو. دواتر لە لایەن سەرۆکی میسرەوە پێشوازی لێکرا و لە دنیای عەرەبییدا بایەخێکی زۆر درا بە چیرۆکی ئەو ڕزگاربووە لە دەست داعش. نادیە موراد لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلڕەئی کوەیتی دا ئاماژەی بۆ وردەکارییەکانی مردن، سێکس و بازاڕی کۆیلە فرۆشی لەلایەن داعشەوە کرد. بەتایبەتی دوای ئەوەی بە هەزاران منداڵ و ژنی ئێزدی لە لایەن ئەو گروپەوە ڕفێندران و خرانە ژێر نیری چەوساندنەوەی ڕەگەزی و ئاینییەوە.

نادیە کاتێک چیرۆکی کوژرانی دایکی و شەش لە براکانی لە بەرچاوی خۆی لە لایەن چەکدارانی داعشەوە دەگێڕێتەوە، فرمێسک بە چاویدا

قەتاری دەبەست و ئازاری ئەو جەرگی مرۆڤی دەسوتاند. برای حەوتەمی نادیە توانیویەتی لە چنگ چەکدارانی داعش رابکات.

ڕۆژنامەی ئەلرەئی کوەیتی دەپرسێت: پرۆسەی دەستگیرکردنت لە لایەن داعشەوە چۆن بوو؟

نادیە موراد: منیش یەکێک بووم لەو هەزاران هاوولاتییەی لە لایەن داعشەوە دەستگیرکراین. لە گوندی کۆجۆ دەژیام کە داعش هاوشێوەی شەنگال و گوندەکانی دەوروبەری، لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ داگیری کرد. داعش شەنگالیان داگیرکرد و لە یەکەم ڕۆژدا بە هەزاران کەسیان کوشت و گەیشتنە گوندەکەی ئێمەش و هەموومانیان لە قوتابخانەیەکدا کۆکردەوە. منداڵ و کچەکانیان نارده نهۆمی سەرەوە. هەموو پارچە خشڵە زێڕەکانیان لەبەر دارنیین و مۆبایل و پارە و ناسنامەی باری شارستانی و ڕەگەزنامەیان لێ سەندین.



پرسیار: داوای چییان لێتان دەکرد؟

نادیە موراد: یەکەم داوا کە لێیان کردین، داواکەی ئەبو حەمزە ئەلخاتوونی ئەمیری داعش بوو لە ناوچەی بعاج و داوایکرد، ئاینمان بگۆڕین. پاشان دەستیانکرد بە کوشتنی پیاوان تا هەموویان کۆمەڵکوژ کردن و شەش برام لەناو ئەو کەسانەدا بوون کە کۆمەڵکوژ کران و یەکێک لە براکانم دواتر توانی ڕابکات. پاشان هەموو ژنەکانیان ڕاگواست و ٨٠ ژنی بەساڵاچوویان کوشت کە تەمەنیان لە سەرووی ٤٥ ساڵ دەبوو، دایکم یەکێک لەوانە بوو.

پرسیار: دواتر چی ڕوویدا؟

نادیە موراد: دواتر کچان و ژنانیان لەیەکتر جیاکردەوە و ئەوانەی هاوسەرگیرییان کردبوو، ٤٠ ڕۆژ جیایانکردنەوە و دواتر دەستیانکرد بە دەستدرێژیکردنە سەریان. من لەوانە بووم کە هاوسەرگیریمان نەکردبوو، ئەم توێژە تەمەنیان لەنێوان ٩ تا ٢٥ ساڵ بوو. ئەوان دڵخۆش بوون بەوەی ژمارەیەکی زۆری کەنیزەکیان دەستکەوتبوو، سێ لە کچەکان، برازام بوون.

پرسیار: کێ لەگەڵتان دەدوا؟

نادیە موراد: کەسێک قسەی لەگەڵم دەکرد، ناوی ئەبو بەتات و خەڵکی تەلعەفەر بوو. بە درێژایی ئەو ڕێگەیەی دەیانگواستینەوە بە پاس دەستی لەسەر سنگم بوو. ئەوە وایکرد، هاوار بکەم. کەسێکی دیکە هات ناوی نافع بوو، گوتی: کێشەت چییە؟، پێمگوت: ئەمڕۆ کەسوکارتان کوشتم و دەتانەوێت دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسیم پێ بکەن. پێی گوتم: ئێوە کەنیزەکن. لەو کاتەدا ئەبو بەتات هەڕەشەی لێکردم و بەرگی لەبەر داڕنیم. چاوم داخست و بە درێژایی ڕێگە چاوم نەکردەوە. ئەو بەردەوام دەستی لەسەر سنگم بوو. ناوبەناو دەنگی قیژەی کچەکان دەهات. گەیشتینە بارەگایەکی ئەوان. لەوێ بە سەدان منداڵ و کچمان بینیی.

پرسیار: داوای چییان لێکردن؟

نادیە موراد: کاتێک گەیشتینە ئەوێ، ئەبو بەتات دەستیکرد بە لێدانم و جگەرەی لەسەر جەستەم دەکوژاندەوە. چونکە بە ڕوویدا دەمقیژاند. لە ترسان، سووری مانگانەم دەستیپێکرد. یەکێک لە پاسەوانەکان "سانتی" بۆ هێنام و پاشان کۆمەڵێکمان ڕاگوێزران بۆ سووریا و منیش لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکەدا ڕاگوێزراین بۆ موسڵ.

پرسیار: لە بارەگاکەی موسڵ چی گوزەرا؟

نادیە موراد: لەوێ چاکەتێکی پەمەییم لەبەردابوو. سەرنجی ڕەنگیم نەدابوو. یەکێک لەولاوە هات و گوتی: ئەو کچە چاکەت پەمەییەم دەوێت. کاتێک سەرنجم دا بینیم کەسێکی عێراقییە بەناوی سەلوان، بالایەکی تۆقێنەر و ڕیشێکی چڕوپڕی هەبوو. پێمگوتن: سوێند بە خوا بشمکوژن

لەگـەڵی نـاڕۆم. ڕەتمکـردەوە، بـەڵام کاتێـک دەسـتیانکرد بـە لێدانی کچـە برازاکانم، ناچاربووم ڕازی بم. دواتـر کەسێکی لاواز و بـاڵا کـورت هـات کە پێیان دەگوت حاجی سەلمان و یەکێک بوو لە بەرپرسە سـەربازییەکانیان. هانام بۆ برد و لێی پاڕامەوە، لەگـەڵ خۆیدا بمبـات و لـە دەست سـەلوانی تۆقێنەر ڕزگارم بکات. بەڵام ئەو گوتی: دڵخۆش مەبە، دوای چەند ڕۆژ، یان دەتکڕمەوە، یان بەکرێ وەرتدەگرم.

پرسیار: حاجی سەلمان چی لەگەڵ کردی؟

نادیــە مــوراد: پێیگــوتم ئێــوە کــافرن، نــازانم چەنــدتانم کوشــتووە و دەستدرێژیم کردوەتە سەر چەندەتان. لەو کاتەدا، ئاواتم دەخواست لەگەڵ سەلوانی تۆقێنەر بڕۆم. داوایکرد، شەهادە بێنم. پاشان داوایکرد، جلەکانم لەبەر بکەمەوە. سوێندم بۆ خوارد لە سوڕی مانگانەم. بڕوای پێم نەکرد، تا خۆی تەئکیدی کردەوە. دواتـر داوایکـرد، جلـەکانم تـا بـەیانی دانـەنێم. لـە کـاتی خۆرهـەڵاتنـدا، ئـەو ڕۆیشـت بـۆ شـەڕ. بـە شـوفێرێکدا جلـی شـۆڕی بـۆ ناردبووم، تـا بیانپۆشـم. لـەو شـەوەدا کـە دەسـتدرێژی کـردە سـەرم، پاشـان بردیانم بۆ دادگایەکی سەربازیی. ئەوکاتانە سەختترین کاتی ژیانم بـوو، کە چەکدارێکی داعش دەستی لەسەر سنگم دانابوو.

پرسیار: لە دادگا چ ڕوویدا؟

نادیــە مــوراد: ناچاریــان کــردم، شــەهادە بێــنم. وێنــەم لــە دادگــا هـەڵواسـرابوو، ژمـارەی مۆبـایلی سـەلمانیش لـەسـەری دانرابـوو، بـۆ ئـەوەی هەرکەس بیەوێت من بکڕێت یان بەکرێ وەرم بگرێت پێوەندی پێـوە بکـات. پاشـان گەڕاندیانمـەوە بـۆ بارەگاکـە و هەوڵمـدا ڕابکـەم، بـەڵام یـەکێک لـە پاسەوانەکان دەستگیری کردم. پاشان حاجی سەلمان هات و لێم توڕە بـوو، دەستیکرد بە لێدانم. پێشبینیم دەکرد بمکوژێت، بـەڵام منـی گەڕانـدەوە بـۆ ژوورەکە.

پرسیار: چۆن سزای دای؟

نادیە موراد: داوایکرد، جلەکانم دانێم. پاشان شەش پاسەوانەکەی کە تایبەت بوون بە دەستدرێژیکردنە سەرم، ئەوان کەوتنە گیانم و تا ئەو ڕادەیەی لە هۆش چووم و کە بەئاگا هاتمەوە کەس لە دەورم نەمابوو. سێ ڕۆژ کەوتم و هیچ جوڵەیەکم پێ نەدەکرا. پاشان کەسێک بەناوی ئەبو معاویە حەمدانی منی لە سەلمان کڕییەوە و بۆ ماوەی دوو هەفتەش لە لای ئەو بووم. پاشان دوو کەسی دیکە بەکرێ وەریانگرتم و دواتر یەکێک لە شوفێرەکان هەڵیگرتم و بردمی بۆ ماڵێک لە موسڵ. دوو ڕۆژ لەوێ مامەوە. چونکە ئەو دەیویست بمفرۆشێت بەچەند کەسێک لە سوریا. لەوێ بە ناوی ئەوەی هەندێک جلوبەرگ بکڕم، هاتمە دەرەوە و توانیم ڕابکەم و بچمە ماڵی هاووڵاتییەکی سوننە مەزهەبی عێراقی. هەموو ئەوەی بەسەرم هاتبوو، بۆم گێڕانەوە و لە لای ئەوان مامەوە. هەتا خاوەن ماڵەکە بەناوی هاوسەری خۆی ناسنامەیەکی بۆ دروستکردم و جلوبەرگێکی پۆشەریان پێدام. لەوێوە توانیم پێوەندی بە براکەمەوە لە کوردستان بکەم و خۆم بگەیەنمە کوردستان و لەوێشەوە بۆ چارەسەر ڕوومکردە ئەڵمانیا.

پرسیار: سەرلەنوێ لەدایک بوویتەوە؟

نادیە موراد: نا ئەو هەستەم نییە کە لە دایک بووبێتمەوە، چونکە کچە براکانم و هاوسەرەکانیان و هاوڕێکانم و هەزاران ئێزدی دیکە هێشتا لە دەستی داعشدان.

پرسیار: بۆچی بە دیاریکراوی بایەخ بە تۆ دراوە؟

نادیە موراد: تەنیا من نیم، زۆریتر هەن کە توانیویانە لە دەستی داعش ڕابکەن. ڕەنگە هۆکارەکە ئەوە بێت من پێوەندیم کردوە بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە.

نادیا موراد سەبارەت بە دیارترین کەسایەتی داعش کە بینیویەتی، حاجی شاکر بووە. ناوبراو جارێک داوایکردوە، بە مۆبایل قسە لەگەڵ براکەیدا بکات، بەڵام نادیە ڕەتیکردوەتەوە و داوایکردوە، ئاشپەزخانەکە پاک بکەمەوە. گوتیشی: مۆبایلەکەی پێدام. گوتم نامەوێت. حاجی شاکر زۆر

دڵڕەق بوو. فەرمانی توندی دەردەکرد. لە بارەی جۆری ئەو مۆبایلانەی داعش بەکاری دەهێنان، نادیە گوتی: هەندێکجار ئامێری سادەیان بەکاردەهێنا و هەندێکیشیان سورەیایان بەکار دەهێنا. سەبارەت بە خەلیفەی داعش ئەبوبەکر بەغدادیی، نادیە دەڵێت: ئەوم نەبینیوە، بەڵام دەمبینی چەکدارانی داعش بەجۆرێک بە پیرۆزیان دەزانی وەک ئەوەی پێغەمبەر بێت.

نادیە موراد کوردێکی ئێزدییە. لە گوندی کۆجۆ لە ناوچەی شەنگال لەدایکبووە. لە تەمەنی ٢١ساڵییدا کەوتووەتە دەست داعش و کراوەتە کەنیزەک. سێ مانگ لەژێر دەستی چەکدارانی داعش دا بووە و پاشان توانیویەتی لە دەستیان ڕابکات. لە لایەن وەزارەتی کۆچی عێراقەوە کاندید کراوە بۆ وەرگرتن خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتیی. بە مەبەستی چارەسەر چووەتە ئەڵمانیا. لە کوەیت، میسر و بریتانیا و لە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیشدا چیرۆکی خۆی گێڕاوەتەوە[٤].

بەهەر حاڵ، لە کۆتایی کتێبەکەمدا بووم کە "جۆن کێری" وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕۆژی ٢٠١٦/٣/١٧، لە وتارێکیدا کوشتاری ئێزدییەکانی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە بە ژینۆساید ناساند.

١- لە سەرەتادا ناوی "دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق" بوو، ڕۆژی ٢٠١٣/٤/٩ ناوی گۆڕا بۆ "دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام" و دواتر لە ڕۆژی ٢٠١٤/٦/٢٩ ناوی گۆڕدرا بۆ دەوڵەتی ئیسلامیی.

٢- ئەسیل نجێفی پارێزگاری موسڵ کاتی داگیرکردنی موسڵ لە شوێنی بەرپرسایەتی خۆی نەبوو.

٣- جادەی ٤٧، موسڵ و شەنگال و سوریا پێکەوە دەبەستێتەوە و ڕێگای سەرەکی و ستراتیژیی بوو بۆ داعش کە هاتووچۆی پێدادەکرد و خواردن و کەرەستەی لۆجستیکی پێدا دەگواستەوە.

٤- نوورەدین وەیسی بەڕێوەبەری گشتی تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤، ماڵپەڕی کوردستان 24، ٢٠١٦/١/٢١.

## کوردی ئێزدی ، کانتۆن و حشدی شەعبی

دوای داگیرکردنـی شـەنگال و گونـدەکانی دەوروبـەری ژمـارەیەکی زۆر لـە ئێزدییـەکـان و دوو هێـزی پێشـمـەرگەی پـارتـی دیمـوکرات بـە فەرمانـدەیی "ئاشتی کۆچەر" و "سمێ بۆسەلی" بۆ چیای شەنگال پاشەکشەیان کرد. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ڕێگای چوونەسەر چیای شەنگال کەوتە دەست داعش و تەنیـا ڕێـگەیەک کە دەکـرا هـاتوچۆی بۆسـەر ئەو چیـایە بـۆ بـکەی و ئێزدییەکـانی لـێ دەربـاز بـکەی، یـان ئـازوقە و خواردەمەنیـان بـۆ ڕەوانە بکەیـت، ڕۆژئـاوی کردسـتان بـوو کە ئەویـش لەژێـر دەسـەڵاتی شـەڕوانانی یەپەگە و گەریلاکانی پەکەکەدا بوو. کاتی هێرشی داعش بۆ سەر ناوچەی شـەنگال، هێزەکـانی پـارتی دیمـوکرات و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان لە شەنگال بوون کە لە بەرامبەر لێشاوی چەکدارانی داعش و عەرەبە سوننە هاوکارەکانی کە بە چەکەکانی فیرقەی ١٧ پارێزگای موسڵ پڕچەک ببوون، نەیـاتوانی خۆیـان ڕاگـرن. لەبەر ئەوە، پەکەکە و بەشـێک لە هێزەکـانی باشـوری کوردسـتان، بە پـێچەوانەی زانسـتی سـەربازیی لە شـەڕەکاندا، کەوتنی شەنگالیان خستە ئەستۆی هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکرات و لە بەرامـبەر پاشەکشـەی پێشـمەرگەکانی یەکێتـی نیشـتمانیدا بێـدەنگ بوون.

لەلایەکی تردا، پەکەکە ئەو هەلەی قۆستەوە، لە شوێنێک لەسەر چیای شەنگال کە پێیدەلێن "چل مێران" پێگەیەکی سەربازیی بۆ مەشق پێکردن بە کوردی ئێزدی دانا. چیای شەنگال شوێنێکی ستراتیژییە، کاتی خۆی لە شـەڕی عەرەب و ئیسـرائیل، سـەدام حوسـێن ٣٩ موشـەکی لەو شـوێنەوە لە خاکی ئیسرائیل دا. دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام، ئەمریکییەکان لەوێ وەک خاڵێکی ستراتیژی نیشتەجێ بوون، بەڵام دواتر چۆلیان کرد. لە بەرامبەردا پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە بەشێک لە گەریلاکانی لە قەندیل و یەکینەکـانی پاراسـتنی گەل یەپەگەی کە بـاڵی سـەربازیی پەکەکەیە لە

ڕۆژئاوای کوردستانەوە گواستەوە بۆ سەر ئەو چیایە و لەوێ جێگیری کردن و یەکەیەکی بەرگریی شەنگالیان لەژێرناوی یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال "یەبەسە" YBS دامەزراند. ئەو سێ هێزە کە ژمارەیان بە ٦٠٠ چەکدار مەزندە دەکرا، لەنێو خۆیاندا "هێزێکی هاوبەش"یان پێکهێنا. یەکێک لە فەرماندەکانی ئەو هێزە ڕایگەیاند: **(بەبێ ڕەزامەندی هێزی هاوبەش، نابێ هیچ هێزێک لە ناوچەکە و بەتایبەتی لەسەر چیای شەنگال جموجۆڵی هەبێت.)**

بە هەر حاڵ، جگە لەو دوو هێزەی پارتی دیموکرات لەسەر چیای شەنگال، هێزێکی تری پارتی بە فەرماندەیی سەعید کێستەیی لەبناری چیای شەنگال لە کۆمەڵگەی "دووگرێ" بوو کە پەکەکە ڕێگەی پێنەدا بچنە سەر چیای شەنگال. هێزەکانی ئاشتی کۆچەر و سمێ بوسەڵیش کە لەسەر چیای شەنگال بوون، بە کردەوە لە گەمارۆی پەکەکەدابوون. پەکەکە ئاڵای کوردستانی لەسەر چیای شەنگال دابەزاند و وێنەی عەبدوڵا ئۆجەلان و ئاڵای پەکەکە و یەپەگەی لەوێ بەرز کردەوە.

جگەلەوانە، دوای داگیرکردنی شەنگال لە لایەن داعشەوە، بەشێک لە ئاوارەکانی شەنگال ڕوویان لە گەلی لالەش کرد و لە باردۆخێکی زۆر دژوار و بەبێ دەرەتانی ژیان لەوێ نیشتەجێ بوون، لەوکاتەدا پەکەکە بە کەڵک وەرگرتن لە دۆخەکە ژمارەیەک گەریلای ڕەوانەی گەلی لالەش کرد کە بە وتەی خۆیان پارێزگاریی لە دانیشتوانی ئەو جێیە و ئاوارەکانی شەنگال بکەن، ئەوە لە کاتێکدایە کە پەکەکە لە هیچ جێیەکی باشوری کوردستان بەرەی پارێزراوی شەڕی نییە، بەڵام لە هێرشەکاندا وەک پاشکۆ بەشدارە، بەتایبەتی بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی بە فیلم و بڵاوکردنەوەیان بەناوی گەریلا و شەڕڤان. ئێزدییەکان بە هاتنی ئەو گەریلایانە بۆ گەلی لالەش ڕازی نەبوون و داوایان لێکردن لە جیاتی لالەش بچن بۆ بەرەکانی شەڕ، لەو بارەیەوە دەرمان ڕەشۆ عەبدی بەرپرسی پێشمەرگەکانی شەنگال دەڵێت:

- (دوای داگیرکردنی شەنگال لەلایەن داعشەوە، شەنگال بارودۆخێکی نائاسایی پەیدا کرد، نزیکەی ٦٠٠ تا ٧٠٠ بنەماڵە لە شەنگال و گوندەکانی دەوروبەرییەوە هاتن بۆ گەلی لالەش.



خواردن و پێداویستییەکانی ژیان زۆر کەم بوو و ئێمە بە هەموولایەکمان هەوڵماندەدا کە ئەو خەڵکە لە دۆخی نائاسایی ڕزگاریان بێت. لەو حاڵە ناخۆشەدا بووین کە لە مانگی هەشتەمی ساڵی ٢٠١٤ کۆمەڵێک گەریلای پەکەکە کە ژمارەیان ١٢ گەریلا بوون، هاتن و لە هۆڵی پێشوازیی کردنی پەرستگەدا جێیان گرت. بە گەیشتنی ئەو گەریلایانە، من تەلەفۆنم بە کاک عەلی عەونی بەرپرسی لقی ٢٠ی پارتی دیموکرات لە شێخان، میر حازم تەحسین بەگ جێگری میری ئێزدیان کرد و ئاسایشی شێخان کرد و مەسەلەکەم پێڕاگەیاندن، گوتیان بچووە و بپرسە بۆچی هاتوون؟ من چوومەلای گەریلاکان، سڵاوم لێکردن و پرسیم کێ بەرپرستانە، یەکێک هەستا و گوتی: من بەرپرسم. پرسیارم لێکرد، بۆچی هاتوون و چیتان دەوێت، گوتیان: هاتووین پارێزگاریی لە لالەش بکەین. گوتم ئێرە ئارامە و پێویستی بە ئێوە نییە، گوتیان باشە ئێمە دەچین، بەڵام دوای ٣- ٤ ڕۆژ سەرلەنوێ مەفرەزەیەکیان گەڕایەوە بۆ گەلی لالەش. من لە مقەڕەکەم بووم، ئاگاداریان کردم.

سەرلەنوێ بەرپرسەکانم ئاگادار کردەوە و چوومەوە لایان و لەگەڵ بەرپرسەکەیان دوام. لە وەڵامی مندا، بەرپرسەکەیان بە شێوازێکی ناخۆش گوتی: ئێمە هاتووین خەڵکی خۆمان ببینین. گوتم خەڵکی ئێوە نان و جلوبەرگیان نییە، بۆچی بە چەکەوە هاتوون. هەروەکوو گوتم ٦٠٠- ٧٠٠

ماڵی شەنگال، بەحزان، خەتارا، بابیری و... تد لێرە بوون و هیچ شتێکیان نەبوو. بە بیستنی ئەو قسانەی من، نزیکەی دە دەقیقە لێرە مان و ڕۆیشتن، بەڵام دوای ماوەیەک سەرلەنوێ گەڕانەوە و منیش سەرلەنوێ بەرپرسەکانم ئاگادار کردەوە و گوتیان: پێیان بڵێ بەرەی شەڕی داعش لە لالەش نییە، ئەگەر ئەوان هاتوون بەرگری لە خەڵکی لالەش بکەن، با ئامادە بن لەگەڵ ئێمە بێن بۆ "ناوەران" کە شەڕی لێیە. گوتیان دەچین پرس بە بەرپرسانی سەروومان دەکەین، ئەم جارەیان کە چوون، ئیتر نەگەڕانەوە. پێویستە بڵێم هەر جارەی کەسێک بەرپرسیان بوو و لە هەموو دیدارەکانمیشماندا بابی چاوشم لەگەڵ بوو کە دۆخەکە ئارام بکاتەوە و نەهێڵێت کێشە دروست ببێت.)

دوای ئەو ڕووداوە ١٠٠ پێشمەرگەی ئێزدیی خۆبەخش بە فەرماندەیی نەجیم ئەلیاس عەبدی بۆ بەرگەریی کردن لە پەرستگەی لالەش لە چیای لەلاش جێگیر بوون. لەو بارەیەوە نەجم ئەلیاس پێیگوتم: (مانگی ٨ی ساڵی ٢٠١٤ نزیکەی ٣٠- ٤٠ گەریلای پەکەکە بە چەکی کلاشینکۆف و ڕەشاشەوە هاتن بۆ سەر شاخی لالەش و گوتیان ئێمە هاتووین بۆ بەگریی کردن لە ئێوە و بەرگریی لە لالەش بکەین. چونکە ئامادە نەبوون ناوچەکە بەجێبهێڵن، عەونی عەلی بەرپرسی لقی ٢٠ ی شەنگال هات و قسەی لەگەڵ کردن و گوتی: "لێرە شەڕ نییە و فەرموون ئەگەر هاتوون بەشداریی شەڕ بکەن، من سەیارە دەنێرم لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئێمە بچن بەرەی شەڕی "ناوەران" کە هێڵی تەماسە لەگەڵ داعش". ناوەران لە یەک کیلۆمەتری هێزەکانی داعشە لە بەرەی موسڵ.

کاتێک ئەوان بۆ ماونەوە لە چیای لالەش پێداگرییان دەکرد، فازل میرانی سکرتێری پارتی دیموکرات هات و لەگەڵ پیر و شێخەکانی لالەش کۆ بووەوە و لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئێزدییەکان خۆیان هێزێکی خۆبەخش پێکبێنن بۆ پارێزگاریی لەخۆیان لە کاتی پێویستدا.

پەکەکە ڕازی بە چوون بۆ بەرەی شەڕ نەبوون و کاتێک هێزی ئێزدییەکان هاتن، ئەوان ناچار بوون بڕۆن و هێزە خۆبەخشەکەی ئێمە جێی ئەوانی گرتەوە. دیارە بەرلە هاتنی گەریلاکانی پەکەکە ١٦ پێشمەرگەی پارتی دیموکرات کە خۆیان ئێزدین، چەندان ساڵ بوو بە فەرماندەیی دەرمان ڕەشۆ عەبدی خەڵکی شێخان لەگەلی لەلاش بوون.)

زیاتر لە ساڵێک بوو، مەسعود بارزانی بە هاوکاریی وەزارەتی پێشمەرگە و کوردی ئێزدی خەریکی دانانی پلان و کۆکردنەوەی پێداویستییەکانی شەڕ و ڕزگار کردنی شەنگال بوو، لە چنگ داعش. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە جگەلە بناری چیای شەنگال و مەزارگەی شەرفەدین، چیای شەنگال تا ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/١٨ بەدەست گەریلاکانی پەکەکەوە بوو. لەو ڕۆژەدا پێشمەرگەکانی کوردستان لە ئۆپڕاسیۆنێکدا کە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە هەردوو بەرەی ڕەبیعە بۆ چیای شەنگال و زوومار بۆ چیای شەنگال سەرپەرەشتی کرد، پێشمەرگەکان ناوچەیەکی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە و دەڤەری ڕەبیعە و زوومار و شەنگال تا سەر چیای شەنگالیان ئازاد کرد و ڕێگەی هاتوچۆ و یارمەتی گەیاندنیان بۆ برا ئێزدییەکان کردەوە

چەند ڕۆژ بەرلە ڕزگارکردنی شەنگال لە چنگ تیرۆریستانی داعش، لە ڕەوتی ئەو شەڕەدا کە ئاماژەم بۆی کرد، کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە، ڕزگار کردنی شەنگالی لە دەست تیرۆریستان کردە هەوێنی بڵاوکراوەکانی و بە درۆ و پروپاگەندەی ناڕاست، هەوڵیدەدا دووبەرەکی و ئاژاوە بخاتە ڕیزی خوشک و برا ئێزدییەکان و گەلی کوردستان و دەیانگوت شەنگال کە ئازاد بوو، دەیکەین بە کانتۆنێکی سەربەخۆ. واتا هێشتنەوەی شەنگال لەگەڵ عێراق کە ئەوە بە پێچەوانەی ڕێککەوتنی کورد و عەرەب و ماددەی ١٤٠ و گەڕاندنەوەی شەنگال بوو بۆسەر هەرێمی کوردستان کە ئێزدییەکان دەیانەوێت. بەم بۆنەیەوە، قاسم شەشۆ یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی ئێزدییەکانی چیای شەنگال لە وتووێژێکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ڕووداو،



ڕۆژی ٢٠١٥/١١/٤ گوتی: (دواکەوتنی گرتنەوەی شەنگال دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی نابەرپرسانەی پەکەکە و پەیەدە. ئەوان دەیانەوێت ئەگەر شەنگال ڕزگاربوو، بیکەن بە موڵکی خۆیان و کانتۆنی لێ دامەزرێنن کە ئێزدییەکان قبوڵی ناکەن.) لە درێژەی وتەکانیدا قاسم شەشۆ گوتی: (باشترە ئەوان بچن ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری کوردستان ڕزگار بکەن. داوا دەکەین ئاژاوە بۆ ئێمە پێک نەهێنن. ئێمە نامانەوێ شەڕی براکوژیی بکەین.)

دوو ڕۆژ بەرلە ڕزگارکردنی شەنگال، کاتێک کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە دڵنیا بوو لە ئۆپراسیۆنی پێشمەرگە بە چەکی قورس لەژێر ئاگری فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانی دژ بە داعش، ڕایگەیاند: (پارتی دیموکرات ڕێگر بووە لەبەردەم ڕزگار کردنی شەنگال و ئەوان چوونەتە ناو شاری شەنگال و ڕزگاریان کردوە.)

ئەو پروپاگەندەیەی پەکەکە، هەروەکو گوتم لە کاتێکدا بوو کە کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە دەیزانی سەرۆک مەسعود بارزانی لە دەڤەری شەنگالە و خەریکە لەگەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگە و ئەمریکییەکان و هاوپەیمانان، پلانی ڕزگارکردنی شەنگال دادەڕێژێت کە شەنگال لە چنگ تیرۆریستانی داعش ڕزگار بکەن. لە بەرامبەر پروپاگەندەی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکەدا کە ئێوارەی چوارشەممە ٢٠١٥/١١/١١ لە تەلەفزیۆنی کوردسات نیوزی سەربە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و نەورۆز تیڤی سەربە پەکەکە بڵاوکرایەوە، هەرلەو ڕۆژەدا، واتا ٢٠١٥/١١/١١،

فەرمانـدەیی پێشـمەرگە لـە شـەنگال، ئەم ڕاگەیانـدنەی خـوارەوەی بـۆ ڕای گشتی کوردستان بڵاوکردەوە:

ڕوونکردنەوەیەک لە فەرماندەیی پێشمەرگە لە شەنگال بۆ ڕای گشتی کوردستان

ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە ۲۰۱۵/۱۱/۱۱ تەلەفزیۆنی کوردسات نیوزی سەربە ینک و نەورۆز تیڤی سەربە پەکەکە باسی ئەوەیان کردوە کە گوایە چەکدارانی یەپەگەی سەربە پەکەکە چوونەتە ناو شەنگال. لێرەدا بەهەموو لایەک ڕادەگەیەنین کە ئەم دەنگۆ و پروپاگەندانە هیچ بنەمایەکیان نییە و دوورە لە ڕاستی و ئامانج لێی کەم کردنی ڕۆڵی پێشمەرگە و نادیدەگرتنی قوربانیدانی گەلی کوردستانە بۆ ڕزگارکردنی دەڤەری شەنگال. پەکەکە کە هیچ ڕۆڵێکی لە ناوچەکەدا نییە و دەستکەوتیشی بۆ خەڵکی ئێزدی و گەلی کوردستان نەبووە، لە ڕێی بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی بێ بنەما دەیەوێ دووبەرەکی لەنێو خوشک و برا ئێزدییەکانمان دروست بکات. پەکەکە دەمێکە بووەتە کۆسپ لەبەردەم ئازادکردنی شەنگال و چاوەڕێ دەکەن پێشمەرگە پەلاماری دوژمن بدات و خوێن ببەخشێ و ئەوانیش بێن و سەرکەوتنی پێشمەرگە بدزن و خۆیان بکەنە خاوەنی سەرکەوتنی پێشمەرگە، ئەگینا بۆ هەتا پێشمەرگە دەست بە ئۆپراسیۆن نەکات ئەوان لە شوێنی خۆیان بێدەنگن، ساڵێک زیاترە داعش شەنگالی داگیرکردوە، ئەگەر پەکەکە ڕاست دەکات چاوەڕێی چییە؟ بۆ نەچوو شەنگال ئازاد بکات؟ بۆچی هەتا پێشمەرگە هەڵمەت نەبات، ئەوان دەنگیان نییە؟ ئەوەی ئێستا پەکەکە لەڕێی بڵاوکردنەوەی درۆ و پروپاگەندەی بێ بنەما دەیکات سووکایەتی کردنە بە دامودەزگەی ڕەسمی هەرێم و بە ئێزدییەکان و سووکایەتی کردنە بە خوێنی شەهیدان و هێزی قارەمانی پێشمەرگە. هەموولایەک چاک دەزانێ برینی خوشک و برا ئێزدییەکانمان بەو یارییە سیاسییە بێ بەهایەی پەکەکە و هاوشێوەکانی سارێژ ناکرێت. هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەروەک چۆن ئابلۆقەی چیای

شـەنگالی شکاند و سـێ ڕێـگەی سـەرەکی بـۆ دەڤەری شـنگال ئـازاد کـرد، ئێستاش پلانی خۆی هەیە و پشت بەخوا شـەنگال لـە دەسـتی تیرۆریسـتان ئازاد دەکات و تـەنیا پێشمەرگەیە دەتوانێ ئازادی و ئۆقرەیی و ئاسـایش و دواڕۆژی گەش بۆ خوشک و برا ئێزدییەکان مسۆگەر بکات.

بژی کوردستان ، بژی پێشمەرگە ، نەمری بۆ شەهیدەکانمان

سەرچاوەیەکی سەربازی لە فەرماندەیی پێشمەرگەی شنگال ٢٠١٥/١١/١١

دوای بڵاوکــردنەوەی ئەو ڕاگەیانــدنە، ٧٥٠٠ پێشــمەرگە، لە هێــزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـە فەرمانـدەیی ڕاسـتەوخۆی سـەرۆکی هەرێمـی کوردستان و بە پشتیوانیی فـرۆکە بۆمبهاوێژەکـانی ئەمریکا و هاوپەیمانـان، کـاتژمێر ٠٧:٠٠ی ڕۆژی ٢٠١٥/١١/١٢ لە سـێ قـۆڵەوە هێرشـیان کـردە سـەر دەڤەری شــەنگال. لە یەکەم ڕۆژی هێرشــەکەیاندا گونــدەکانی فــازڵییە، کابـارا، قزلکەنـد، تـل شـۆڕ و جـادەی٤٧یـان[3] ڕزگـار کـرد و خۆیـان گەیانـدە شـارۆچکەی شـەنگال و ڕۆژی دووەم، ٢٠١٥/١١/١٣ کـاتژمێر ١٠:٣٠ سـەنتەری شەنگالیان گرت و تیرۆریستانیان ڕاونا.

دوای ڕزگــارکردنی شــەنگال لەلایەن پێشــمەرگەکانی کوردســتانەوە، فراکسیۆنی سەوزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلـەمـانی کوردستان، ئەم بەیاننــامەیەی خــوارەوەی ســەبارەت بە ڕزگــارکردنی شــەنگال بڵاوکردەوە:

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان

پێشمەرگە قارەمانەکان

شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان

خوشکو برایانی ئێزدی

دوای نـزیکەی دوو سـاڵ لە داگیرکردنــی شـەنگال، وا ئەمـڕۆ ئـازادی و ئاسودەیی بۆ ویژدانی مرۆڤایەتی و ئازادی خوازانی دونیا و میلـەتەکەمـان گەڕایەوە، ئاهێک هـاتەوە وەبەر دەرونـی هەڵقرچـاو و مانـدوی خوشکو بـرا ئێزدیەکانمان و لەو بـرینە قوڵەی کە لەکـاتی داگیـر کردنـی شـەنگال و لە

ماوەی ئەم دوو ساڵەی حوکمی ڕەشی تێرۆریستان ببوە جەستەی میلەتەکەمان و خوشکو برایانی ئێزدی کەمێکی لەسەر دەستی پێشمەرگە و شەرڤان و گەریلا سارێژ بوو، شەنگال ئەو پارچە دانەبڕاوەی خاکی پیرۆزی کوردستانە کە لە مێژوی درێژی زوڵم و ستەم لە میلەتەکەمان لێی جیا نەبوەتەوە و وا ئەمڕۆش دوای ستەمێکی زۆری تاریک پەرستان جارێکی تر گەڕایەوە باوەشی کوردستانی ئازیز و بۆ هەتایە هەناسەی ئازادی هەڵئەمژێ، بە پشتیوانی و هاوکاری شەرڤان و گەریلا بۆ برا پێشمەرگەکانیان نەک شەنگال بەڵکو هیچ شوێنێکی تری کوردستانی ئازیزمان ناکەوێتەوە چنگی دوژمن، ئەوەی شایانی هەڵوێستە لەسەر کردنە لەپاڵ ئاوێزان بونی هێزی پۆڵاینی پێشمەرگە و گەریلا و شەرڤان، پشتیوانی بەردەوامی هێزی هاوپەیمانانە کە لە ئاسمانەوە هاوکار و یارمەتی دەربون، ئێمەش بەهەمو جۆرێک و لەهەر قۆناغێک ئامادەین بۆ پشتیوانی و سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی شەنگال، پیرۆزتان بێت شەنگالیانی ئازیز ئومێدمان وایە ئیتر کاتی حەوانەوەی دەرونتان و سارێژ بونی برینەکانتان و گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی شارە خۆشەویستەکەتانە و ئێمەش پشتیوانتانین.

سوپاس بۆ هێزی هاوپەیمانان و پشتیوانی بەردەوامیان، سڵاو بۆ خوشک و برایانی ئێزدی، سڵاو بۆ شەهیدان، سڵاو بۆ پێشمەرگە و گەریلا و شەرڤان

فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان

بە پێچەوانەی ڕاگەیاندنی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی لە پەرلەمانی کوردستان، گەریلاکانی پەکەکە و شەرڤانەکانی یەپەگە لە سەرەتادا بەشداریی ڕزگارکردنی شەنگالیان نەکرد و ڕۆژی دووەمی ئۆپڕاسیۆنی پێشمەرگە کە گەیشتنە ناو شارۆچکەی شەنگال، ئەوان خۆیان گەیاندە شەنگال کە ڕزگارکردنی شەنگال بەناوی خۆیان تۆمار بکەن، ئەگەرنا هەموو کەسێکی پسپۆر و شارەزا بە شەڕی سەربازیی "بەرەیی" دەزانێت کە شەنگال بە چەکی سووکی گەریلا ئازاد نەکراوە و فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی

هاوپەیمانــان و چەکــی قورســی پێشــمەگە ڕۆڵــی ســەرەکیان هەبــوو لە ڕزگارکردنی شەنگاڵ دا. لەو بارەیەوە شێخ شامۆ شێخۆ دەڵێت:

- (نمونەیەک سەرۆک مەسعود بارزانی خۆی و برا و برازاکانی و کەسانی نزیکی لەگەڵ هیزێکی زیاتر لە حەوت هەزار پێشمەرگە بۆ ماوەی یەک ساڵ و سێ مانگ بارەگای لە ڕۆژئاوای دیجلە دانا و خەریکی ڕزگارکردنی شەنگال بوو کە قۆناخ بە قۆناخ باکوری شەنگال، چیای شەنگال و شاری شەنگالی ئازاد کرد. ئەوە بەڵێنێک بوو کە سەرۆک بارزانی لە مەجلسی ڕۆحانی و لە لای کەسایەتییەکانی شەنگال دابووی و گوتبووی ئەگەر ڕۆحی خۆم لەسەر دانابێت، شەنگال ئازاد دەکەم. سەرۆکێکی ئاشتیخواز، جیهانی ئاشتیخواز پشتیوانی کرد. دوای ئازادبوونی شەنگال گوێمان لە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت بوو کە گوتی پلانێکیان هەیە بە هاوکاریی وڵاتانی ئەوروپی و عێراق، شەنگال ئاوەدان دەکەنەوە و ئەرکی عێراقییەکانە ئەوکارە بکەن.)

کێشــەی ناخۆشەویســتیی کــوردی ئێــزدی لەلایەن ژمــارەیەک مەلای موسڵمانی توندڕۆ، هەلی بۆ پەکەکە رەخساندوە کە بە زەقکردنەوەی ئەو بــابەتە، کەڵکــی نــابەجێ لە ژمــارەیەک ئێزدیی وەرگرن، لەو بارەیەوە زوبەیر عیسا یەکێک لە بەرپرسانی پێشووی پەکەکە، لە سیاســەتی پەکەکە ســەبارەت بە کــوردی ئێزدی دەدوێت و دەڵێت: (پەکەکە خۆی بە خــاوەنی ئێزدییەکــان دەزانێت و بــۆ ڕازی کردنیان لە بەرامبەر موسوڵمانەکاندا کە زوڵمیان لێکردون، دەڵێت: "ئێمە ناهێڵێن لە هــیچ شــوێنێکی کوردســتان، دەســەڵات بەدەست مزگەوتەکانەوە بێت،" ئەوان لە



ئەڵمانیا کاری ڕێکخستنیان بۆ ئەو ڕێکخراوەیەی پەکەکە لە چیای شەنگال

کرد و گواستیانەوە بۆ ناوچەکانی شێخان و شەنگال تا دژی دەسەڵاتی پارتی دیموکرات لەناو ئێزدییەکاندا، بەکاری بێنن و ئێزدییەکان لە پارتی دیموکرات دووربخەنەوە.) هەر لەو بارەیەوە مستەفا شەفیق یەکێکی تر لە



بەرپرسانی پێشووی پەکەکە، سەبارەت بە سیاسەتی پەکەکە لە بەرامبەر کوردی ئێزدی و کەڵکوەرگرتنی ئابووری لە ئێزدییەکان دەڵێت: (پەکەکە دوای کارەساتی شەنگال لەسەر ناوی ئێزدییەکاندا بە سەدان ملیۆن دۆلار پارەی لە ئێزدییەکان وەرگرتووە، بەڵام تەنها یەک لیرەشی لە شەنگال بۆ ئێزدییەکان خەرج نەکردوە و تاکو ئێستاش ئەم بابەتە باسی لێ ناکرێت، بۆچی؟)

ڤیان دەخیل ئەندامی پەرلەمانی عێراق سەبارەت بەو کێشانەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەکەدا پێکیهێناوە و بووەتە جێی نیگەرانیی کوردی ئێزدی، دەڵێت: (لە سەرەتادا پەکەکە هاوکاریی ئێزدییەکانی کرد، ئەگەر هاتنی ئەوان بۆ ئەو یارمەتییە بێت، ئێمە خۆشحاڵین، بەڵام ئەگەر هاتوون لە ناوچەکەدا بمێننەوە و کێشەی حیزبایەتی بۆ ئێمە دروست بکەن، ئێمە پێویستیمان بە ئەوان نییە و پێویستە بەجێی بهێڵن، شەنگال هی شەنگالییەکانە و ئەوان لەسەر شەنگال بڕیار دەدەن نەک هێزێکی دەرەکی.)

هەرلەو بارەیەوە شێخ شامۆ شێخۆ دەڵێت: (پەکەکە شۆڕشێکی لە باکوری کوردستان کردوە، باشتر ئەوەیە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی و زیاتر سەرنج بە باکور بدات کە داخەکەم هەتا ئێستا گوندێکی لە باکور ڕزگار نەکردوە. ئێزدییەکانی باکوری کوردستان ژمارەیان ٣٠- ٤٠ هەزار بوو کە زۆربەیان چوون بۆ ئەوروپا. تورکەکان لە شەڕ لەگەڵ پەکەکەدا گوندی

ئێزدییەکانی وێران کرد و ئەوانەش کە مابوون پەکەکە خۆی خراپی کردن و ئەوانیش ناچار بوون کۆچ بکەن. ئەوانەی ئەوروپا دەرەتانی ئابوریی باشتریان هەیە و لەوێش پەکەکە کەڵکیان لێوەردەگرێت و ژمارەیەک کچ و کوڕی باکوریان لەگەڵ خۆیان برد، لە جەژنەکاندا پارەی زۆریان کۆکردەوە، بەڵام پەکەکە هیچی بۆ ئەوان نەکرد و گوندێکی بۆ ئازاد نەکردن و وەک مەڕ دۆشینی. پەکەکە بۆ ئێمە کێشەیەکی مەزنە. چونکە شەنگال گورەپانی سیاسی ئەوان نییە و بەشێکە لە کوردستان و مادەی ١٤٠ دەیگێڕێتەوە سەر کوردستان. ئەگەر پەکەکە بۆ واجبێکی قەومی هاتووە، ئێمە دەڵێین سوپاس و بگەڕێوە جێی خۆت. ئەوان ئاڵای کوردستان قبوڵ ناکەن، ڕێز لە ئاڵای عێراق دەگرن و دەیانەوێ شەنگال لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە کە ئێمە نامانەوێت. ئەوان دوو ئامانجیان هەیە:

١- چیای شەنگال لە بواری جوغرافییەوە شوێنیکی ستراتیژی نێوان سوریا و عێراقە و پەکەکە دەیەوێ قەندیلێک لەوێ دروست بکات کە ئەوە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەغدایە لەگەڵ سوریا و ئەوان دەیانەوێ وەک سەدام لەوێوە کێشە بۆ ئیسرائیل دروست بکەن. شەنگال و چیای شەنگال ناوچەیەکی گرنگی ئابووریی و ستراتیژیی سنوریی و سەربازییە.

٢- لەسەر ئاستی ناوخۆدا شەنگال بە کۆمەڵگەیەکی سادە دەزاندرێت و بە بەردەوامی کچ و کوڕی ئەوان فریودەدەن و ڕەوانەی قەندیلیان دەکەن. هەروەها لەسەر ئاستی دەرەوە بەردەوامن لە وەرگرتنی یارمەتی داراییی بەناوی دروستکردنی کانتۆن بۆ شەنگال و لەناو عێراقیشدا بەشێکن لە حەشدی شەعبی.


خانوویەک لەسەر ناوچەی دەشتایی لەسەر چیای شەنگال هەیە، لە تابلۆیەکیان نوسیوە: "ئەلبەیت ئەل ئێزدی- ماڵی ئێزدیان" و ئاڵای عێراقیان لەسەر بەرز کردوەتە. پەکەکە ساڵی ٢٠٠٣ ڕێکخراوێکی سیاسی لە چەند بنەماڵە لە شەنگال لەژێر ناوی "تەڤدە" بە واتای گشت بۆ هەموو

**ئێزدیان دامەزراند کە لەو ماوەیەدا نەیانتوانیوە لەسەر ئاستی ناحیەش کورسییەکیان هەبێت.)**

دامەزراندنی حشدی شەعبی لەلایەن پەکەکەوە لە ناوچەی شەنگال خەریکە کێشەکانی ئەو ناوچەیە قوڵتر دەکاتەوە. پەکەکە بە فەرمانی کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق و بە هاوکاریی ڕاستەوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حشدی شەعبی لە ناوچەکە دامەزراندوە. حەیدەر شەشۆ ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی یەکێکە لە بەرپرسانی حشدی شەعبی و لە ناوچەکەدا هاوکاریی پەکەکە دەکات و بۆ هێزەکەیان پارە لە عێراق وەردەگرن. ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕژێمی عێراق ماوەی دوو ساڵە بودجەی کوردستانی بڕیوە و هەرچەندە پێشمەرگە بە مەودای هەزار و پەنجا کیلۆمەتر شەڕی کوردستان و عێراق و بە وتەی سەرۆکی وڵاتانی ئەوروپایی شەڕی داعش لە جیاتی هەموو دنیا دەکات، بەڵام ڕژێمی عێراق ئامادە نییە موچەی پێشمەرگە بدات. لە کاتێکدا سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیرانی کوردستان و ئەنجومەنی ڕۆحانی ئێزدیی هەوڵی بە پارێزگا کردنی شەنگال دەدەن، پەکەکە هەوڵدەدات کانتۆنی سەر بە ڕژێمی عێراق لە شەنگال دامەزرێنێت. لەو بارەیەوە شێخ شامۆ شێخۆ دەڵێت: **(داوا دەکەین و کلیلی چارەسەرییش ئەوەیە لە بەرامبەر ئەو قوربانیدانەماندا ئەگەر بکرێت شەنگال ببێتە پارێزگا، بەوە خەڵکەکە زۆر خۆشحاڵ دەبێت و ئێمەش لەگەڵ ڕای سەرۆک مەسعود بارزانین بۆ بە پارێزگا کردنی شەنگال. هەروەها داوا دەکەین پەکەکە بگەڕێتەوە سەر شوێنی خۆی و لەناو ئێمەدا ئاژاوە نەنێتەوە.)**


# پاشبەند

## پاشبەندی ١




# پاشبەندی ٢


## کتێبی جیلوە



P. Anastase Marie, O. Carm.


IIe PARTIE:


Texte des deux livres sacrés.








La découverte récente des deux livres sacrés des Yézidis.











# پاشبەندی ٣


## کتێبی مەسحەفا ڕەش




85




86




87




88





89




90




91




92




93




94




95



96




97




98

# پاشبەندی ٤

## سکاڵانامەی پیاوماقووڵانی ئێزیدی بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی

## ١٨٧٢

### بەندی یەکەم

بە گوێرەی ئاینی ئێمەی ئێزیدی، هەموو کەسێک لە تایەفەی ئێمە، بچووک یا گەورە، ژن یا کچ لەسەریەتی: لە ساڵێکدا سێ جاران: واتە یەکەمیان لە سەرەتای مانگی نیسانی ڕۆمی تا کۆتایی، دووەمیان لە سەرەتای مانگی ئەیلوول تا کۆتایی و سێیەمیان لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەم تا کۆتاییەکەی، ئەگەر زیارەتی پیرۆزی ئیماژی مەلیک تاووس نەکات ئەوا ئەو کەسە کافرە.

### بەندی دووەم

هەموو کەسێک لە تایەفەی ئێمە گەورە و بچووک، ئەگەر ساڵی جارێک واتە لە پازدەی ئەیلوولی ساڵی ڕۆمی تا بیستی مانگ، زیارەتی حەزرەتی شێخ ئادی کوڕی موسافیر نەکات خوا ڕازە پەنهانەکانی بەرزتر بکات، ئەوا بە گوێرەی ئاینی ئێمە کافرە.

### بەندی سێیەم

هەموو کەسێکی تایەفەی ئێمە لەسەریەتی هەموو ڕۆژێک لە کاتی کازێوەی بەیانیدا بچێتە شوێنی ئاو هەڵاتن، بە مەرجێک هیچ کەسێکی موسڵمان، مەسیحی، جوولەکە یا هی تری لێ نەبێت، جا ئەگەر کەسێک لەوانەی لێ بێت ئەوە کوفرە.

## بەندی چوارەم

هەر کەسێکی تایەفەی ئێمە لەسەریەتی هەموو رۆژێک دەستی براکەی: برای دنیای ئاخیرەت[85] ماچ بکات، واتە دەستی خادمی ئاخر زەمان و دەستی شێخ یا پیرەکەی ماچ بکات و ئەگەر ئەمە نەکات دەبێتە کوفر لەسەری.

## بەندی پێنجەم

شتێک کە ناکرێ بە گوێرەی ئاینی ئێمە بەرگەی بگرین ئەوەیە کە سپێدان وەختایەک موسڵمانەکان لە کاتی نوێژدا رستەی وەک "اعوذ باللە" تا دواییەکەی دەڵێنەوە: جا ئەگەر یەکێک لە ئێمە گوێبیستی بوو ئەوا لەسەریەتی هەم ئاخێوەرەکە و هەم خۆیشی بکوژێ ئەگەرنا دەبێتە گاور.

## بەندی شەشەم

وەختایەک یەکێک لە تایەفەی ئێمە دەمرێ ئەگەر برایەکی ئاخیرەی، شێخەکەی یا پیرەکەی لەلا نەبێت کە یەکێک لە قەواڵەکان سێ قەواڵی لەسەر بخوێنێتەوە: واتە هۆ عەبتاوس، شای خاوەنشکۆ دەبێ لەسەر پەرستنی ئێمە بمرێت کە تاووس مەلیکە بەرز و پیرۆزتر بێت و نابێ لەسەر ئاینی تر بمرێت: جا ئەگەر کەسێک هاتو پێی گوتی موسڵمان یا مەسیحی یا جوولەکە یان لە هەر ئاینێکی دیکە بوو بەدەر لەم میللەتانە پێیان باوەڕ مەکە و باوەڕیان پێ مەهێنە، ئەگەر باوەڕت پێ کردن یا ئیمانت پێ هێنان بەبێ ئاینی پەرستراومان تاووس مەلیک ئەوا بە گاوری دەمرێت.

---

٨٥. هەر ئێزیدییەک شێخ و پیری تایبەت بە خۆی هەیە کە پێی دەڵێن برای ئاخیرەت واتە برای ئەو دنیای تر. جا وەختایەک ئێزیدییەک دەمرێ، ئەوا شێخەکەی دێت دەیشوا و کفن و دفنی دەکات. وەرگێر.

### بەندی حەوتەم

لای ئێمە شتێک هەیە ناوی بەرەکەتی شێخ ئادییە واتە خۆڵی بەرێتی شێخ ئادیّ خوا پیرۆزتری بکات. هەموو کەسێکی تایەفەی ئێمە لەسەریەتی برێک لەو خۆڵەی لا بێت و بیخاتە گیرفانی و هەموو سپێدەیەک لێی بخوات و ئەگەر بە ئانقەست نەیخوارد ئەوە گاورە، هەروا وەختایەکیش دەمرێ لە سەرەمەرگدا ئەگەر بە ئانقەست ئەو خۆڵە پیرۆزەی لا نەبێت بە گاوری دەمرێ.

### بەندی هەشتەم

لە تایبەتمەندێتییەکانی رۆژووی ئێمە ئەوەیە کە هەر کەسێکی تایەفەی ئێمە ئەگەر بیەوێ رۆژوو بگرێ: لەسەریەتی کە لە شوێنی خۆی رۆژوو بگرێ نەک لەلای دیکە، هەر بۆیە هەموو رۆژێک لە رۆژانی رۆژوو گرتن لەسەریەتی سبەینان بچێتە ماڵی شێخەکەی یا پیرەکەی و رۆژوو بگرێ: پاشان کاتی رۆژووشکاندن بە هەمان شێوە لەسەریەتی بچێتە ماڵی شێخەکەی یا پیرەکەی بە شەرابی پیرۆزی ماڵی ئەو شێخ یا ئەو پیرە رۆژوو بشکێنێ و خۆ ئەگەر بڕی دوو یا سێ پەرداخی لەو شەرابە نەخواردەوە، ئەوا رۆژووەکەی قەبووڵ نییە و دەبێتە گاور.

### بەندی نۆیەم

ئەگەر کەسێک لە تایەفەی ئێمە سەفەری دوور لە شوێنی خۆی کرد و بەلای کەمیەوە ساڵێکی تەواو لەو شوێنە مایەوە و دوایی گەڕایەوە شوێنی خۆی، ئەو کاتە حەرامە دەست بۆ ژنەکەی خۆی ببات و هیچ کەسێکیش نییە ژنی بداتێ و ئەگەر کەسێکیش ژنی پێ بدات ئەوا کوفر دەکات.

## بەندی دەیەم

لە تایبەتمەندێتییەکانی جلوبەرگی ئێمە ئەوەیە: وەک ئەوەی لە بەندی چوارەمدا باسمان کرد کە هەر کەسێک لە تایەفەی ئێمە برایەکی دیکە و خوشکێکی تری هەیە: بەم پێیە یەکێک لە ئێمە ئەگەر ویستی کراسێکی نوێ بکات، ئەوا لەسەریەتی کە خوشکەکەی تری یەخەی کراسەکەی بە دەستی خۆی بۆ بکاتەوە و ئەگەریش لە دەستی ئەودا یەخەکەی نەکردەوە و لەبەری کرد ئەوا کوفر دەکات.

## بەندی یازدەم

ئەگەر کەسێک لە تایەفەی ئێمە کراسێک یا پۆشاکێکی نوێی بۆ کرا بێ ئەوەی بە ناوی پیرۆزی حەزرەتی شێخ ئادی قەدەسەهوڵڵا سرە پیرۆز بکرێ نابێ لەبەر بکرێ و خۆ ئەگەر لەبەریشی کرد ئەوا کوفرە.

## بەندی دوازدەم

پۆشاکی شینباو بە هیچ شێوەیەک نابێ لەبەر بکرێ: شانەی موسڵمان، مەسیحی و جوولەکە و غەیری ئەوانە ناتوانین هەرگیز سەرمانی پێدا بهێنین و هەروا ئەو مووسەش کە غەیرە ئێمە بەکاری دەهێنن ناتوانین سەرمانی پێ بتاشین، تەنیا ئەگەر بە ناوی پیرۆزی حەزرەتی شێخ ئادی بیشۆینەوە ئەو کاتە ئەگەر سەریشمان پێ بتراشین جایزە و ئەگەر بەو ناوە پیرۆزە نەشۆرابوو و سەرمان پێ تراشی ئەوا کوفرە.

## بەندی سێزدەم

هیچ ئێزیدییەک نابێ بچێتە ناودەست و گەرماوی موسڵمانان و نابێ بە کەوچکی موسڵمانان بخوات و نابێ لە خواردنەوەی موسڵمان و غەیرە

میللەتانی تر بخواتەوە. ئەگەر چوو بۆ گەرماو، ئاودەست و بە کەوچکی موسڵمانان و ئەوانەی باسمان کرد نانی خوارد ئەوا کوفر دەکات.

## بەندی چواردەم

لەلایەنی خواردنەوە، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئێمە و میللەتانی تر هەیە: بۆ نموونە گۆشتی ماسی، کولەک، بامیە، فاسۆلیا و لەهانە و خاس ئێمە نایخۆین و هەتا ئەو شوێنەی کە خاسی لێ شین بووە ناتوانین لێی نیشتەجێ بین.

لەبەر ئەم هۆیانە و هی تر ناتوانین بچینە ناو خزمەتی سەربازی و... هتد.

ناوی ئیمزاکارەکان

حوسێن، میری شێخان سەرۆکی تایەفەی ئێزیدی.

شێخ ناسر شێخی رۆحانیی تایەفەی ئێزیدییەکانی ناحیەی شێخان.

پیر سولێمان موختاری ئاواییی مام ڕەشان.

موسکان موراد موختار.

حەتارە ئەیوب موختار.

بیبان حوسێن موختار.

دەهکان حەسەن موختار.

حوزران نەعمۆ موختار.

باقەسرە عەلی موختار.

باعشیقە جەمۆ موختار.

خۆشابا ئەلیاس موختار.

کری پحن صفد موختار.

کەبارە کوچک قاسو موختار.

سینا عەبدۆ موختار.

عین سفنی کرکو موختار.

قاسر عیزەدین شێخ خەیرۆ موختار

کبرتۆ تاهیر موختار

و هی تر

ئەوانە ناو و پەنجەمۆریان لەو عەرز و حاڵەدا هاتووە کە لە پێشدا باسمان کرد و چەند شتێکمان لێ ڕاگوێزاوەتەوە.

سەرچاوە:

Lidzbarski, Mark, Ein Exposée der Jesāden. In der Zeitschrift der Deutschen Morgenländischen Gesellschaft. LI. Leipzig 1897, S. 93-597

## پاشبەندی ٥

### دەقی وتاری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی کوردستان لەسەر مەزاری شەرفەدین

کەسوکار و خوشک و برایێت مەیێت ئێزدی، گەلی بەشداریێت ڤێ ڕێورەسمێ یێت هێژا، هوین هەمی بخێر هاتن و سلاڤێت خودێ ل هەوەبن.

ئەڤرۆ ئەم هەمی پێکڤەیێ ل ڤێرەکۆم بووی، داکو بەشداریێ بکەین دڕێورەسما ڤەگەڕاندن و ڤەشارتنا تەرمێت پیرۆزێت ٦٧ شەهیدێت مەیێت ئێزدی، کو قوربانی یێت یەک ژ دڕندەترین و مەزنترین تاوانێت دیرۆکێنە ل هەمبەری مرۆڤایەتیێ. ئەڤ ڕێورەسمە، هەروەسا نیشانەکا دی یا غەدر و مەزلوومیەتەکا مەزنا گەلێ مەیێ کورد ب گشتی و، خوشک و برایێت مەیێت ئێزدی بتایبەتییە!. چونکی ئەڤ تاوانا کو ل هەمبەری ڤان شەهیدا و بسەدا شەهیدێت دی ل ڤێ دەڤەرێ هاتیەکرن، جارەکێ ژبەر کو کورد و، جارەکێ ژی ژبەر کو ئێزدی بووینە.

تاوانێت کو ل دژی کەسوکارێت مەیێت ئێزدی هاتینەکرن، برینەکا کویرە، چ جارا ناهێتەژبیرکرن، وەسا ب ساناهی ژی ساخ نابیت، لێ هەروەکی مەد دیرۆکا خۆدا گەلەک جارا قوربانی یێت گەلەک مەزن داینە، گەلەک جارا دوژمنا فەرمانا مەڕاکریە و هەول دایە مەلبەین ببەن، ڤێ جارێ ژی، ڕاستەدوژمنا برینەکا دژوار لسەر دلێ مە هەمیا دروست کر، لێ دیسا وەک هەمی جارا کورد و ئێزدی لبەین نەچۆن، ئەم ماین و دگەل مە، سەرکەفتن و سەربلندی مان. سبەژی ب سایا خوینا ڤان شەهیدا، ب سایا قوربانی و ڕۆندک و خەبات و تێکۆشینا کەسوکارێت مەیێت ئێزدی و هەمی پێشمەرگێت قەهرەمان، دێ گەهینەسەرکەفتنا ئێکجاری. دێ شەنگالێ و هەمی دەڤەرێت دی یێت کوردستانێ ل دوژمنێت خودێ و دوژمنێت مرۆڤایەتێی ڕزگار کەین. ئەم نەشەنگالێ و نەژی یەک بوهستا ئاخا

کوردستـانێ ل هـیچ جهـەکێ د دەسـتێ دوژمنـا و تیرۆرسـتادا نـاهێلین، پێشـمەرگێت قـەهرەمانێت کوردستـانێ، هـەتا دویمـاهیێ، هـەتا ڕزگارکرنـا شـەنگالێ و هـەمی گونـد و دەڤـەرێت کەسوکارێت مـەیێت ئێـزدی و هـەمی ئاخاکوردسـتانێ، دێ لسـەر تێکۆشـین و قوربانیـدانا خـۆ د بـەردەوام بـن.. خوینـا گەشـا ڤـان شـەهیدا و، ئاهـ و نـالین و ڕۆنـدکێت دایـک و خوشـکێت مەیێت ئێزدی، دێ بنە هێڤیا سەرکەفتنەکا مەزن بۆ هەمی دەڤەرێت ئێزدیا و بۆ هەمی کوردستانێ ب گشتی.

ب هەر بهایەکی بیت، ئەم دێ شەنگالێ و هەمی دەڤەرێ ڕزگـار کـەین، شەنگال دێ ڤەگەڕیتەڤ سەر هەرێما کوردستانێ. ئەم دیسا دێ شـەنگالێ ئاڤەدان کەین و دێ ژیانێ و پێکڤەژیانێ و ئارامیێ ڤەگەڕینن ڤـی بـاژارێ دیرۆکی، کو ژ کەڤندا ماکا ژیانێ و پێکڤـەژیانا ئـۆل و نەتـەوە و پێکهاتێت جدا یێت دینی و نەتەوەیی بوویە.. هەروەکی چاوا ئەم خوینا ڤا شەهیدا و ژان و برینێت مالبات و کەسوکارێت وان ژی، کو کەسوکار و خوشک و برایێت مەنـە، ژبیـر ناکـەین. ئـەم ئـێش و زەحمـەتی و سـەرما و گـەرما کـو ئـەڤرۆ کەسوکار و خوشک و برایێت مەیێت ئێزدی ل کەمپێت ئاوارەییێ دبینن، ئەم وان ژی ژبیر ناکەین و، بەردەوام دگەل دەزگەهێت حکوومەتێ هەول ددەین، کو ڕەوشا وان باشتر بکەین.. ب هیڤیا کـو د زویتـرین دەمـدا، هـەمی جهێـت وان بێنە ڕزگارکرن و ب ئارامی و سەرکەفتی، ڤەگەڕنەسەر مـال و حـال و، جهو وارێت خۆ.

بەڕێزان:

هـەر د ڤـێ هەلکەفتنێـدا، مـن دڤێـت ئـەز هـەمی کەسـوکار و خوشـک و برایێت مـەیێت ئێـزدی پشتڕاست بکـەم، کـو هنـدی خوشـکەکا مـە، یـان ژی برایـەکـێ مـە، هنـدی زارۆکـەک د دەسـتێ تیرۆرسـتادا مابیـت، ئـەم دێ بەردەوامبین ل هەولێن خـۆ و هەر تشـتێ ژ دەسـتێ مـەبێت بـۆ ڕزگـار کرنـا وان، ئەم قسوریێ ناکەین.

مەژ ڕۆژا ئێکێ وەرەب تایبەتی بۆ ڤێ کەیسێ، ئۆفیسەکا تایبەتا ڤەکری کو کار لسەر ڤێ بابەتێ دکەتن و سوپاس بۆ خودێ و کار و ماندیبوونا وان کو هەتا ئەڤرۆ تیما مە شیایە پتری ٢٠٥٨ کەسا ژ خوشک و برایێت مەئێزدی ژ دەستێ تیرۆرستا ڕزگار بکەت. هەر ل ڤێ دەرێ مـن دڤێت سوپاسیا ڤێ ئۆفیسی و سەرپەرشتیارێ وێ ڕێزدار خەیری بـۆزانی، ڕێڤەبەرێ گشتی یێ کاروبارێت ئێزدیا و هەڤالێت وی ل ئۆفیسێ بکەم، کو ب ڕاستی کارەکێ گەلەکێ مەزن و پیرۆز ئەنجام داینە.

جارەکا دی ژی ئەز هەمی کەسوکار و خوشک و برایێت مە یێت ئێزدی پشتڕاست دکەم، کو هەر چ پێویست بیت، بۆ ڕزگارکرنا خوشک و برایێت مەیێت مایی د دەستی تیرۆرستان دا و هەر هاریکاری‌یەکا لازم بێت ئەم ئامادەینە بۆ ڕزگار کرنا وان ل دەستێ تیرۆریستا.

لسەر ئاستا ناڤنەتەوەیی ژی، هەولێت حکوومەتا هەرێما کوردستانێ دبەردەوامن داکو کەیسێ فەرمانا لسەر ئێزدیا هاتیە ڕاکرن، ل جیهانێ وەکی جینۆساید بێتەناسکرن.. بۆ ڤێ مەبەستێ، تیمەکا حکوومەتا هەرێما کوردستانێ ب سەرۆکاتیا ڕێزدار "مەحموود حاجی سالح" وەزیرێ کاروبارێ شەهیدا و ئەنفالکریا، یێ کارەکێ جددی و بەردەوم دکەن دگەل دەزگەهـ و ناڤەندێت ناڤنەتەوەیی کار دکەن.. وان ژی هەتا نهۆ کارەکێ باشێ کری و ئەڤ کارێ وان جهێ سوپاسیێ دەستخۆشیێ یە.

خوشک و برایێت هێژا

تشتەکێ دی کو من دڤێت دڤێ ڕێوڕەسمێدا بەحس بکەم، بابەتێ هەولا دەرکەفتنا هندەک گەنجێت ئێزدیانە بۆ دەرڤەی وەلاتی. مە ئەڤبابەتە بەری نهۆ ژی دگەل جڤاتا ڕۆحانییا ڕێزدار و کەساتی یێت ئێزدیا بەحس کریە. باوەریا مەئەوەکو دەرکەفتن و هێلانا ولاتی، نەتشتەکێ دروستە، ئێزدی و ئێزدیاتی ل ئەورۆپا و ل غەریبیێ ناهێنە پاراستن.. جهێ کو ئێزدیاتی لێ گەش ببیت، لالشا نوورانی و شەنگال و شەرفەدینن، نەئەورۆپا و وەلاتێت غەریبیێ!

ڕاستەکارەساتەکا گەلەکا مەزنا ل ڤێ دەڤەرێ چێ بووی، ڕاستەتاوانێت گەلەک مەزن یێت هاتیەکرن، ڕاستەفەرمانەکا دی یا هاتیەڕاکرن، لێ دیسا ژی ئێزدیاتی ب تەرکا وەلاتی و هێلانا ئاخا باب و کالا، ناگەهیتەچ قۆناغا!. ئێزدیاتی و دین و کولتوورا ئێزدیا لڤێرە، لسەر ئاخا باب و باپیرا دێ هێنەپاراستن.. ئەم هەمی پێکڤە پارێزەرێت ئێزدیاتیێ و پارێزەرێت لالشا نوورانی و شەرفەدین و شەنگالێینە.

ئەڤ تابلۆیا ئەڤرۆ ئەم دبینین ل ڤێ دەڤەرێ و ل ڤێ مەڕاسیمێ، ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینە ڤێ پێکڤەژیانێ، دبینین مامۆستا یێت ئایینی یێت موسلْمان و مامۆستا یێت ئایینی یێت کرستیان و ئێزدی لڤێرە کۆمبووینە، پێکڤەژیانا ئەڤرۆیا مە زەمانەتەکە بۆ سەرکەفتنا مە د پاشەڕۆژێ دا بۆ کوردستانەکا ئازاد و ئاڤەدان و شەنگالەکا ئاڤەدان و سەرکەفتی، ئەڤەیە زەمانەتا سەرکەفتنا مە، ئەڤ تابلۆیێ جوان یێ کو ئەڤرۆ ئەم دبینین دڤێ ڕێورەسمێ دا کو هەمیا زەحمەت کێشایە و ڕیکەکا دویر هاتنە بۆ بەشداریکرنێ، پەیامەکێ زۆر گرنگە بۆ جیهانێ، پەیامەکا مەزنە بۆ وان تیرۆرستا، پەیامەکە کو ئەڤ پێکڤەژیانا مە یا دیرۆکی د ناڤبەرا ئیسلام و ئێزدیەت و مەسیحییەتێ دا و هەمی پێکهاتێت دی یێت نەتەوەیی و ئایینی یێت د ولأتێ مەدا، دێ بەردەوام بێت و ئەم هەڤی پێکڤە دێ پارێزەرێت ڤێ چەندێ بین.

تڤیا ئەم هەمی پێکڤەکار بکەین، هەول بدەین و خەباتێ بکەین داکو ئیزدیاتیێ ل جهێ خۆ، لسەر ئاخا خۆ، د ناڤ وار و مەزارگەهێت خۆ یێت پیرۆزدا بمینن بهێنە پاراستن.

ل دویماهیێ، جارەکا دی ئەم سەرێ خۆ لبەر گیانێ پاقژێ ڤا شەهیدا و هەمی شەهیدێت کوردستانێ دچەمینین، سەرەخۆشیێ ل مالبات و کەسوکارێت وان و، ل هەمی کوردستانی دکەم. هەروەها د ڤێ هەلکەتنێ دا و د ڤی جهی دا جارەکا دی دەستخۆشیێ ل وان پێشمەرگێت قەهرەمان دکەم یێت کو زەحمەت کێشای و ئەڤ جهە پاراستی، ئەو پێشمەرگێن وێ ڕۆژی

شەرفەدین پاراستی جهێ تەقدیر و پێزانینا مەنە. ئەم لێرە دیسا بیرا خۆ ل وان ڕۆژێت زەحمەت تینین کو وان تێدا بەرگری و بەرخۆدان و خۆڕاگری کر و نەهێلا ئەڤ مەزارگەهێ پیرۆز بکەڤیتە دەستێ تیرۆرستا. جارەکا دی ب ناڤێ وە دەستخۆشیێ ل وان دکەین. دەستخۆشیێ ل هەمی پێشمەرگە بێت قەهرەمان دکەم کو د ئەنجاما خەبات و ماندیبوون و خوینا شەهیدان ئەڤرۆ ئەم لێرە ب سەرفەرازی ڤەدگەرێنەڤ سەر ئاخا خۆ و تەرمێت عەزیزێت خۆ ڤەدشێرین، ئەم لێرە پەیامەکێ بۆ هەمی جیهانێ ڕادگەهینین کو ئەم دێ پێکڤە مینین و پێکڤەژیان دێ یا بەردەوام بیت ل کوردستانێ و ب هیمەتا خۆڕاگریا ڤان قەهرەمانا، شەنگال ژی دێ هێتە ڕزگار و ئاڤەدان کردن و انشاء الله دێ ئایندەیەکا باش بۆ ڤی وەلاتی و میللەتی هێتە دی.

هون هەمی لایەک بخێر بێت سەر چاڤا و زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونا وە د ڤێ مەراسیمێ دا.

# پاشبەندی ٦

## دەقی وتاری مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر چیای شەنگال

بناڤێ خودایێ مەزن و دلۆڤان

ب خۆشحالیەکا ئێکجار زۆر ئەز ب گەلێ کوردستانێ رادگەهینم و ل سەر چیایێ شەنگالێ، پیرۆزباییەکا گەرم بەری هەرکەسێ ل خوشک و برایێت ئێزدی دکەم، یێت کو لێرە خۆڕاگری و قەهرەمانی و داستان تۆمارکردی، سوپاسیا پێشمەرگێت قەهرەمان دکەم کو د خیلالێ ٢٤ سەعەتادا دوو رێکێت سەرەکی ڤەکردن بۆ رزگارکردنا ڤان قەهرەمانا لسەرێ چیایێ شەنگالێ، رێکا رەبیعە شەنگال و رێکا زومار شەنگال. ئەڤە ب هەمی پێوەرا داستانەکا مێژوویی بوو کو هاتیە تۆمارکردن، و لێرەدا ب پێویست دزانم، ل سەر ڤی چێایێ سەرکەژ سلاڤێت گەرم ب هنێرم بۆ هەمی پێشمەرگێت قەهرەمان، بۆ گەلێ کوردستانێ، و لێرە ئەز د وێ باوەرێ دامە کو گیانێ پاکژێ وان شەهیدا ئەڤرۆ یێ ل سەر سەرێ مە د زڤرن و ل مە کەیف خۆشترن، کو ئەم ئەڤرۆ ل سەرێ چیایێ شەنگالێ، پاش کو هەمی دوژمنێت بەشرییەتێ، دوژمنێت مرۆڤایەتییێ، دوژمنێت گەلێ کوردستانی تێکهاتنە شکاندن، ئەڤرۆ ئەوێت بەرهەمێ خوینا خۆ دبینن، ئەمیش ب سایا سەرێ خوینا وان ب سەربەرزی و ئازادی دهێین و دچین. بەرنامە بۆ مە، بەرنامەیەکی زۆر زۆرێ گرنگ بوو، بژل لوێ کو بەرنامەیەکێ نەتەوەیی بوو، بەرنامەیەکێ مرۆڤایەتی بوو، بەرنامەیەک بوو کو کەرامەتا بەشەکێ عەزیز ل ملەتێ مە، کو کەرامەتا هەمی ملەتێ مەیە، جارەکا ڤەگەرێتەڤە و ئەو باوەری ب خۆ جارەکا دی ڤەگەرێتەڤە.

سوپاس بۆ خودێ، کو یەک بوو ل ئاواتێت من د ژینا من دا، کو ئەز بێم ل سەر چیایێ شەنگالێ پیرۆزبایێ ل خوشک و برایێت خۆ بکەم، بێژمێ بیرۆز بیت سەرکەفتن، سوپاسیا پێشمەرگێت قەهرەمان بکەم، بێژمێ سوپاس بۆ قەهرەمانیا ئنگۆ، و سوپاسیا گەلێ کوردستان دکەم بۆ ئەو پشتیڤانیا کو نیشان دای. الحمد لله، رێک هاتنەڤەکردن، ئەو ئابلوقا کو هاتیە دانان ل سەر چیایێ شەنگالێ هاتە شکاندن، و ئەڤرۆش الحمد لله تەمامێ هەمی مەنتیقا یێت هاتیە پاکسازی کردن، و باژێرێ شەنگالێ ب خۆژی د زمنێ بەرنامێ مە دا نەبووە، ئەما بەشەکێ زۆر ل شارێ شەنگالێ ژی یێ هاتیە کۆنترۆل کردن.

ب نیسبەتا مە چ جە نینە کو دەستێ مە بگەهتێ و دەست بپارێزین ل لێدانا ڤان تیرۆریستێت داعش، ئەما جارەکا دێ تەقییما ڤێ مەرحەلێ کەینەڤە و هەمی وەختەکیش پێشمەرگێت قەهرەمان د ئامادەنە بۆ هندێ دەرسێت دی نیشانی هەرچی کەسێ کو بیر ل هندێ بکەتەڤە جارەکا دی تەعەدایەکێ ل ملەتێ مە بکەتن. جارەکا دی ئەز سوپاسیا پێشمەرگێت قەهرەمان دکەم، سوپاسیا خۆڕاگریا ئەڤ خەلکێ قەهرەمان دکەم، کو د نەخۆشترین زروفدا خۆڕاگربوون و پەندا خۆڕاگریێ و قەهرەمانیێ نیشانی هەمی دنیادا، الحمد لله ئەڤە ئەمێت ل سەرێ چیایێ شەنگالێ ڤێ کۆنفرانسا رۆژنامەڤانی دکەین، و ب راستیش کەیفخۆشیا من چ حدود بۆ نینە، هەر هندەیە سوپاس بۆ خودێ، سوپاس بۆ گەلێ کوردستانێ، سوپاس بۆ پێشمەرگەی.

# وێنەکان



پەرستگەی لالش: قوبەی گەورە هی شێخ ئادی یەکەمە و ئەوی بچووکتر زیارتگەی شێخ ئادی دووەمە و ئەوی سێیەم و بچووکتر لە دووەکانی تر زیارتگەی شێخ موسە.



میر تەحسین بەگ: میری ئێزدییەکانی جیهان



خرتۆ حاجی سمایل: "بابە شێخ"ی ئێزدییەکانی جیهان



حازم میر تەحسین بەگ: جێگری میر تەحسین بەگ، میری ئێزدییەکانی جیهان



شێخ شامۆ شێخۆ: شێخی ئێزدییەکان و سەرۆکی بنکەی لالەش لە دهۆک



ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی بەرزی ڕۆحانیەتی ئێزدییەکان و ژمارەیەکی بەرچاو کەسایەتیی ئاینیی ئێزدی، موسڵمان، مەسیحی، کەس و کاری شەهیدان و وەزیر و پەرلەمانتار و بەرپرسانی ئیداری و سەربازیی هەرێمی کوردستان، لەسەر مەزارگەی شەرفەدین لە بناری چیای شەنگال، ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی تەرمی ٦٧ شەهیدی ئێزدی کە بە دەستی تیرۆرستانی داعش شەهید کرابوون بەڕێوە دەبات. پێنج شەممە ٢٠١٥/٨/١٣





ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای ئازادکردنی ناوچەیەکی بەرین لە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە و دەڤەری ڕەبیعە و زوومار و شەنگال لەسەر چیای شەنگال، وتار پێشکەش دەکات. یەک شەممە ٢٠١٥/١٢/٢١



کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە شەنگال
کە مزگێنی ئازادکردنی شەنگالی ڕاگەیاند. ڕۆژی ٢٠١٥/١١/١٣ کاتژمێر ١٠:٣٠



جلوبەرگی سپی لەلایەن ئێزدییەکانەوە پیرۆزە و لە مردن و ژیاندا
بە نیشانەی خاوێنیی دەزانن



وێنەیەک لە جەژنی ڕۆژووی  کوردی ئێزدی



ئاوارە بوونی  کوردی ئێزدی لە شەنگال و دەوروبەری، کاتی پەلاماری داعش
بۆ سەریان لە ٢٠١٤/٨/٣

# سەرچاوەکان

١- کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان جیلوە و مەسحەفا ڕەش نوسینی ئەنستاس ماری کەرمەلی، وەرگێڕانی دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا.

٢- ئێزدییەکان لە مێژووی نەتەوەکەیان دا، سەربەست حسێن، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک).

٣- تاریخ و حیات اجتماعی- فرهنگی کردهای ایزدی، دوکتۆر عوسمان یوسفی، ١٣٩١ تاران.

٤- دەربارەی کوردە ئێزدیەکان- کۆنترین "دەستنوس" بە زمانێکی ئەوروپی لەسەر کورد، بڵاوکردنەوەی بۆ یەکەم جار لەگەڵ پێشەکی پۆل پێردریزی، وەرگێڕانی دوکتۆر هەڵکەوت حەکیم، هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ١٩١٣

٥- "سیاسەتا دەولەتا عوسمانی بەرامبەر کوردێن ئێزدی د سەدێ نوزدێ زاینی" دا، نوسینی دوکتۆر سعید خدیدا، دهۆک ٢٠١٥.

٦- ئایینستان، نوسینی کەریم زەند، سلێمانی ٢٠٠٦، چاپخانەی ئەزمڕ.

٧- ڕوناهی زەردەشت، نوسینی فەلەکەدین کاکەیی، هەولێر ٢٠٠٨، چاپخانەی ڕۆکسانا.

٨- شەرەفنامە، نوسینی شەرفخانی بدلیسی بە زمانی فارسی و وەرگێڕانی مامۆستا هەژار موکریانی.

٩- مێژووی دراوسێەکان لە سیاحتنامەی ئەولیا چەڵەبی، ترجمە فاروق کیخسروی، انتشارات صلاح الدین ایوبی.

١٠- کازیوە ساڵح لە زنجیرە وتارێکدا.

١١- وتووێژی ژمارەیەک کارناس لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

١٢- تێکستی دوو کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەش.

١٣- وتووێژی ڕاستەوخۆم لەگەڵ ٣٥ زانای ئایینی ئێزدی و بەشدار لە ڕووداوەکاندا.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١- بادانەوە یان پێچەقاندن.
٢- راپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان.
٣- کوردایەتی و حیزبایەتی.
٤- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی.
٥- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیی دا.
٦- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.
٧- کۆماری دیموکراتی: ئایدیۆلۆژی، ستروکتور، ستراتیژی، تاکتیک و کردەوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK. ٦ جار چاپکراوەتەوە. جارێک بە زارەوەی کرمانجی سەروو
٨- کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان.
٩- راستییەکان بۆخۆیان دەدوێن.
١٠- کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزران و بەڕێوەبردنی، بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسی رەباتی، نەوزاد وەلی، مستەفا ئایدۆغان و ڤیلدان تانریکلو.
١١- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا.
١٢- باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا.
١٣- چەککردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩.
١٤- رۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی یەکەم.
١٦- رۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی دووەم.
١٧- کورد لە سوید- لە مێژووی ٢٥ ساڵەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان دا.
١٨- چەواشەکەرانی مێژووی کوردستان.
١٩- ئیدریس بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسێن.
٢٠- میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی رێزلێنان، بەرگی یەکەم
٢١- میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی رێزلێنان، بەرگی دووەم
٢٢- ئەحمەد تۆفیق- سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا.
٢٣- کوردی ئێزدی لە مێژووی کوردستان دا.

## ئەو بەرهەمانەی نوسەر کردوویەتە کوردی

١- مەکسیکی: نوسینی جەک لەندەن.
٢- مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەر نییە: نوسینی عەزیز نەسین.
٣- کوردەکان: نوسینی حەسەن ئەرفەع، چاپی دووەم.
٤- کورد تورک عەرەب: نوسینی سیسیل جۆن ئیدمۆندس، چاپی سێیەم
٥- مێژووی شارستانییەت: نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت.
٦- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: نوسینی سیامەک ستودە.
٧ بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: جەمیل حەسەنلی.

## ئەو بەرهەمانەی نوسەر کە کراون بە فارسی

١- کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢-١٩٤٦/١٢/١٧"جمهوری کردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧"، حەسەن ماوەرانی.
٢- تراویکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد "سراب توطئەها بر ضد ملت کرد"، حەسەن ماوەرانی.